WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20 30ی بەفرانباری 2713 (750) دینار

## 66 ئێزدی کاندیدی پەرلەمانی نوێی عێراقن

**رووداو– دهۆک**

پێدەچێت ئەمجارە ئێزدییەکان دەرگای بەختیان بەڕوودا کرابێتەوە، چونکە بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق 66 ئێزدی لە پارێزگای مووسڵ و دهۆک لەسەر لیستی حیزبەکان کاندید کراون، لەوانەش 28 کەسیان لەلایەن پارتییەوە کاندید کراون. یەکێتیش لای خۆیەوە لە سنووری پارێزگای مووسڵ 22 کەسی لە ئێزدییەکان کاندید کردووە.

خەیری شنگالی جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە مووسڵ کە خۆی ئێزدییە و یەکێکە لە کاندیدەکان، پێیوایە دانانی ئەو ژمارە زۆرە لە کاندیدی ئێزدی قازانجی بۆ لیستەکەیان هەیە، بەڵام گوتی "ئەوە لە بەرژەوەندی ئێزدییەکاندا نییە، هەتا رێکخستنەکانی ئێمە و پارتیش لەو ژمارە زۆرە رازی نین".

سەربەست باپیری، بەرپرسی لقی شنگالی پارتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان چاویان لەوەیە کۆتای ئێزدییەکانیش بە دەستبهێنن و دەڵێت "لە شنگال 32 کەسمان کاندید کردووە کە 25یان ئێزدین".

لە خولی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەراندا یەک ئێزدی لەسەر لیستی یەکێتی پەرلەمانتارە و لەسەر لیستی پارتیش پێنج کەس.

« 7



داهێنەری دڵی دەستکرد کوردە

10

شەمەندەفەرەکە بە 6 ملیار دۆلار دەگاتە سلێمانی

2

د.محەممەد ئەحمەد:

حکومەتی بنکەفراوان بەمانای کۆتایی رێککەوتنی ستراتیژییە

20

مالیکی:

# زەمانەتمان وەرگرت بەبێ بەغدا نەوت نەفرۆشن

نێچیرڤان بارزانی:

# باسی زەمانەت نەکراوە

« 3




REKLAM




ئاسیاسێل باشترین خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی خێرا پێشکەش دەکات بە گونجاوترین نرخ کە لە ١,٥٠٠ دینارەوە دەست پێدەکات بۆ پاکێجی رۆژانە کە ئینتەرنێت پێشکەش دەکات تا ٢٤ کاتژمێر. بۆ بەشداریکردن، کۆدی پاکێجەکە بنێرە بۆ ژمارە ٣٠٦٦

| جۆری پاکێج | کۆدی پاکێج | قەبارەی پاکێج | نرخ/دینار | ماوەی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| رۆژانە | ١ | ١٥ مێگابایت | ١,٥٠٠ | ٢٤ کاتژمێر |
| هەفتانە | ٢ | ١٠٠ مێگابایت | ٦,٠٠٠ | ٧ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 250MB | ٣ | ٢٥٠ مێگابایت | ١٢,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 1GB | ٤ | ١ گێگابایت | ٢٥,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 2.5GB | ٥ | ٢,٥ گێگابایت | ٣٥,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنێتی بەشداریکردنی هێڵەکانی پۆست پەید سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێل بکەن: www.asiacell.com

/AsiacellConnect

خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١٣١/١١١ www.asiacell.com

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20



## حاجییەکی کورد تا ئێستا لە سعودیە نەگەڕاوەتەوە



**ڕووداو — هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەکاونتەکەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردوەتەوەە کە "حاجی سەید ئیبراهیم، یەکێک لە حاجیانی کوردستان لەوەرزی حەجی ساڵی ڕابردوو، لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لەشاری مەککە دووچاری ڕووداوێکی هاتوچۆ بووە، بەهۆی سەختی برینداریییەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکراوە و لەو ڕۆژەوە تائێستا لە سعودیەیە". هەروەها دەڵێت "ئەو حاجییە چاوی کردووەتەوە، بەڵام توانای جوڵەی نییە".

# شەمەندەفەرەکە بە 6 ملیار دۆلار دەگاتە سلێمانی

**فازڵ نەجیب**
**ڕووداو- سلێمانی**

کۆمپانیای فاروق گرووپ هێڵی شەمەندەفەری کەرکووک- سلێمانی جێبەجێ دەکات.

بەڕێوەبەری گشتی "کۆمپانیای فاروق گرووپ" بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەری کەرکووک- سلێمانی کە لە قۆناغی یەکەمدا 2 ملیار دۆلاری تێدەچێت و لەمساڵدا پڕۆژەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هێڵی شەمەندەفەری کەرکووک- سلێمانی نزیکەی 110 کیلۆمەترە، کۆمپانیایەکی هەنگاری دیزاینی کردووەو بڕیارە جارێکی دیکە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. فاروق مەلا مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی "کۆمپانیای فاروق گرووپ" باسی ئەوەی کرد کە "پڕۆژەیەکی ستراتیجی گەورەیە و لە یەککاتدا بۆ گواستنەوەی هاووڵاتی و کاڵاو کەرەستە بەکاردەهێنرێت و بەوەش ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل ئەو لۆدە زۆرەی لەسەر نامێنێ. بڕیارە لە قۆناغی دووەمدا هێڵەکە بگەیەنرێتە شارۆچکەی پێنجوێن و بە تەواوبوونی نزیکەی 6 ملیار دۆلاری تێدەچێت و هەزاران دەرفەتی کار بۆ خەڵکی کوردستان دەڕەخسێنێ".

پڕۆژەکە پاڵپشت بە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4)ی ساڵی (2006) ئاماژە بە کۆبوونەوەی (21)ی ئەنجوومەنی وەزیران و لە ڕۆژی 4ی تشرینی یەکەمی 2013 بە ئیمزای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندی لەسەر دراوە. فاروق مەلا مستەفا باسی ڕۆڵی ئیجابی پارێزگاری سلێمانی کرد و گوتی کە پڕۆژەکە بەشێوەی هاوپشکی دەبێت و داواشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە تێیدا بەشدار بن. گوتیشی " لەگەڵ 3 کۆمپانیای گەورە قسەم کردووە بۆ دروستکردنی هێڵەکە، دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقیش قسە بکەم و مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەو جوتیارانەشی زەویەکانیان بەر پڕۆژەکە دەکەوێت لەبەرچاو گیراوە".

## ئەمڕۆ لیژنەکە دەستبەکار دەبێت

# بارزانی لیژنەیەک لەسەر ڕاپۆرتێکی (ڕووداو) پێکدەهێنێ



بە ملیار دینار پارە بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی مۆدێل نوێ خەرجکراوە

ڕووداو پەردە لەسەر گەندەڵی و پارەکێشانەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە لادەبات

پارەی نەسریە و خەرجییەکان وەکو

ساڵی 2012 بڕی یەک ملیار و 154 ملیۆن دینار

"پێشمەرگە پارەی نییە بگەڕێتەوە ماڵەوە"

**ڕووداو- هەولێر**

بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی (ڕووداو) پێکهێنراوە کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە باس لە گەندەڵی و پارە کێشانەوە دەکات لە وەزارەتی پێشمەرگە، سەرۆکی لیژنەکەش دەڵێت "سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر جدییە لەسەر ئەو بابەتە".

هەفتەنامەی (ڕووداو) لە ژمارەی ڕابردوویدا بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتێکی فەرمانگەی چاودێریی دارایی وەزارەتی پێشمەرگە و چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمانگەکانی ئەو وەزارەتە، ئاشکرای کرد کە چەندین گەندەڵی و پارە کێشانەوە لەو وەزارەتەدا، لە خەرجکردنی نەسریەی مانگانەی پێشمەرگە و پڕۆژەکانی وەزارەت و خەرجکردنی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەو هەروەها بوونی لیژنەی وەهمی بۆ خەرجکردنی پارە هەبووە.

ئەو ڕاپۆرتە کە کاردانەوەیەکی میدیایی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی هێنایە سەرخەت کە هاوکات فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە و داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی کرد. د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) کە شەوی سێشەممە بڵاودەکرێتەوە، ڕایگەیاند کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێناوە. فوئاد حوسێن گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای نیگەرانی لەو دۆخە، فەرمانی کرد لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت".

ئەو لیژنەیە بە سەرۆکایەتی د.ئازاد مەلا فەندی، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئەندامێتی دوو دادوەری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێنراوە.

ئازاد مەلا فەندی، سەرۆکی لیژنەکە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پێکهێنانی لیژنەکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "ڕۆژی یەکشەممە 19/1/2014 فەرمانی پێکهێنانی لیژنەکەمان بەدەستگەیشت و ئەمڕۆ (دووشەممە 20/1/2014) لیژنەکە دەست بەکارەکانی خۆی دەکات". ئازاد مەلا فەندی، پێشتریش سەرۆکایەتی چەند لیژنەیەکی کردووە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێکهێنراون، لەوانەش لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. ئازاد مەلا فەندی گوتی "ئێمە زۆر بە جدی کار لەسەر زانیارییەکانی ئەو ڕاپۆرتە دەکەین کە لە (ڕووداو) بڵاوکراوەتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش زۆر جدییە لەسەر ئەو بابەتە". بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستی (ڕووداو) دان، لە وەزارەتی پێشمەرگە "ئیختیلاس" و زێدەڕۆیی لە خەرجکردنی بودجەی وەزارەتدا کراوە و بەرپرس و فەرماندەکانی پێشمەرگە پارەیەکی زۆریان بەناوی نەسریەی مانگانە وەرگرتووە و هەندێک لەو لیژنانەی بۆ خەرجکردنی پارەی مانگانەی فەوج و لیواکان تەرخانکراون "وەهمین" و ئاگایان لە چۆنێتی خەرجکردنی ئەو پارانە نییە. لەلایەکی دیکەوە، (ڕووداو) زانیویەتی کە هەر دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوەی بە بەرپرسە باڵاکانی وەزارەت کردووە و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی دزەکردنی ئەو ڕاپۆرتە لە وەزارەتەکەیان و ئەو کەسەی بەڵگەنامەکانی داوەتە (ڕووداو).

پێشتر جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی کەناڵی (ڕووداو)ەوە ڕایگەیاند کە خۆی داوای لە فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتەکەی کردووە لێکۆڵینەوە لە خەرجییەکانی مانگانەی لیواکانی پێشمەرگە بکات. جەبار یاوەر هەروەها گوتیشی کە دوای ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بە دەستگەیشتووە، فەرمانگەی یاسایی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بەپێی یاسا ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە دەستیان هەبووە لەو گەندەڵیانە، بەڵام ئامادە نەبوو ئەنجامی کۆتایی کارەکە ئاشکرا بکات و داوای کرد کە هەفتەنامەی (ڕووداو) سەردانی بکەن بۆئەوەی ئەنجامی ڕێکارە یاساییەکانیان بۆ بخاتەڕوو، بەڵام (ڕووداو) چەندین جار پەیوەندی پێوەکرد و وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە. جەبار یاوەر گوتی کە ئەو لە مانگی تەمموزی ڕابردوو داوای لێکۆڵینەوەی لە زانیارییەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتە کردووە، بەڵام وادیارە تا ساتی بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەش لە (ڕووداو) هیچ جۆرە ڕێکارێک نەگیرابووە بەر. ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە کە دوای جەبار یاوەر میوانی بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی کەناڵی (ڕووداو) بوو، ڕاشکاوانە جەبار یاوەری بەوە تۆمەتبار کرد کە دزەی بەو بەڵگەنامانە کردووە کاتێک گوتی "ئەو خۆی ڕاپۆرتەکەی داوەتە ئێوە".



حەبیبە خدر



شنە محەممەد

## 2 ژن دەڵێن پزیشک لێیداون

# سکاڵا لەسەر پزیشکێکی قەڵادزێ تۆمار دەکرێت

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

دوو ژنی دانیشتووی گەڕەکی شەهیدان لە شارۆچکەی قەڵادزێ، دەڵێن لە کاتی منداڵبووندا سەرەڕای ئەوەی کەمتەرخەمییان بەرامبەر کراوە، پزیشکی ژنان و منداڵبوونیش لێیداون و یەکێک لەو ژنانەش سکاڵای لەسەر پزیشکەکە تۆمار کردووە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەو ژنانە دراوە، بەڵام دەڵێت "بە ئەنقەست نەبووە".

شنە محەممەد، 19 ساڵ، شەوی 10/1/2014 بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی دەبرێتە نەخۆشخانەی قەڵادزێ. شنە کە ژنی ماڵەوەیە، نەخۆشی یەکێک لە پزیشکە ژنەکانی نەخۆشخانەی قەڵادزێ بووە، دوای ئەوەی سەردانی نۆرینگەکەی دەکات، پێیدەڵێت هێشتا کاتی منداڵبوونت ماوە. بەڵام ئەو دەچێت بۆ نەخۆشخانەی گشتی. بەپێی گوتەی شنە، لەوێ هیچ گوێی پێنادرێ و پزیشکەکە بە سستەرەکانی دەسپێرێ و کاتێک بارودۆخی تەواو تێکدەچێت، سستەرەکان پەیوەندی بە پزیشکەکەوە دەکەن کردووە و ئاگاداری دەکەنەوە، بەڵام دەڵێت "دکتۆرە کە هات دەستی کرد بە لێدانم و پرچی ڕاکێشام و زللەی لێدام، بە حیسابی خۆی بۆ ڕزگارکردنی منداڵەکە وای لێکردووم، بەڵام زۆر خراپ لێیدام، شوێنی لێدان بە جەستەمەوە دیار بوو، ئەوە جگە لەوەی لە کاژێر 1ی شەو تا 12ی نیوەڕۆ لە نەخۆشخانە بووم و بەدەممەوە نەهات، لەکاتێکدا هەموو سەرە مانگێک چوومەتە نۆرینگەکەی".

تەنیا 2 ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، هەمان پزیشک لە هەمان نەخۆشخانە ئەمجارە ڕەفتارەکە بەرامبەر حەبیبە خدر، 38 ساڵ، دووبارە دەکاتەوە. حەبیبە بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ پیاوەکەم چوومە عیادەی ئەو پزیشکە و پشکنینی بۆ کردم، گوتی منداڵت نابێ جارێ، فشاری خوێنت بەرزبووەتەوە، حەبێکی دامێ بەڵام هەر کە گەیشتمەوە ماڵەوە ژانی منداڵبوونم گرت و بەپەلە چوومە نەخۆشخانە، گوتیان منداڵەکەت مردووە، دوای یەک کاژێر و نیو ئینجا پزیشکەکە هات و دەستیکرد بە چڕنووک گرتن لە جەستەم و هەموو گیانمی ڕەش و شین کردەوە. هەندێک شوێنم خوێنی لێهات بۆ ئەوەی منداڵەکەم بێتەدەرەوە، کاتێک هاتەدەرەوە سەری تەقیبوو، زیاتر لە 4 کاژێری خایاند تا ڕزگارم بوو". حەبیبە گوتی "لەبەرامبەر کەمتەرخەمی ئەو پزیشکە و ئازاردانم سکاڵامان تۆمار کردووە، منداڵەکەمان ناردووە بۆ پشکنین و بەهیچ شێوەیەک لێی خۆش نابم".

محەممەد حەسەن، هاوسەری حەبیبە دەڵێت "لەنەخۆشخانە جگە لە پۆلیس و ئاسایش کەس هاوکاری نەکردین، بۆیە سکاڵاکەمان ناکێشینەوە و دەبێت لە ڕێگای یاساوە مافەکانمان بەدەستبێنین، بیستوومانە ئەو پزیشکە ڕایکردووە و دەوام ناکات، بەڵام ئێمە لەڕێی ڕووداوەوە ڕایدەگەیێنین کە گرفتمان لەگەڵی نییە و با دەوامی خۆی بکات. هیچی پێناڵێین تەنیا لە ڕێی یاساوە مافی خۆمان وەردەگرینەوە".

چیرۆکی هەردوو ژنەکە لەیەکدی نزیکە، هەردووکیان منداڵەکەیان کوڕ بووە و دووەم منداڵیان بووە، هەردووکیان دەڵێن ئەو پزیشکە (تەبەڵە)ی شاردوونەتەوە کە هەموو پشکنینەکانی تێدابووە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێش ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە "تەبەڵەکانی هەڵگرتوون، بەڵام نەیبردوونەتەوە ماڵەوە، لە نەخۆشخانەن و پۆلیس داوای تەبەڵەی ئەو ژنەی کردووە کە سکاڵای تۆمار کردووە، ژنەکەش ڕاینەکردووە و دەوامی خۆی دەکات".

عەلی هەمزە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە 2 حاڵەتی مردنی منداڵ هەبووە، بەڵام پزیشکەکە کەمتەرخەم نەبووە، یەکێکیان لە حاڵەتی کۆتایی منداڵبوونەکە درکە پەتک لە ملی منداڵەکە ئاڵاوە و پزیشکەکە لەوێ بووە. ئەوەی دووەم سکاڵایان هەیە و ئەوان لەوە نیگەرانن کە چووەتە عیادەکەی و نەیناردووە بۆ نەخۆشخانە بۆیە سکاڵایان تۆمار کردووە". گوتیشی "یەکێک لە منداڵەکان نێردراوە بۆ پزیشکی دادی سلێمانی و چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادین، هەروەها حاڵەتی لێدان هەبووە، بەڵام لە ڕق و کینەوە نەبووە، بەڵکو شتێکی زانستییە و دەبێت ژن لەکاتی منداڵبوون هێز بداتە بەر خۆی، بۆ ئەوەی منداڵەکەی ببێت، دیارە شوێنەواری لێدان هەبووە، بەڵام لێدانەکە تەنیا بۆ ئەوە بووە منداڵەکان ببن".

## پێشتر لەو شوێنە سەگی هار منداڵێکی گەستبوو

# لە هەولێر مەلۆتکەیەکی تەمەن 2 ڕۆژە فڕێدەدرێت

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"کاژێر نزیکەی 11ی شەو بوو، دەنگی گریانی منداڵێک لە ژێر دیوارێک دەهات، پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کرد تاوەکو بە هانای منداڵەکەوە بێن، کەمتر لە نیو کاژێری خایاند پۆلیس گەیشتنە شوێنەکە و منداڵەکەیان برد". ئەگەر ئەو هاووڵاتییە نەبووایە ڕەنگە ئەو منداڵە ببووایە خۆراکی سەگە هار و بەرەڵاکان.

شەوی 18/1/2014 پۆلیسی شارەوانی هەولێر لە گەڕەکی باداوای شاری هەولێر لە نزیک سیمی خاتوناوا مەلۆتکەیەکی کچیان هەڵگرتەوە کە تەمەنی تەنیا دوو ڕۆژ بوو.

ئەو منداڵە تاوەکو ئێستا خاوەنی نییە و ئێستا لەلای یەکێک لە پۆلیسەکانی شارەوانییە، ئەو پۆلیسە چاوەڕێی ڕەزامەندی دادگا دەکات تاوەکو بەخێوی بکات.

ئەمە یەکەمجار نییە لە هەولێر منداڵ لەلایەن دایک و باوک و کەسوکاریانەوە فڕێ دەدرێن، تاوەکو ئێستا دەیان کەیسی لەو شێوەیە لەلایەن پۆلیسی شارەوانییەوە تۆمارکراون.

ئەو منداڵانە دوای دۆزینەوەیان، ئەگەر خاوەنیان بۆ پەیدا نەبوو، ئەوا بەپێی ڕێوشوێنێکی یاسایی و بە بڕیاری دادگەی نەوجەوانان دەدرێتە ئەو خێزانانەی کە منداڵیان نابێت.

ڕائید فەخرەددین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەو مەلۆتکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "شەوی 18ی ئەو مانگە کاژێر یازدە و نیوی شەو بوو، لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاگادار کراینەوە کە منداڵێک لەو شوێنە فڕێدراوە، ئێمەش چووینە شوێنەکە و منداڵەکەمان هەڵگرتەوە، ئێستاش لەلایەن هاووڵاتییەکی شاری هەولێرەوە بەخێودەکرێت".



ڕائید فەخرەدین، لەگەڵ مەلۆتکە تەمەن دوو ڕۆژییەکەدا (فۆتۆ: ڕووداو)

بەپێی قسەی پۆلیس، ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێ دۆزراوەتەوە شوێنێکی چۆڵ بووە کە پێیدەگوترێ سیمی خاتوناوە لەگەڕەکی باداوا، لەو شوێنە ژمارەیەکی زۆر سەگی بەرەڵا هەن کە مەترسین بۆ سەر گیانی منداڵان، نەخاسمە مەلۆتکەیەک کە تەمەنی تەنیا 2 ڕۆژ بووە.

ڕائید فەخرەددین نووری، گوتی "کاتێک چوومە سەر منداڵەکە، دیاربوو زۆر گریابوو، تەنیا دەموچاوی دیاربوو، کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕابوون لە سەرمان، دەموچاوی تەزیبوو، منیش خێرا بەتانییەکم لێ ئاڵاند و هەڵمگرت". سەبارەت بە باری تەندروستی منداڵەکەش ڕائید فەخرەدین گوتی "باری تەندروستی منداڵەکە زۆر باشە". ساڵی ڕابردوو لەو گەڕەکە، منداڵێکی تەمەن 6 ساڵان لەلایەن سەگێکی هار گازی لێگیرابوو، دوای 18 ڕۆژ منداڵەکە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. دواتر دایک و باوکی منداڵەکە سکاڵایان لەسەر وەزارەتی تەندروستی تۆمارکرد و کارمەندانی تەندروستییان بەوە تۆمەتبار کرد کە وەکو پێویست منداڵەکەیان چارەسەر نەکردووە".

وشیار کەریم، کارمەندی پۆلیسی شارەوانی کە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکەی گرتووەتە ئەستۆ، منداڵەکەی لە بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی وەرگرت و ماچێکی لە منداڵەکە کرد و پاشان منداڵەکەی دایە دەستی هاوسەرەکەی. کەریم گوتی "دەچمە دادگا هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان تەواو دەکەم، ئەگەر دادگا ڕێگەم پێبدات وەکو منداڵی خۆم بەخێوی دەکەم".

ڕائید فەخرەدین گوتی دوای دۆزینەوەی ئەو منداڵە چەندین کەس پەیوەندییان پێوە کردووە کە منداڵەکەیان بدەنێ، بەڵام دەڵێت منداڵەکە لەلای کارمەندێکی خۆمانە و ئەگەر دادگا بڕیاری دا منداڵەکە بۆ ئەو بێت، ئەوا هەر لای ئەو دەبێت.

لەلایەن هەندێک لە خێزانەکانی هەرێمی کوردستانەوە، زیاتر گرنگی بە کوڕ دەدرێت وەکو لە کچ، بۆیە بەشێک لە باوکان هەڕەشە لە خێزانەکانیان دەکەن کە دەبێ کوڕیان ببێت نەک کچ، لەکاتێکدا بەپێی زانستی بایۆلۆژی پیاوان بەرپرسن لە دیاریکردنی جۆری ڕەگەز. زۆربەی ئەو منداڵانەی تاوەکو ئێستا فڕێدراون و هەڵگیراونەتەوە کچن. بۆیە پێدەچێت گوناهی ئەو منداڵەش تەنیا هەر ئەوە بووبێت کە کچە.

## نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستان باسی زەمانەت نەکراوە

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە شاری بەغدا کە ئەو جارەش نەگەیشتنە ئەنجام، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)دا گوتی کە بۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستان "باسی هیچ زەمانەتێک نەکراوە". ڕەخنەش لە حکومەتی عێراق دەگرێ و دەڵی "ئەو بودجەیەی ئێستا لە پەرلەمانی عێراقە بەهیچ شێوەیەک قابیلی قبووڵ نییە". دەربارەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، نەیشاردەوە کە "کارەکە ئاسان نییە" و گوتی "من ناتوانم بڵێم حکومەت لە فلان کاتدا پێکدێ".

هیڤیدار ئەحمەد

ڕووداو - بەغدا

- زۆر بە ڕاشکاوانە بە بەغدامان گوت زمانی هەڕەشە قبووڵ ناکرێ
- نزیککردنەوەی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم کارێکی ئاسان نییە
- ناتوانم بڵێم حکومەت لە فلان کاتدا پێکدێ

### سەردانی بەغدا و کێشەی نەوت و بودجە

**ڕووداو: بۆ کەیسی نەوت و بودجە سەردانی بەغداتان کرد، گەیشتنە چ ئەنجامێک؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەمە سەردانی یەکەممان نییە بۆ بەغدا، پێشتریش سەردانمان هەبووەو هاتووینەتە بەغدا. ئامانجی ئێمە لەم سەردانانە ئەوەیە بگەینە چارەسەرێک لەسەر مەسەلەی نەوت.

ئەوەی لەو کۆبوونەوانە لەبەغدا بینیمان هەم لایەنی جەنابی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەم دکتۆر شەهرستانی و ئەو شاندەی لەگەڵیدا بووین و دانیشتین، بەڕاستی ڕەغبەتێکی جددی دەبینین بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێک. ئەو ڕەغبەتە هەم لە بەغدا هەیە و هەم لەلایەن ئێمەشەوە بە تەئکید هەیە. بەڵام ئەم پرۆسەیە بە یەک دانیشتن یان بە دوو دانیشتن ناگاتە چارەسەر. ئەمڕۆ ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری خۆمان بۆ چارەسەر خستە بەردەم بەغدا، بڕیار وایە لە ڕۆژانی ئایندە ئەوان دیراسەتی پێشنیارەکانی ئێمە بکەن و دوای ئەوە دیسان دانیشتنێکی دیکە دەکەینەوە.

ئەوەی کە گرنگە، ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە بەردەوام دەبێ و بەهیوای ئەوەین بگەین بە ئەنجامێک کە هەم لە بەرژەوەندی بەغدا و هەم لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا بێ.

**ڕووداو: پێش سەردانی شاندی کوردی، هەریەک لە نوری مالیکی، حوسێن شەهرستانی و وەزیری نەوتی عێراق هەڕەشەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەمەتان لەگەڵ بەغدا باسکرد؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** زۆر بە ڕاشکاوانە پێمانگوتن، گوتوومانە زمانی هەڕەشە قبوڵ ناکرێ و لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیش نییە. نە لەبەرژەوەندی بەغدایە بەهەڕەشە قسە بکات و نە بەرژەوەندی هەولێریش لەوەدایە بە هەڕەشە قسە بکات. چونکە ئەمە کێشەیەک نییە بە هەڕەشەکردن چارەسەر بکرێ. بەڵکو پێویست بەوە دەکات کە بە دانیشتن و گفتوگۆ بگەینە چارەسەرێک. من ئەو ڕەغبەتە دەبینم کە دەیانەوێ حەلێک بدۆزنەوە. بەڵام لەوەش تێدەگەم کە ئەم چارەسەرە ئاسان نییە. مومکینە کۆبوونەوەی دیکە پێویست بێ بەهیوای ئەوەی بگەینە ئەنجام.

**ڕووداو: بەبێ بەغدا هەرێمی کوردستان نەوت دەفرۆشێ؟ چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاندووە کە کۆتایی ئەم مانگە نەوتی کوردستان لە ڕێگەی تەندەرەوە دەفرۆشین.**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین کە بگەینە چارەسەرێک لەگەڵ بەغدا. ئامانجی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەمانەوێ بگەینە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ بەغدا لەمەسەلی نەوت.

**ڕووداو: نەوت بەبێ بەغدا دەفرۆشن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** پرۆپۆزەلی خۆمان پێشکەشی بەغدا کردووە، چاوەڕوانی ئەوەین ئەوان بەفەرمی وەڵامی ئێمە بدەنەوە، بەتەئکید کۆبوونەوەی دیکەمان دەبێ لەگەڵیان. هیوادارین لەو کۆبوونەوانە بگەینە ئەنجام.

**ڕووداو: ئەگەر لەمەسەلەی نەوت گەیشتنە ئەنجام کێشەی بودجەش چارەسەر دەبێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بودجە لەسەر ئێمە ڕانەوەستاوە، ئەو بودجەیەی ئێستا چووەتە پەرلەمانی عێراق ئەوە لای ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان قابیلی قبوڵ نییە. کۆمەڵێک ئیجرائاتیان تێدا داناوە بۆ هەرێمی کوردستان کە بە توندی ڕەتی دەکەینەوە. ئێمە هیوادارین کە بەو تەفاهومەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە بگەینە ئەنجام و بودجەش لە پەرلەمان تێپەڕێ.

**ڕووداو: هیچ زەمانەتێکتان داوە بە بەغدا کە نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ بەغدا هەناردە ناکرێ و نافرۆشرێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** هیچ زەمانات و قسەی وا نەکراوە. زەمانیش نەدراوە بە هیچ لایەنێک. باسمان لەوە کردووە کە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتن لە بەینی ئێمە و بەغدا چی دەبێ. ئەوان کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن و بەنووسین وەڵامی ئێمە دەدەنەوە، ئێمەش بەنووسین وەڵامیان دەدەینەوە. ڕەغبەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە بگەینە لێکتێگەیشتنێکی ڕێکوپێک لەگەڵ بەغدا.

### پێکهێنانی حکومەتی نوێ

**ڕووداو: چوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕی و هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکنەهێنراوە، بۆچی؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** جارێ چوار مانگ نییە، دەبێ لەو ڕۆژەوە هەژماری بکەن کە کۆمیسیۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند. کابینەی هەشتەم جیاوازی هەیە لەگەڵ کابینەکانی دیکە. پێشتر ئێمە دوو لایەن بووین لەگەڵ هەندێ لایەنی دیکە بەئاسانی دەمانتوانی وەزارەتەکان، پۆستەکان لەبەینی خۆمان دابەشبکەین، بە تەئکید ئەمە یەکەم جارە لەم کابینەیەدا کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی نێو هەرێمی کوردستان دەیانەوێ بەشداربن و ئێمەش زۆر پێمان باشە کە هەموو لایەنێک بەشداری بکات لە حکومەت. دیارە ئەم مەسەلەیە وادەکات کە هەم لە مەسەلەی بەرنامەی حکومەت و هەم لەمەسەلەی پۆستەکان زیاتر قسەی لەسەر بکرێ. هەوڵی ئێمە زیاتر ئەوەیە کە بگەین بە ئەنجامێکی هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەنەکان.

ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە شتێک پێشکەش بکەین، وەرەقەیەک پێشکەش بکەین و بڵێین ئەمە دوا بڕیاری ئێمەیە. هەوڵی ئێمە زیاتر بۆ ئەوەیە لایەنەکان لەیەکدی نزیک بکەینەوە بۆ ئەوەی بگەین بە لێکتێگەیشتن. دیارە ئەم نزیککردنەوەیەش کارێکی ئاسان نییە چ لە مەسەلەی پۆستەکان چ لەمەسەلەی بەرنامەی حکومەت. یەعنی کاتی دەوێ و ئێمەش لەسەر خەتین لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان. هیوادارین بتوانین بگەین بە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش.

**ڕووداو: کابینەی هەشتەم کەی پێکدەهێنرێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** من ناتوانم بڵێم حکومەت لە فلان کاتدا پێکدێ. بەڵام گفتوگۆ و دانوستانەکانی ئێمە لەگەڵ لایەنەکان زۆر بەشێوەیەکی چڕ و جددی بەردەوامە بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجام.

**ڕووداو: هەڵوێستی پارتی لە یەکێتی و بەشدارییان لە حکومەتی داهاتوو چییە، گەیشتنە کوێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە یەکێتی نیشتمانی وەکو هێزێکی هاوپەیمانی خۆمان هەژمار دەکەین و پشتگیری دەکەین بۆ بەشداریی لە حکومەت، ئەوان بڕیاری خۆیان داوە کە بەشداری جددی دەبن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: لەبارەی جێگری سەرۆکی حکومەتی داهاتوو چ بڕیارێکتان داوە و سەرۆکی حکومەت چەند جێگری دەبێت؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** هەتا ئێستا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە، چ جێگری سەرۆکی حکومەت چ سەرۆکی پەرلەمان ئەوانە ئەو پرسانەن کە ئێستا لەگەڵ لایەنەکان خەریکین و قسەیان لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی بگەینە لێکتێگەیشتن. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم پرۆسەکە ئاسان نییە و زەحمەتە، بەڵام کوردستان و ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بە کۆدەنگی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێت. ئەم کۆدەنگییە ئەوەندە ئاسان نییە کە بە چەند دانیشتنێک بگەینە ئەنجام و ئەوە کاتی دەوێت. فکرەی ئێمە ئەوەیە کاتی تەواو بدەین بۆ ئەوەی بگەینە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش، ئێمە دەمانەوێت هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتدا بەشدار بن، یەکێتی نیشتمانی، کۆمەڵ، یەکگرتوو و گۆڕان. ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی وا دروست بکەین کە هەموو لایەنەکان بتوانین لەو چوار ساڵەدا پێکەوە کار بکەین بۆ ئەو پرسە گرنگانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.



(فۆتۆ: ڕووداو)

## نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# شاندەکەی هەرێمی کوردستان گرەنتیان داوە کە بەبێ بەغدا نەوت هەناردە نەکەن

**هیڤیدار ئەحمەد**

**ڕووداو-بەغدا**

تەنیا دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێک لە کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە (ناوچەی سەوز)، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند "ناکرێ لەسەر بەرمیلێک نەوت یان پارە جیاببنەوە".

لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا ئەوە دووەمجارە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات، شاندی یەکەم لە 2013/12/25 بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد و بەغدا پێشنیازێکی خستە بەردەمیان. هەروەها ڕۆژی 2014/1/19 جارێکی دیکە سەردانی بەغدای کردەوە بۆ قسە کردن لەسەر پێشنیازەکەی ڕابردوو، بەڵام ئەمجارەش حکومەتی بەغدا پێشنیازێکی دیکەی خستە بەردەمیان، شاندی کوردیش پێشنیازێکی بۆ بەغدا جێهشت و ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەڕایەوە کوردستان.

### "هەڕەشەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانم نەکردووە"

نوری مالیکی، پێش ئەوەی شاندەکەی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، هەڕەشەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانی کردبوو، بەڵام دوای کۆبوونەوە داخراوەکەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بەشێوەیەکی دیکە هەڵوێستی خۆی لە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان دەربڕی و گوتی "نەمگوتووە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕم، بەڵکو گوتم دەبێ زمانی لێکتێگەیشتن هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا".

نوری مالیکی ئەوەشیگوت "ئایا بودجە لەسەر چ بنەمایەک دادەڕێژرێ، تەنیا پشت بەداهاتی نەوتی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەبەستین بەبێ ئەوەی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان حیساب بکرێ؟". مالیکی دەڵێ "ئەگەر بەو شێوەیە بێ، ئەوا پشکی هەرێمی کوردستان کە 17%یە لە داهاتی نەوتی کوردستان حیساب دەکەین". بەڵام مالیکی داوا دەکات کە بودجەی عێراق "داهاتی نەوتی باشوور و هەرێمی کوردستانیشی تێدا بێ و بودجەی گشتی لێ دروستبکرێ و بەمشێوەیە 17%ی پشکی هەرێمی کوردستانی لێبدرێ".

### "ئەگەر جیا ببنەوە لاواز دەبن"

مالیکی ترسی هەیە کە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە جیاببێتەوە لە عێراق، بۆیە داوا دەکات "عێراق لەسەر سامانی خۆی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە". مالیکی مانەوەی هەرێمی کوردستانی لەچوارچێوەی عێراق بە "گرنگ" وەسفکرد و گوتی "دەبێت هەولێر و بەغدا لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بن".

سەرۆک وەزیرانی عێراق نایشارێتەوە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە ئەوا "لاواز دەبن" و دەڵێ "من دژی هەر جیابوونەوەیەکم لە عێراق کە لەسەر بنەمای نەوت بێ".

مالیکی ڕوو لە کورد دەکات و هۆشداری دەداتە هەرێمی کوردستان کە "جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراق لەسەر بنەمای نەوت لە بەرژەوەندی کورد نییە، بگرە لە بەرژەوەندی عەرەبی سوننە و شیعەش نییە".

بەپێی لێکدانەوەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بودجە یەک پارچەیی عێراق دەپارێزێ "دەمانەوێ بودجەیەک هەبێ لەسەر بنەمای سامانی گشتی بێ، ئینجا ئەوە چ لەهەرێمی کوردستان بێ یان لە باشوور و ئەمەش پێویستی بە سیاقێکی سیاسی هەیە کە دەبێ پشت بە سەروەتی نەوت ببەستین".

### ئەنجوومەنێکی نیشتیمانی بۆ نەوت

دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی پێشنیازێکی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و بودجە لەنێوان هەولێر و بەغدا، نوری مالیکی ئاشکرای کرد کە "دەبێت لەم کاتەدا تاوەکو یاسای نەوت و غاز لە عێراق دەردەچێ، ئەنجوومەنێکی نیشتیمانی بۆ نەوت پێکبهێنرێ کە پرۆسەی دەرهێنان و گرێبەست و فرۆشتنی نەوت هەمووی لە ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە بێت و هەرێمی کوردستانیش نوێنەری هەبێت لە ئەنجوومەنەکە".

### "نابێت لەسەر بەرمیلە نەوتێک جیاببنەوە"

مالیکی داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات کە دەبێ "سامانی گشتی بە دادپەروەرانە دابەشبکرێ و سەقفی دابەشکردنی سامان و سەروەتەکە دەستووری بێت، هەر ناکۆکییەکیش بێتە پێش لەسەر دەستوور بژاردەی دیکەمان هەیە، کە ئەویش دادگای فیدراڵی و قەزایە". مالیکی ڕووی قسەکانی لە کورد کرد و گوتی "ناکرێ لەسەر بەرمیلێک نەوت یان پارە جیاببنەوە".

### "گرەنتیمان لە کورد وەرگرتووە"

لەدرێژەی قسەکانیدا، نوری مالیکی هەندێ لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبووی ئاشکراکرد و گوتی "کۆبوونەوەکە باش بوو، هەرێمی کوردستان بەبێ بەغدا نەوت هەناردە ناکات و بگرە ئەو نییەتەیان نییە". ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "شاندەکەی هەرێمی کوردستان گوتیان گرەنتی دەدەین بەبێ بەغدا نەوت هەناردە نەکەین".

هەرچی حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیشە بۆ کاروباری وزە کە لەسەردانەکەی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دووجار لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبووەوە، تارادەیەک گەشبین بوو بە ئەنجامی سەردانەکە "کەشوهەوای کۆبوونەوەکان ئیجابی بوو، هەموو پێشنیازەکان بە وردی گفتوگۆیان لەسەر کرا".

### "نابێت نەوت هەرزانفرۆش بکەن"

شەهرستانی بە (ڕووداو)ی گوت "برادەرانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە کاتی زیاتر هەبوو بۆ ئەوەی پێشنیازەکانی ئێمە دیراسە بکەن، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی بە ئەنجام گەیشت".

بیرکردنەوەی شەهرستانی دەربارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بیرکردنەوەی مالیکی جیاواز نەبوو "پێویستە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی یەک لایەن بێ، دەبێت نوێنەری وەزارەتی نەوت و هەرێمی کوردستان و ئەو پارێزگایانەی نەوت بەرهەم دێنن و بگرە ئەوانەی نەوتیشیان نییە بەشداربن لەو پرۆسەیە کە میکانزمێکی هاوبەش بیننەوە بۆ فرۆشتنی نەوت".

شەهرستانی باسی فرۆشتنی نەوتی کوردستانی کرد و گوتی "دەبێ نەوت بەباشترین نرخی جیهان بفرۆشرێ و تەواوی داهاتەکەش بچێتە سندوقی (DFI)". بە جۆرێک لە هەڕەشەکردنیشەوە گوتی "بەشاندی کوردیمان گوتووە مومکین نییە نەوت هەرزان بفرۆشرێ، ئینجا چ لە هەولێر بێ یان لە بەسرا، دەبێ تەنیا یەک دەستە هەبێ بۆ فرۆشتنی نەوت کە نیشتمانی بێت و دەبێت بۆ فرۆشتنی نەوت بەرامبەر بە جیهان یەک وڵات بین و ئەم پێشنیازەش دەکرێ دەوڵەمەند بکرێت".

شەهرستانی پێشتر داوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی 2014ی عێراق کرد و پێشنیازی کرد کە ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی نەفرۆشێ و داهاتەکەی نەداتە دەست عێراق ئەوا دەبێ لە پشکی17%ەکەی لێی ببڕدرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نێچیرڤان بارزانی پێشنیازی شەهرستانی لە کۆبوونەوەکە ڕەتکردووەتەوە و پێیگوت هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی دەفرۆشێ و پارەکەش لەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ و دوای دەرهێنانی 17% و پارەی کۆمپانیاکان و بودجەی پێشمەرگە ئەوەی دەمێنێتەوە دەدرێتە بەغدا و ئەم پێشنیازەش لەلایەن شەهرستانییەوە قبوڵ نەکرا.

شەهرستانی گوتی "هەرێمی کوردستان لەوە تێدەگەن ئەگەر نەوتی کوردستان هەناردە نەکرێ ئەوکات داهاتی پێویستمان نابێ پشکی هەرێمی کوردستان بدەین، بەڵام ئەگەر هەناردە نەکرا و بیانووەکەش ئەوەبێ کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان بووە، بۆ نموونە تەقاندنەوەی بۆری نەوت، ئەوکات قسەیەکی دیکەی لێدەکەین".

## "هەر پێشمەرگەیەک چەکەکەی بفرۆشێت دەردەکرێت"



**ڕووداو- هەولێر**

ئەنوەر حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "چەک شەرەف و ڕەمزی پێشمەرگەیە و هەر پێشمەرگەیەک چەکەکەی بفرۆشێت، دەردەکرێت". چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لە ڕاپۆرتێکی تۆڕی میدیایی ڕووداودا، چەند پێشمەرگەیەک لەبازاڕی چەکفرۆشانی هەولێر ڕایانگەیاند، بەهۆی بێ پارەیی و دواکەوتنی مووچەکەیانەوە، چەک و فیشەک و مەخزەنەکانیان فرۆشتووە. ئەنوەر حاجی عوسمان گوتی "زۆر بە توندی ئەو شتە ڕەتدەکەینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەکەین، هەر پێشمەرگەیەک چەکەکەی بفرۆشێت بە توندی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەین و دەریدەکەین".

# ئێران داوا دەکات سەرکردەکانی یەکێتی بێ کێشە بچنە ناو کۆنگرەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگ و خواستی دواخستنی کۆنگرە لە نێو سەرکردایەتی و دامەزراوە حیزبییەکانی یەکێتیدا زیاتر دەبێ و هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی وای دەبینن، ئەگەر بەو حاڵەوە بچنە کۆنگرە لە کاتێکدا ئامادەکاریی لیژنەکان تەواو نەبووە و دیاریکردنی یەکێک بۆ سەرپەرشتیی یەکێتی لە نێوان (هێرۆ ئیبراهیم و کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح) یەکلایی نەبووەتەوە، ئەوا ئەو گرفتانە گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبن کە کۆنگرە دەبێ چارەسەریان بکات.

ئەو خواستە لە کاتێکدا بەرفراوانتر دەبێ، کە چەند ڕۆژێکە شاندێکی یەکێتی لە تاران گەڕاونەتەوە، دوای ئەوەی چەند دیدارێکیان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەنجامدا و گفتوگۆیان لەبارەی کۆنگرە و کێشەکانی یەکێتی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ کرد.



تا دێت دەنگ و خواستی دواخستنی کۆنگرە لە نێو سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی یەکێتی زیاتر دەبێت

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### بەستنی کۆنگرە یەکلایی نەبووەتەوە

لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 2013ەوە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستپێکردووە. سەرەتا کۆمیسیۆنێکی باڵا بۆ سەرپەرشتیی کارەکان پێکهات و دواتر 12 لیژنە دروستکران کە لیژنەکان لەگەڵ تەواوی ئۆرگان و ڕێکخستن و مەکتەب و کۆمیتەو مەڵبەندەکان کۆببوونەوە بکەن و ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن. پاشان 2 لیژنەی دیکە زیادکران بەناوەکانی لیژنەی پەرلەمان و حکومەت و لیژنەی گوتاری سیاسی یەکێتی.

نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت بۆچوونی جیاواز لەناو یەکێتی هەیە سەبارەت بەوەی "ئایا کۆنگرە دوابخەن یان لە 1/31 ببیەستن، تەنانەت بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەش کە ئاخۆ لەناو کۆنگرەدا هەڵبژاردن بکرێ یان دوابخرێ بۆ مانگی ئەیلولی داهاتوو".

نەرمین عوسمان کە بۆخۆی سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە، هۆکاری دواخستنی کۆنگرە دەگێڕێتەوە بۆ تەواونەبوونی ئەو ڕاپۆرتانەی بڕیارە لیژنەکان ئامادەی بکەن و دەڵێ "لیژنەکەی ئێمەش هێشتا کارەکانی تەواو نەبووە، دوایین دەرفەتیش بۆ تەواوبوونی کاری لیژنەکان 25ی مانگە".

زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بە دوودڵییەوە دەڕواننە وادەی ئەو کۆنگرەیەی کە ناویان لێناوە کۆنگرەی هەستانەوە و هیواکانیان لەسەر هەڵچنیوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "ئەو ئامادەکارییە لەبەردەستی یەکێتیدا نابێ کە کۆنگرەی پێ ببەستێ، ئەگەر کۆنگرەش دوابخات، جگە لەوەی سەرکردایەتی شەرعیەت لەدەستدەدات، هاوکات گرفتێکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە جۆرێک لە بێ متمانەیی لای ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی دروست دەبێت و پێش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق، میدیاکانی گۆڕان و ئیسلامییەکان سواری شەپۆلەکە دەبن و دەبێتە ڕەخنەیەکی دیکە لەسەر یەکێتی".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، پێیوایە ئەگەر کۆنگرەش ببەسترێ لەکاتی خۆیدا "مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ و سەرپەرشتیاری یەکێتی کێشەیەکی دیکەیە، بەڵام دەبێ ئیرادەی زاڵبوون بەسەر کێشەکانیشدا هەبێ".

### سەری هەڵبژاردن دەخوات

بۆ دواخستنی کۆنگرەکە، بەشێک لە بەرپرسی مەڵبەندەکانی یەکێتی هاتوونەتە سەرهێڵ و نامەیەکیان ئاراستەی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە کردووە کە بەبێ پێچ و پەنا داوا دەکەن: "تکایە با کۆنگرە دوابخرێ بۆ دوای هەڵبژاردنەکان".

بەرپرسی یەکێک لەو مەڵبەندانەی واژووی لەسەر نامەکە کردووە، دەڵێت ئەوان دوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و پەرلەمانی عێراقیان لەپێشە و کاتی کۆنگرەکەیان زۆر خراپە "بۆیە داوامانکردووە دوابخرێ بۆ دوای هەڵبژاردنەکان و نامانەوێ بەهۆی کۆنگرەوە ئامادەکارییەکی خراپمان هەبێ بۆ هەڵبژاردنەکان کە بۆ یەکێتی چارەنووسسازن".

عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێت ڕاستە بۆچوونی جیاجیا هەیە لەبارەی کۆنگرەوە و هەندێک داوای دواخستنی دەکەن "ئێمەش هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانە وەردەگرین، بەڵام دواتر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی ناوەندی تاوتوێی ئەو داواکاری و بۆچوونە جیاوازانە دەکەن و بڕیاری پێویست دەدەن".

ئەو قسانە لەکاتێکدایە کە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کۆنگرەکە بۆ 1ی حوزەیرانی داهاتوو، واتە ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی دوابخرێ.

### پێشنیازەکانی تاران

هەفتەی پێشوو شاندێکی یەکێتی چوونە تاران بۆ چەند دیدارێک و باسکردنی هەندێک تەوەری جیاواز کە بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بەستنی کۆنگرە و شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی و پێکهێنانی حکومەتی لەخۆگرتووە و نێچیرڤان بارزانیش لایەنێکی کۆبوونەوەکان بووە.

بەپێی زانیارییەکان، شاندەکەی پارتی و یەکێتی بە تەنیا کۆبوونەوەیان هەبووە. دواتر هەریەکەیان بە تەنیا لەگەڵ ئێران کۆبوونەتەوەو پاشان هەردوولا پێکەوە لەگەڵ لایەنی ئێرانی کۆبوونەتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا و دواتر نێچیرڤان بارزانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد پێکەوە کۆبوونەتەوە، ئینجا جارێکی دیکە هەردوولا پێکەوە لەگەڵ ئێران کۆبوونەتەوە.

ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، وا دەردەخەن ڕێککەوتنەکە بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی بەو شێوەیە بووە کە: مام جەلال وەک سکرتێری گشتی دەمێنێتەوە و سەرپەرشتیارێک بۆ مەکتەبی سیاسی دەستنیشان دەکرێ، ئەویش د.بەرهەم ساڵحە. مەکتەبی سیاسی لە 9 ئەندام پێکدێ کە هەریەکە لەوان سەرپەرشتی فایلێک دەکات و دوو لەو نۆ کەسەش شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ و قوباد تاڵەبانین.

هەندێ سەرچاوەی دیکە دەڵێن هەرسێ سەرکردە دیارەکە: هێرۆ ئیبراهیم، کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح پێکەوە ئیدارەی یەکێتی دەکەن، بەڵام بەرهەم ساڵح سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بکات.

نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، لەوبارەوە دەڵێ "کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئێرانییەکان زۆر ئیجابی بوون و هەرسێ لایەن، واتە یەکێتی و پارتی و بەرپرسانی ئێران لە کۆبوونەوە و دانوستاندنەکە ڕازی بوون". نازم عومەر ڕەتیدەکاتەوە کە ئێرانییەکان پێشنیازی شێوازی هاوسەرۆکییان کردبێ بۆ یەکێتی و دەڵێت "خۆ ئێستاش هەر بە سیستمی هاوسەرۆکی بەڕێوە دەبرێ، ئێرانییەکان تەنیا داوایان کرد سەرکردەکان لەنێوان خۆیان پێکبێن و بێ کێشە بچنە ناو کۆنگرە و لەوێ ئەو بابەتە یەکلایی بکەنەوە".

ناوبراو پێیوایە کە پێویستە یەکێتی ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە و بیسەلمێنێ بەبێ ئامادەبوونی مام جەلالیش کاری خۆی دەکات و کارەکانی ڕادەپەڕێنێ "ئێران گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی دەدات و ئەو پەیوەندییە چەند ساڵێکە دروست نەبووە تاوەکو ئەوان دەستبەرداری بن".

### پاساو نەماوە بۆ دواخستن

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ کۆنگرە، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتییە، ئایا یەکێتی مۆدێلی بزووتنەوەی گۆڕان دووبارە بکاتەوە و مانگی 9 هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ئەنجام بدات یان لەناو کۆنگرە یەکلایی بکاتەوە. عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "لەناو کۆنگرە هەڵبژاردن دەکرێ"، بەڵام ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرە گوتی "هێشتا ئەو بابەتە هیچ قسەیەکی لەبارەوە نەکراوە".

ڕەفعەت عەبدوڵڵا لەبارەی سەرپەرشتیکردنی یەکێتی، پێیوایە کە دەبێ "لەناو کۆنگرە کەسێک دیاری بکرێ سەرپەرشتی یەکێتی بکات، بەڵام مام جەلال وەک سکرتێر بمێنێتەوە، ئەو کەسە بتوانێ بەتەواوی سەرپەرشتی یەکێتی بکات، ئەوە لە بەرژەوەندی یەکێتییە".

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی هیچ پاساوێک لەبەردەم دواخستنی نەماوە. چونکە بەپێی مادەی 18 لەپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، پلینیۆم تاکە دەسەڵاتە بتوانێ بڕیاری دواخستنی کۆنگرە بدات بۆ 3 تاکو 6 مانگ، ئەویش بۆیەک جار دوابخرێ. پلینیۆمی قەڵاچوالان ئەوەشی کردووە و ئێستا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر لە 2014/1/31 کۆنگرە نەبەسترێ، سەرکردایەتی یەکێتی شەرعیەت لەدەستدەدەن.

د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی دەڵێ "هیچ پاساوێک نەماوە بۆ دواخستنی کۆنگرە و دەبێ کۆنگرە لەکاتی خۆی ببەسترێ". گوتیشی "پلینیۆم بڕیاری خۆی داوە و هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لەبەستنی کۆنگرەی چوارەم".

# پارتی لە پارێزگای سلێمانی گۆڕانکاری دەکات

## لەو پارێزگایە بە 3 ساڵ 4 هەزار دەنگ زیادی کردووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی 4 مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، وا دیارە کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ناڕازی بووبێ لەو ئەنجامانەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەدەستیهێناون، چونکە هەندێک گۆڕانکاری خستووەتە بەرنامەی خۆیەوە کە دەیەوێ لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتی لقەکان ئەنجامی بدات. ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام دەڵێ "زانیاریم نییە کە ئاخۆ گۆڕانکارییەکان کەی و چۆن دەکرێن".

لەوەتەی پارتی گەڕاوەتەوە سنووری پارێزگای سلێمانی، چاوی لەوەیە ئاپۆرا زەردەکەی سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بەخۆیەوە ببینێتەوە لەو شارەدا، بەڵام ئەنجامی هیچکام لەو هەڵبژاردنانەی لەو ماوەیەدا ئەنجامدراون، نەک نزیکیان نەکردووەتەوە لەو خەونە، بەڵکو ناچاریان کردووە بەردەوام بیر لە گۆڕینی بەرپرسەکانی بکاتەوە. ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "ئەنجامەکان بەدڵی مەکتەبی سیاسی نییە و مەسەلەی گۆڕانکاری کردووەتە بابەتێک کە بەردەوام بیری لێدەکرێتەوە".

یەکێک لەو پۆستانەشی قسەی لەسەر دەکرێ، کورسییەکەی بەرپرسی لقی چوارە کە لە دوای گەڕانەوەی پارتی بۆ سلێمانی هەریەک لە سەلام عەبدوڵڵا، بروسک نوری شاوەیس، هیوا ئەحمەد مستەفا، هەڵۆ ئەحمەد کوردە لەسەری دانیشتوون و ئێستاش دەگوترێ کەسێکی دیکە لە جێگای هەڵۆ ئەحمەد کوردە دەکرێتە بەرپرسی لقی چوار.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

هەڵۆ ئەحمەد کوردە، ڕاستیی هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "ئەسڵ و ئەساسی نییە و میدیا خۆی ئەو هەواڵانە دروست دەکات". بەرپرسی لقی چوار، بەڕاستی نازانێ کە پارتی ئەنجامەکانی دەنگدانی لە پارێزگای سلێمانی بەدڵ نەبووبێ و دەڵێت، ئەوەی پارتی لە حیزبەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە حیزبێکی بە بەرنامەیە و سەرکردایەتییەکی تۆکمەی هەیە "ئەگەر پلانی وا هەبێ، پێشتر کۆبوونەوە دەکرێ و باسدەکرێ و دواتر دەبێتە نەخشە و پلان و کاری لەسەر دەکرێ".

بەڵام نوری حەمە عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی دەڵێ لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی باسی ئەو گۆڕانکارییانە کراوە بەگشتی و قسەکە وابوو کە گۆڕانکارییەکە بەگشتی بکرێ "ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێکیان پێیوایە بخرێتە دوای هەڵبژاردنەکان، بۆچوونێکیش پێیوایە پێش هەڵبژاردن بێ".

گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوەی پارتی بەلای بەشێک لە کادر و هەوادارانی ئەو حیزبەوە لە سلێمانی بووەتە پێویستییەکی حەتمی. بەبڕوای ئەوان درز و کەلێنێکی گەورە لە نێوان سەرکردەکان و جەماوەر و هەوادارانی پارتیدا لە سلێمانی هەیە.

لەبارەی دەنگەکانی پارتییەوە، نوری حەمە عەلی، نە گوتی مەکتەبی سیاسی بەو دەنگە ڕازییە و نە گوتیشی ناڕازییە، بەڵام پێیوایە بەهۆی نەبوونی "نیزامی تەرکیزەوە نەمانتوانی کاندیدی زیاترمان لە هەڵبژاردنی پێشوو دەربچێ لە سلێمانی". ناوبراو نیزامی تەرکیز ئاوا ڕووندەکاتەوە "وەک بادینان نەمانتوانی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین کە هەر لقە و چەند کاندیدێکی بۆ دیاری بکەین بۆ ئەوەی دەنگی بدەنێ، ئەگەر وامان بکردایە دەمانتوانی 5 کاندید بگەیەنینە پەرلەمان".

بەبڕوای نوری حەمە عەلی، پارتی تەنیا لە بادینان و سنووری پارێزگای دهۆک ئەو پلانەی بەباشی جێبەجێ کردووە "لەوێ توانیمان زۆرینەی دەنگ و کورسییەکانی خۆمان بەدەست بێنین، تەنانەت لە هەولێریش نەتوانرا ئەوە بکرێ و دەنگەکان بڵاوبوونەوە".

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی 2005دا توانی تەنیا 5 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بباتەوە لە کۆی 41 کورسی. لەوکاتەوە پوختەی پاساوەکان ئەوەیە کە پارتی لەو سنوورەدا هاوبەشی ئیدارە و حکومەت نییە و ناتوانێ ئەندام و لایەنگرانی ڕازی بکات.

پارتی لە هەڵبژاردنی 2010ی پەرلەمانی عێراقدا، 82 هەزار و 123 دەنگی بەدەستهێناوە و لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستانیشدا لە ئەیلولی 2013، واتە پاش 3 ساڵ، دەنگەکانی گەیشتنە 85 هەزار و 960 دەنگ. واتە تەنیا 4 هەزار دەنگ زیادی کردووە بە 3 ساڵ. سەرخێڵ حاجی، ئەندامی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی 4ی پارتی دەڵێ، پارتی بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ڕێکخستنەکانی "زیادی کردووە، بەڵام بەپێی ئەنجامی دەنگەکانی پێشوو زیادی نەکردووە، چونکە ئێمە لە سلێمانی 20 هەزار ئەندامان هەیە، بەڵام 30 هەزار دەنگمان هێناوە".

گوتیشی، بەپێی بەراوردی خۆمان و وردەکاریی دەنگەکان، پارتی لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزە زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکە زیادی کردووە و لە هەڵەبجە و هەورامانیش زیادی کردووە و لە ناحیەی بیارەش بووەتە هێزی یەکەم".

جگە لەهەموو ئەو پاساوانە، 4 ساڵی ڕابردوو کە یەکێتی و گۆڕان لە ململانێیەکی توند و کەمەرشکێندا بوون، پارتی لە پارێزگای سلێمانی نەیتوانی سوود لەو سەرقاڵییەی ئەوان وەربگرێ. ڕزگار ئەژی گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە سلێمانی ڕەتیدەکاتەوە ئەو ململانێیە بۆشایی بووبێ بۆ پارتی و دەڵێ، کاتێک کەسێک لە یەکێتی زویر دەبێ یان بەپێچەوانەوە، دەنگ بە گۆڕان دەدات یان دەنگ بە یەکێتی دەدات نەک پارتی "تەنانەت هەندێک لە ململانێکانیش لەسەر حسابی ئێمە بووە و سەرکردایەتی پارتی هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە بۆ هەریەکێک لە ئێمە و دەموچاو گۆڕین سوودی نییە ئەگەر سیستم نەگۆڕێ، چونکە پێشتریش دەموچاو گۆڕاوە".

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

## گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سووریا دەکوژرێت



**ڕووداو- کرماشان**

گەنجێکی دانیشتووی شاری سەرپێلی زەهاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی عەلی کەرەمی، تەمەن 21 ساڵ لە شەڕ و پێکدادانەکانی سووریا کوژرا. بەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە ئەو گەنجە کوردە لەلایەن گرووپە سەلەفییەکانەوە ڕاهێنانی پێکراوە و ڕەوانەی سووریا کراوە. عەلی کەرەمی مانگی ڕابردوو لەلایەن گرووپێکی سەلەفییەوە ڕەوانەی سووریا کرابوو، ڕۆژی 13ی ئەو مانگە هەواڵی کوژرانەکەی بە کەسوکاری ڕاگەیەنراوە. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک ژمارەیەک لە گەنجانی سەرپێلی زەهاو لەلایەن گروپە سەلەفییەکان دەسنیشان کراون بە ناوی "جیهاد"ڕەوانەی سووریا دەکرێن.

### لە گرتووخانەیەکی ئێراندا

# 4 بەندکراوی کورد 70 ڕۆژە مانیان لە خواردن گرتووە

**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ)، چوار بەندکراوی کورد نزیکەی 70 ڕۆژە لە زیندانی قزل حەسار لە شاری کەرەجی نزیک تارانی پایتەختی ئێران، مانیان لە خواردن گرتووە و بەوهۆیەوە ژیانیان لە مەترسیدایە.

هەر چوار بەندکراوی کورد جەمشید دێهقانی و برا بچووکەکەی جیهانگیر دێهقانی، حەمید ئەحمەدی و کەماڵ مولای لە ڕۆژی 4ی تشرینی دووەمی ڕابردووەوە تەنیا ئاویان خواردووەتەوە. ئەو چوار زیندانییە لە 30ی کانوونی یەکەمی ڕابردووەوە بەردەوام لەهۆش خۆیان دەچن و شلەمەنی ئینترافینسیان پێدەدرێ لە کلینیکی زیندانەکەدا. بەڵام کاتێک بەهۆش خۆیان دێنەوە هەموو چارەسەرێکی پزیشکی زیندانەکە ڕەتدەکەنەوە.

ئەم چوار زیندانییە کە لەلایەن دادگای ئینقیلابی ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، نارەزایی لە دژی فەرمانی لەسێدارەدانیان و بارودۆخی خراپی ناو زیندانەکە لە ڕێگەی مانگرتنەوە دەردەبڕن.

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەو زیندانیانەی مان لە خواردن دەگرن و تەنیا ئاو دەخۆنەوە، پاش 40 ڕۆژ تووشی نەخۆشی و لاوازییەکی سەخت دەبن. لەدەستدانی توانای بیستن و بینین و لاوازی و دڵ تێکەڵهاتن لەو نیشانانەن کە لەو کەسانەدا دەردەکەون. درەنگی و زوویی دەرکەوتنی نیشانەکان بەپێی توانای جەستەییان دەگۆڕێ، بەڵام پاش 55 بۆ 75 ڕۆژ مانگرتن لە خواردن مەترسی مردن لەسەر ژیانیان گەورە دەبێ. بەکارهێنانی خواردن و ڤیتامین و ماددەی کانزایی دەرکەوتنی ئەو نیشانانە دوادەخات، بەڵام کاریگەرییە درێژخایەنەکانی کەم ناکاتەوە.

وادەردەکەوێ هیچ کام لەو چوار زیندانییە ڤیتامینیان بەکارنەهێناوە.

لە 14ی تشرینی دووەمی ساڵی 2010، بە تۆمەتی "دژایەتیکردنی خودا" و "بڵاوکردنەوەی فەساد لەسەر زەوی" لەلایەن دادگای شۆڕشەوە لە تاران سزای لە سێدارەدان بەسەر ئەو چوار هاووڵاتییە کوردەدا سەپێنرا. تەنانەت لەکاتی دادگاییەکەیاندا ڕێگەیان پێنەدرا پارێزەری بەرگریکاریان هەبێت.

شەش کەسی دیکە بە ناوەکانی بەهرام ئەحمەدی، ئەسغەر ڕەحیمی، بەهنام ڕەحیمی، محەممەد زاهیر بەهنامی، کەیوان کەریمی و هۆشیار محەممەد کە لەگەڵ ئەوان دەستگیرکرابوون، هەموویان لە 27ی تشرینی دووەمی 2012 لە سێدارەدران.

چوار زیندانییەکە دەڵێن تاوانی ئەوان تەنیا ئەنجامدانی چالاکی ئاینیی ئاشتیخوازانە بووە لەسەر گفتوگۆکردنی وانەی ئاینی بۆ منداڵان لە مزگەوتەکانی ناوچەکەیان.


جیهانگیر دێهقانی


حامید ئەحمەدی


جەمشید دێهقانی


کەماڵ مەلایی

ئەو زیندانیانە تۆمەتبار کراون بە کوشتنی مەلایەکی سوننەی نزیک لە دەسەڵاتدارانی ئێران لە ئەیلولی 2009دا. زیندانییەکان ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن ئەوان لە زینداندا بوون کاتێک ئەو مەلایە کوژراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، بەر لە پرۆسەی دادگاییکردن ئەو زیندانیانە ئەشکەنجەدراون و مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کراوە، تەنانەت هەڕەشەی گرتنی ئەندامانی خێزانەکانیان لێکراوە، هەروەها بە زۆر نووسراوی دانپێدانانیان پێ ئیمزاکراوە بەبێ خوێندنەوەی.

ڕاپۆرتەکە داوا لە ڕای گشتی دەکات کە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران بۆئەوەی ئەو چوار زیندانییە کوردە لە سێدارە نەدەن.

### ئەرتۆغرول کورکچو، هاوسەرۆکی HDP:

# دەتوانین لەگەڵ BDP ببینە هێزی سێیەم لە تورکیا




**ڕووداو- برۆکسل**

پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیادا لە 2011 سەباحەت تونجەل-ی بۆ ئەستەنبوڵ و ئەرتۆغرول کورکچو-ی بۆ شاری مێرسین وەکو کاندیدی پەرلەمان دەستنیشانکرد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئەرتۆغرول کورکچو لەگەڵ سەباحەت تونجەل، هاوسەرۆکایەتی پارتی گەلان (HDP) دەکەن کە چاوەڕێ دەکرێت ئەو پارتە نوێیە ببێتە هێزێکی سیاسی لە تورکیا. HDP ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لە تورکیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی هەرێمایەتی دەبێت. ئامانجی ئەو پارتە ئەوەیە کە ببێتە چەترێکی سیاسی بۆ گەل و بیروڕا جیاوازەکانی. لە هەڵبژاردنی هەرێمایەتیدا، BDP لە باکووری کوردستان و HDP لە تورکیا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەبن. ئەرتۆغرول کورکچو کە هاوسەرۆکی HDPیە، لەدایکبووی ساڵی 1948ی شاری بۆرسایە و وەکو چالاکوانێکی سۆسیالیست، نووسەر و وەرگێڕ دەناسرێت. کورکچو ناوێکی گرنگی شەپۆلی کۆمەڵایەتی ساڵی 1968ە، لە 18ی تشرینی یەکەمی 1970 وەکو سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی گەنجانی شۆڕشگێڕ (DEV-GENÇê) هەڵبژێردرا. هەروەها لە شەڕی قزیلدەر کە شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکانی وەکو ماهیر چایان گیانیان لەدەستدا، تەنیا ئەرتۆغرول کورکچو ڕزگاری بوو. تۆڕی میدیایی ڕووداو لە برۆکسل ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ئەرتۆغرول کورکچو سازکرد، لەبارەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و باکووری کوردستان، ئامانجەکانی HDP و دوایین سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد.

**ڕووداو: ئێوە لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەمساڵدا دەتانەوێت گوتاری خۆتان ئاراستەی کام دەنگدەر بکەن؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** BDP لە کوردستان و HDP لە ڕۆژئاوای تورکیا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن. ئێمە چاوەڕێی پشتیوانی گەلی کورد و پشتیوانانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەکەین. لە ڕابردوودا زۆر دەنگدەری کورد لە ڕۆژئاوای تورکیا دەنگیان بە AKP دەدا کە زیاتری نیوەیان دەنگدەری BDP بوون. ئێستا گرنگترین شت ئەوەیە ئەو دەنگانە بەدەستبهێنینەوە. هەروەها دەمانەوێ دەنگی ئەو لاوانەش بەدەستبێنن کە ئێستا مافی دەنگدانیان هەیە. ئەوە لە ئیستەنبوڵ و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا HDP دەبێتە هێزی سێیەم. MHP لەنێوان AKP و CHPدا بزر دەبێت. هەڵبەت لە ڕووی دیموکراسییەوە ناوی MHP بەبیر نایێتەوە. ئێمە پارتێکین کە دەتوانین لەگەڵ BDP لە تورکیا ببینە هێزی سێیەم.

**ڕووداو: ئامانجەکانی HDP چین؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** ئامانجی سەرەکی بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان دانانی بنکەیەکە بۆ ئیدارەی سەربەخۆ. دەمانەوێ لێرە هەوڵبدەین بۆ ڕادەستکردنی دەسەڵات بە خەڵک. ئێمە پێمانوایە ئیدارەی خۆسەری لە شارەکان ئازادی زیاتر و یەکسانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دێنێت. ڕزگارکردنی گەزی لەوەی ببێتە بارەگایەکی سەربازی و ڕێگریکردن لە دروستکردنی بنکەی ئەتۆمی لە مێرسین و سینۆپ هەمان شتە. ئێمە پێشنیازدەکەین لە جیاتی خواردنی باجی زەوی لە شارەکان، ئەو باجە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر خەڵک دابەشبکرێت. هەڵبەت ژنان، خاوەن کێشەکان و منداڵان بۆ ئێمە زۆر گرنگن. ئێمە بەرگری لە مافی ڕۆشنبیری گەلانی تورکیا دەکەین و دژایەتی جیاوازیکردن دەکەین کە بەرامبەر ئەو کرێکارانە دەکرێت کە کۆچیانکردووە بۆ شارە گەورەکان. هەروەها پاراستنی مافی گەلی کوردیش بۆ ئێمە دەبێتە بابەتێکی سەرەکی.

**ڕووداو: چاوەڕێی چی دەکەن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی تورکیا؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** دەمانەوێ ئەو سەرکەوتنەی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات DTP لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009دا بەدەستی هێنابوو، دیسانەوە بەدەستبهێنین و دەنگەکانمان زیاتر بکەین. دەزانم لە ئیستەنبوڵ سەرکەوتنێکی باش بەدەستدێنین. بەڵام لە ئەدەنە، مێرسین، ئەنتاڵیا، ئەنتاکیا، مانیسا و ئایدنیش سەرکەوتن بەدەستدێنین. هەروەها بۆ یەکەمجار لە ناوچەی دەریای ڕەشیش ئاڵای پارتەکەمان دەشەکێتەوە. هەڵبەت ئەگەر ئەو چاوەڕوانییانەمان جێبەجێبوون ئەوە دەبێتە هەڵبژاردنێکی گرنگ بۆ ئێمە.

**ڕووداو: HDP چۆن دروستبوو؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** پارتی دیموکراتی گەلان لە ئەنجامی یەکگرتنی زۆر پارتی سیاسی دروستبووە. بەڵام ئەم پارتانە خۆیان لەنێونابەن و لەژێر چەترێکدا کۆدەبنەوە. بۆ نموونە ئێمە سەوزەکان و چەپەکان وەکو هاوکاری زۆر گرنگی خۆمان سەیردەکەین، بەتایبەتی ئەزموونی ئەوان لەسەر ژینگە کە لەنێو بەرنامەی پارتەکەیاندا هەیە.

**ڕووداو: چۆن سەیری سەردانەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئامەد؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** ئەگەر زیانی ڕاستەوخۆشی نەبێت، بەڵام تێکەڵکردنی لایەنەکانی دانوستاندنی ئاشتییە و هێنانە پێشەوەی ئەو لایەنانەیە کە ڕۆڵیان نییە لە پرۆسەی ئاشتیدا. بەمشێوەیەش مافی قسەکردنی ئۆجەلان، PKK و BDPش لەدەستدەدرێت. هیوادارم ڕێبەرانی گەلی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا کاربکەن.

**ڕووداو: تێڕوانینتان لەسەر پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا چین؟**

**ئەرتۆغرول کورکچو:** من پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا وەکو شۆڕشێک دەبینم. ئەگەرچی شۆڕشی ڕۆژئاوا کلیلی چارەسەری کێشەی سووریایە، بەڵام تورکیا هەوڵی تێکدانی ئەو شۆڕشە دەدات. ئەمەش گومانم لا دروست دەکات لەسەر مەسەلەی ئاشتی. بۆیە پێموایە ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ پارێزگارەکان دروست دەکرێن بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چارەسەی لەگەڵ خۆیان ناهێنن، ئەگەر ئاورێک لە ڕابردوو بدەینەوە، دواجاریش هەر وابوو.

### حەسەن ڕووحانی خەڵاتی دەکات

# مامۆستایەکی کورد لەپێناوی قوتابییەکەیدا سەری خۆی دەتاشێ


وێنەکەی خرایە سەر پووڵی پۆستە

**فواد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی خەڵکی گوندێکی مەریوان بە کارێکی سیمبولی، سەرۆک کۆمار و وەزیری پەروەردەی ئێران لە ڕەوشی قوتابییەکی نەخۆش ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش بەڵێنی چارەسەرکردن بە قوتابییەکە دەدەن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وێنەی مامۆستایەکی سەرتاشراو لە پەنای قوتابییە نەخۆشەکەیدا کە قژی هەڵوەریوە، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەردەوام بڵاودەکرایەوە. مامۆستا عەلی محەممەدیانی کاتێک ئەم وێنەیەی خۆی لە فەیسبووکی خۆیدا بڵاودەکاتەوە، لەسەری دەنووسێ "من و ماهان گیان سەرمان حەساسیەی هەیە بە موو". ئەم چیرۆکە بەهۆی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانەوە دەگاتە گوێی بەرپرسانی باڵای ئێران. دواتر حەسەن ڕووحانی بانگهێشتی تارانی دەکات و خەڵاتی دەکات، بڕیاریش دەدات چارەسەر بۆ قوتابییەکەی بکرێ.

عەلی محەممەدیانی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لیژنەیەکی پسپۆڕی 11 کەسی لە زانکۆی ڕازیی تاران پێکهاتووە تا لێکۆڵینەوە لە نەخۆشییەکەی ماهان بکەن. تەنانەت نموونەی پشکنینی پزیشکییەکەی بۆ ئەڵمانیا بەڕێکراوە و بڕیارە لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا، وەڵامەکەی بگەڕێتەوە".

ماهان ڕەحیمی، تەمەن 8 ساڵ، لە پۆلی دووی سەرەتاییە، خەڵکی گوندی شێخ شەڵتووتی ناوچەی مەریوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەگوتەی باوکی بەیانییەک لە خەو هەڵدەستن و دەبینن ماهان موو بە سەرییەوە نەماوە. دوای ماوەیەکی کەم نینۆکەکانیشی هەڵدەوەرن. باوکی ماهان دەڵێت "سەردانی زۆر دکتۆرمان کرد، بەڵام نە نەخۆشییەکەی ماهان زانرا و نە دەرمانێکیشی بۆ هەبوو". ئیدی ئەوان لە چارەسەری نەخۆشیی ماهان هیوا بڕاو دەبن.

مامۆستا عەلی دەڵێت قوتابییەکانی دیکە گاڵتەیان بە ماهان دەکرد، ئەویش بۆ ئەوەی دڵی ماهان خۆش بکات، بڕیاری دا کارێک بکات کە ئیدی منداڵەکان گاڵتە بە ماهان نەکەن "بڕیارم دا سەری خۆم بتاشم".

ئەو دەڵێ "دوودڵ بووم لەوەی ئەو کارە بکەم. چوومە پێش ئاوێنە و ماهانم بیر هاتەوە. بڕیاری کۆتاییم داو سەری خۆم تاشی و چوومەوە پۆلی قوتابخانەکە و گوتم سەری من و ماهان گیان حەساسییەتی بە موو هەیە".

مامۆستا عەلی گوتیشی "زۆر خوشحاڵم کە ئێستا حاڵی ماهان باشە و ئەو کارەی من بووەتە هۆی ئەوەی بەرپرسانی ئێران هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی دەدەن".

بەر لە بەرپرسانی حکومەت لە مەریوان و تاران، خەڵکی مەریوان ڕێزیان لە کارەکەی مامۆستا عەلی گرت. ئەوان لافیتەیەکیان لە شەقامێکی مەریوان هەڵواسی و کارەکەی ئەو مامۆستایەیان بەرز نرخاند. دواتر ئیدارەی پەروەردەی مەریوان، عەلی محەممەدیانی وەک مامۆستای نموونە دەستنیشان کرد. پارێزگاری سنەش ستایشی کرد. ئەو کارەی مامۆستا عەلی دەنگدانەوەی زۆری هەبووە و وێنەکەی ئەو مامۆستایە و قوتابییەکەی خرایە سەر پووڵی پۆستەی ئێران. کارەکەی مامۆستا عەلی، دەرگای هیوایەک بۆ هەموو قوتابییە نەخۆشەکانی دیکە، نە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە هەموو ئێران دەکاتەوە. بەگوتەی مامۆستا بڕیارە لیژنەیەک پێکبێت بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی کە لە هەموو قوتابخانەکانی ئێراندا نەخۆشن تا نەخۆشییەکانیان چارەسەر بکرێ.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20



## محەممەد ئیحسان: زمانی بەغدا زمانی چارەسەری کێشەکان نییە

**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد ئیحسان، سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا پێیوایە سەرچاوەی کێشەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ مالیکی و حکومەتی ئێستا. ئەو پەشیمانی دەردەبڕێت لە پشتیوانیکردنی کورد بۆ مالیکی بۆ هەڵبژاردنەوەی بە سەرۆک وەزیران. ڕەشبینیشە بە چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان و دەڵێ "ئەو زمانە سیاسییەی بەغدا قسەی پێدەکات زمانی چارەسەر نییە".



### د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# سێ سەرکردەکەی یەکێتی پێش ئەوەی بچنە ئێران لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە

- ڕۆژانە لەگەڵ ئەمریکییەکان لەسەر خەتین بۆ مەسەلەی نەوت
- بارزانی نیگەرانە لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت
- سێ پێشنیاز هەن بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت
- دوور نییە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت تەکتیکی لایەنێکی سیاسی بێت
- بارزانی لەگەڵ ئۆباما کۆدەبێتەوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیگەرانە لەوەی تاوەکو ئێستا حکومەتی نوێ پێکنەهاتووە و گوتی "ئێستا تۆپەکە لە ساحەی لایەنەکاندایە و دەبێت پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکومەت".

د.فوئاد حوسێن لە بەرنامەی هەڤپەیڤینی کەناڵی (ڕووداو) کە شەوی سێشەممە پەخش دەکرێت، دەڵێت ئەوان چاوەڕوان دەکەن مانگی داهاتوو لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن "چونکە بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان پەرلەمانی کوردستان ئیفلیج بووە".

چوار مانگی تەواو بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن تاوەکو ئێستا حکومەتی نوێ پێکنەهێنراوە.

د.فوئاد دەڵێت "تاوەکو ئێستا حیزبەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجامێک کە کابینەی داهاتوو چۆن بێت".

سەبارەت بەو لایەنەی کە بووەتە بەربەرست لە بەردەم پێکهێنانی حکومەتیش لەکاتێکدا زیاتر ناوی یەکێتی دەهێنرێت، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گوتی "مافی ئێمە نییە بڵێین خەلەلی پێکهێنانی حکومەت لای کێیە، بەڵام دوور نییە تەکتیکێکی دانوستاندن بێ لەلایەن هەندێک حیزب، دوور نییە حیزبێک لەنێو خۆیدا ناتوانێ خۆی ڕێکبخات لە مەسەلەی دانوستاندن. ڕەنگە هەندێ حیزب داوای شتێک بکەن کە نەتوانرێ پێیان بدرێ".

### سێ بیرۆکە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت

پێدەچێ کێشمەکێشی لایەنەکان کە پێکهێنانی حکومەتی پەکخستووە لەسەر مەسەلەی جێگری سەرۆکی حکومەت بێت، چونکە یەکێتی بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەو پۆستە بە مافی خۆی دەزانێت و هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی دەزانێت.

فوئاد حوسێن ئاشکرای کرد کە سێ بیرۆکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە هەیە. یەکەم: سەرۆکی حکومەت سێ جێگری هەبێت. دووەم: سەرۆکی حکومەت دوو جێگری هەبێت. سێیەمیش ئەوەیە کە جێگری نەبێت "ئەم سێ پێشنیازە پێشکەشکراون و هەموویان باش و خراپیان هەیە".

سەبارەت بە گونجاوترین پێشنیازیش، د.فوئاد حوسێن گوتی "ئەگەر سەرۆکی حکومەت سێ جێگری هەبێت کارەکان بەسەر جێگرەکانی دابەش دەبێت، ئەگەر هیچ جێگرێکی نەبێت ئەوا لەو کێشمەکێشە ڕزگاری دەبێ، کە ئەمە لایەنە باشەکەیە. خراپییەکەشی ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەت چوو بۆ دەرەوە دەبێ کەسێک دەستنیشان بکات و هەموو دەسەڵاتی خۆی بداتێ، دوو جێگریش کێشەی خۆی هەیە".

### بارزانی لەگەڵ ئۆباما کۆدەبێتەوە

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێستا بە سەردانێک لە ئەوروپایە و بڕیاریشە دواتر سەردانی ئەمریکا بکات.

د.فوئاد حوسێن ئاشکرای کرد کە ڕۆژی 2014/1/28 بارزانی سەردانی ئەمریکا دەکات و بڕیارە لە 31ی ئەو مانگە لەگەڵ باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆببێتەوە. بەڵام گوتیشی "بارزانی هەندێک کاری هەیە کە ڕەنگە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا کەمێک دوابخات".

سەبارەت بە ئەجێندای سەردانەکەی بارزانیش بۆ ئەمریکا، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گوتی "ئەجێندای سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا مەسەلەی دۆخی ئەمنی و شەڕ و دۆسیەی ئەنبارە کە نیگەرانی دروستکردووە. جگە لەوە پەیوەندی نێوان هەولێر و واشنتن و دۆخی ناوچەکە و سووریا لە ئەجێندای سەردانەکەدایە".

پێشتر ئەمریکییەکان نیگەرانی خۆیان بە بارزانی ڕاگەیاندبوو لەسەر مەسەلەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق.

سەبارەت بە هەڵوێستی ئێستای ئەمریکا لەبارەی ئەو پرسە، د.فوئاد حوسێن گوتی "ئەمریکا ناڵێت دژی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانین، بەڵام پرسیاری ئەوە دەکەن کە داهاتەکە چۆن خەرج دەکرێ". گوتیشی "ئەمریکییەکان بەردەوام دێن بۆ هەرێمی کوردستان و لەگەڵ بارزانی کۆدەبنەوە، تەنانەت هەندێجار ڕۆژانە لەگەڵ واشنتن لە مەسەلەی نەوت لەسەر خەتین".

### مالیکی بە قسەی بارزانی کرد

بەهۆی چالاکی گروپە توندڕەوەکانی وەک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ڕەوشی شارەکانی عێراق بە تایبەتی ئەنبار و فەللوجە بە تەواوی تێکچووە.

د.فوئاد دەڵێت هەرچەندە شەڕەکە لە کوردستان دووریش بێت، بەڵام ئەوان دوورەپەرێز نین لەو شەڕەو گوتی "لەبارەی دۆخی ئەمنی لە ڕومادی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان بارزانی و مالیکی هەبووە لە ڕێگەی تەلەفۆن".

هاوکات ڕەتیکردەوە کە بەغدا داوای ناردنی هێزی پێشمەرگەی کردبێ بۆ ڕومادی و فەللوجە.

### پێشتر لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە

ئێستا یەکێتی لە دۆخێکدایە کە هەموو کوردستانی بەخۆیەوە خەریک کردووە، تەنانەت وڵاتانی هەرێمەکەش و لەوانە ئێرانیشی هێناوەتە سەر خەت.

سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانی لە دۆخی ناوخۆی یەکێتی، د.فوئاد حوسێن گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک دانیشتنی هەبووە لەگەڵ یەکێتی و لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی، هانی داون بەرەو یەکڕیزی و یەکبوون، داوا دەکات کە لە نێو خۆیاندا چارەسەرێک بدۆزنەوە، بەڵام تەدەخولی ئەوە ناکات کە کێ ببێتە سەرۆک، ئەوە کێشەی نێوخۆی یەکێتییە".

د.فوئاد پێیوایە کێشەی نێو یەکێتی کاریگەری دەبێ لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە کێشەکانی ئەو حیزبە وەکو کێشەی نێوخۆی حیزبێکی دیکە نییە، کاریگەری دەبێ لەسەر دۆخی ئاسایش و سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بەو دانوستاندنانەی لەسەر بارودۆخی یەکێتی کران لە ئێران. د.فوئاد گوتی "بوونی پەیوەندی و ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵ ئێران هەیە و ئەمە واقیعە. پێش ئەوەی شاندی یەکێتی سەردانی ئێران بکات، سێ سەرکردەکەی یەکێتی پێش ئەوەی لەگەڵ ئێران دابنیشن، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە". گوتیشی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانیشتنی بەردەوامی هەیە لەگەڵ سێ سەرکردە ئەساسییەکەی یەکێتی (هێرۆخان، د.بەرهەم و کۆسرەت ڕەسوڵ)".

### بارزانی لەگەڵ 20 سەرۆکدا دادەنیشێت

وا بڕیارە ڕۆژی 22ی ئەو مانگە مونتەدای ئابووری داڤۆس لە سویسرا بەڕێوەبچێت، کە بارزانیش بەشداری لەو مونتەدا جیهانییەدا دەکات.

د.فوئاد باسی بەشداریی بارزانی کرد لەو کۆڕبەندەدا و گوتی "بارزانی وەکو هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێ". چونکە "ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە ژمارەیەکی سیاسی و ئابووریی بەهێز لە ناوچەکەدا".

سەبارەت بە ئەجێندای بارزانی لەو کۆڕبەندەدا، د.فوئاد حوسێن گوتی "بارزانی لەوێ چەندین سەرکردەی جیهانی دەبینێت و پەیوەندییە کۆنەکان پتەو دەکات و پەیوەندی نوێش دروست دەکات".

هەروەها گوتی "بارزانی لەگەڵ چوار سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتانی جیهان دادەنیشێ، هەروەها چوار کۆمپانیای گەورەی جیهان داوایانکردووە کە لەگەڵ بارزانی دابنیشن. ئەوە جگە لەوەی لەگەڵ 20 سەرکردەی جیهان باسی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن".

# لیستەکەی پارتی لە بادینان لەلایەن کادیرانیەوە ڕەخنەباران دەکرێت

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای ئاشکراکردنی لیستی کاندیدەکانی بۆ هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لیستەکەی پارتی لە پارێزگای دهۆک ڕووبەڕووی ڕەخنەی لایەنگر و کادیرانی بووەوە و کار گەیشتە ئەوەی کارگێڕ لقێک دەست لەکاربکێشێتەوە.

بەرپرسێکی پارتی لە دهۆک دەڵێت ئەوان ئاگاداری ئەو دەنگە ناڕازیانەن بەرامبەر لیستی کاندیدەکانیان، بەڵام گوتی کاندیدی بەهێزیان هەیە و ئەو دەنگە ناڕازیانە کاریگەرییان لەسەر پێگە و دەنگی پارتی نابێت لە دهۆک.

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو دوو هەڵبژاردنە وەک ناڕازییەکان دەڵێن، پشتی بەو کاندیدانە قایمە کە لەلایەن عەشیرەت و ئاغاکانی دهۆکەوە پشتگیری دەکرێن.

ڕۆژنامەنووس، عەبدولعەزیز موحسین کە ئێستا سەرۆکی ئینستتیوتی دهۆکە بۆ ڕۆشنبیریی گشتی، پێیوایە گەڕانەوە بۆ دیوەخانی سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان و بازرگانەکان "مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی دیموکراسی".

### کارگێڕێکی لقی یەک:
## هەیبەتی حیزب چووەتە نێو دیوەخانی ئاغاکان، ئەمەش جێی مەترسییە

مستەفا ئیبراهیم، کارگێڕی لقی یەکی پارتی لە دهۆک دەڵێت "جێی داخە کە پارتی قبوڵی ئەوە دەکات هەیبەتی عەشیرەت بەسەر حیزبدا زاڵ بێت، چونکە ئەو کارە جێی مەترسییە".

د.حەمید باقی، پەرلەمانتاری ئێستای پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەناو کاندیدەکانی دهۆک زۆرترین دەنگی هێنابوو، پێیوایە پارتی لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکاندا زۆر سەرکەوتوو نەبووە و دەڵێ "پارتی پێوەری نییە بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان، کە دەریشنەچوون هیچ بەدواداچوونێک ناکات بۆئەوەی کە بۆچی دەرنەچوون".

بەڵام عەبدولخالق باپیری، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەپێچەوانەی ئەوان دەڵێت "بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان چەندین فلتەر دانراون".

بۆ پەرلەمانی کوردستان پارتی لە دهۆک 36 کەسی کاندید کردبوو کە دەنگی ناڕەزایی بە دوای خۆیدا نەهێنا و زۆربەشیان دەرچوون، بەڵام ئەمجارە 50 کاندیدی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و 22 کەسیشی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کاندید کردووە.

وەک د.حەمید باقی دەڵێت "پارتی بۆ دیاریکردنی کاندید پێگەی جەماوەری ئەو کەسە لەبەرچاودەگرێت، بەڵام بۆ ئەو دوو ئەنجوومەنە پێویستە کاندیدەکان خەڵکی بە جورئەت و شارەزا و خاوەن پەیوەندی جەماوەری بن".

ئیبراهیم مستەفا، کارگێڕی لقی یەکی پارتی و ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری پارتی پێیوایە هۆکاری ئەم ناڕەزاییە ئەوەیە کە "ڕەنگە نەشاز و نێگەتیڤەکان لە هەڵبژاردنێک بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە زۆرتر دەبینرێن". گوتیشی "بەداخەوە حیزبەکان خۆیان زۆر بچووک کردووەتەوە، بەهای حیزبایەتییان لەدەستداوە، خۆیان هێناوەتە ڕیزی سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان، نابێت پارتی لەبەر عەشیرەتێک خۆی ئەوەندە بچووک بکاتەوە و هەیبەتی خۆی بباتە دیوەخانی ئاغاکان".

عەبدولعەزیز موحسین کە ئەندامی لقی یەکیشە، دەڵێت "من وەکو کوڕە شەهیدێک بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕە ئاغا و جاش بکرێت، داواکاری خەڵکیان بگەیەنمێ و پێیان بڵێم ئەزبەنی". گوتیشی "ئەوانەی تاوەکو دوێنێ دوژمنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوون، ئەمڕۆ دەکرێن بە نوێنەر و دەمڕاستی خەڵک، پێموایە ئەمە لە پارتی و حیزبەکان قبوڵ ناکرێت، ئەگەر وا بڕوات با دەزگاکان دابخرێن و خەڵک بچنە ماڵی ئاغا و جاشەکان و خۆیان ناونووس بکەن، بۆئەوەی عەشیرەت جاری داهاتوو کاندیدیان بکەن".

وادیارە پارتی ئاگاداری ئەو دەنگە ناڕازیانەیە، هەروەک مەسعود سەرنی، بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لقی یەکی پارتی دەڵێت "ئێمە ئەو ژمارە زۆرەمان کاندید کردووە بۆ ئەوەی خەڵک دەنگ بەو کاندیدە بدەن کە حەزیان لێیە و ئەو کاندیدەی نایانەوێ با دەنگی پێنەدەن". گوتیشی "زۆربەی ئەو کاندیدانەی دانراون کاندیدی باشن، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو دەنگە ناڕازیانە کاریگەرییان لەسەر دەنگەکانی پارتی نابێت و لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو زیاتر دەنگ دێنین".



## تەنیا پارتی و یەکێتی 49 ئێزدییان کاندید کردووە

# 66 ئێزدی کاندیدی پەرلەمانی نوێی عێراقن

عوبێد ڕەشاڤایی
رووداو- دهۆک

پێدەچێت ئەمجارە ئێزدییەکان دەرگای بەختیان بەسەردا کرابێتەوە. لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی کە بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەکەن، لە پارێزگای مووسڵ ژمارەیەکی زۆر ئێزدییان کاندید کردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە لە ناوچەی ئێزدییەکانی پارێزگەی دهۆک و مووسڵ، دەڵێت هاوپەیمانەکەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەدەنگیانەوە نەچوون کاتێک داوایان کردووە لە پارێزگەی مووسڵ لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێکبهێنن. هەرچی یەکێتیشە دەڵێت ناچنە نێو هاوپەیمانییەک کە مەبەست لێی تەنیا کۆکردنەوەی دەنگ بێت.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، تەنیا یەکێتی لە سنووری پارێزگای مووسڵ 22 کەسی لە ئێزدییەکان کاندید کردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

خەیری شنگالی جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە مووسڵ کە خۆی ئێزدییە و یەکێکە لە کاندیدەکان، پێیوایە دانانی ئەو ژمارە زۆرە لە کاندیدی ئێزدی قازانجی بۆ لیستەکەیان هەیە، بەڵام گوتی "ئەوە لە بەرژەوەندی ئێزدییەکاندا نییە، هەتا ڕێکخستنەکانی ئێمە و پارتیش لەو ژمارە زۆرە رازی نین".

سەعید مەموزینی، کارگێڕی لقی 14ی مووسڵی پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنە لە یەکێتی دەگرێت کە ئەوان دەستپێشخەرییان کردبوو بۆ یەک لیستی "بۆ ئەوەی دەنگی کورد پەرتوبڵاو نەبێت و ژمارەیەکی زیاتری ئێزدییەکانیش بچنە پەرلەمان، بەڵام یەکێتی بەدەم ئەو دەستپێشخەرییەوە نەهات".

عارف روشدی، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە مووسڵ لە وەڵامی ئەو بەرپرسەی پارتیدا دەڵێت کە ئەوان ناچنە ناو لیستێک تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بێت، ئەو هەڵبژاردنی رابردووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "لە پارێزگای مووسڵ لەگەڵ پارتی یەک لیست بووین، بەڵام ئەوان هیچ پۆستێکی ئیدارییان نەدایە ئێمە، بۆیە ئەمجارە بڕیارماندا نەچینە نێو هیچ هاوپەیمانییەک و بە لیستی سەربەخۆ بەشداری بکەین".

عارف روشدی لەگەڵ بۆچوونی جێگرەکەیدا نییە کە پێیوایە ڕێژەی زۆری کاندیدەکانی ئێزدی کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی کورسی بۆ ئێزدییەکان هەبێت و دەڵێت "مافێکی ڕەوایە ئەوەندە خەڵک کاندید بکەین، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری خەڵکی ناوچەکە ئێزدین".

یەکێتی ئێستا تەنیا یەک پەرلەمانتاری ئێزدی لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیە، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە مووسڵ دەڵێت "هێشتا زووە بۆ پێشبینی بەدەستهێنانی کورسی".

بەڵام خەیری شنگالی دەڵێت "زیاتر لە 48 هەزار دەنگمان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەدەستهێنابوو، بۆیە خۆمان بۆ 2 تا 3 کورسی ئامادە کردووە، هەرچەندە پێمان ناخۆشە ئەو ژمارە زۆرەی کاندیدەکان، بەڵام بۆ لیستەکە باشە".

پارتی ئێستا خاوەنی پێنج کورسی پەرلەمانە لە ئێزدییەکان، کارگێڕی لقی مووسڵی پارتیش پێیوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ژمارەکە زیاتریش دەبێت.

سەربەست باپیری، بەرپرسی لقی شنگالی پارتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان چاویان لەوەیە کۆتای ئێزدییەکانیش بە دەستبهێنن و دەڵێت "لە شنگال 32 کەسمان کاندید کردووە کە 25یان ئێزدین و 2 کاندیدیش بۆ کۆتا، ئەگەر وەکو پێشتر نەیکەنە هەرا و سکاڵا تۆمار نەکەن، بێگومان کورسی کۆتاکانیش بۆ ئێمە دەبێت، چونکە لە هەڵبژاردنی رابردوو بەهۆی سکاڵای حیزبێک 30 هەزار دەنگمان سووتان، خۆ مەعقول نییە جیاوازی نێوان دەنگی کاندیدی ئێمە بۆ کۆتا و هی بزووتنەوەی چاکسازی ئێزدی دەنگێک بێت".


(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

بەپێی ئەو ئامارەی لە سایتی بەحزانی بڵاوکراوەتەوە کە سایتێکی تایبەت بە کاروباری ئێزدییەکانە، نزیکەی 66 ئێزدی لە پارێزگای مووسڵ و دهۆک لەسەر لیستی حیزبەکان کاندید کراون، لەوانەش 28 کەسیان لەلایەن پارتییەوە کاندید کراون.

سەعید بەتووش، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشڤەبردنی ئێزدییەکان کە چوونەتە ناو لیستەکەی ئەیاد عەللاوی دەڵێت "ئەو ژمارە زۆرەی کاندیدەکان کاریگەری لەسەر ڕێژەی بە دەستهێنانی کورسی بۆ ئێزدیەکان دەبێت".

بەتووش پێیوایە کورسییەک بەدەستدێنن. ناوبراو هۆکاری چوونە نێو لیستەکەی عەللاوی روونەدەکاتەوە و دەڵێت "پارتە کوردییەکان لێرە باڵادەستن و کۆنترۆڵی کۆمیسیۆنیش هەر بەدەست ئەوانە، بۆیە نەمانتوانی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری بکەین، هەر لەبەر ئەوەش چووینە پاڵ لیستی ئەیاد عەللاوی".

خەیری شنگالی پێیوانییە هیچ کام لە کاندیدە ئێزدییەکانی نێو لیستەکەی عەللاوی دەربچن و دەڵێت "85%ی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانن".

دڵشاد نەعمان، کاندیدی ئێزدی لە دەڤەری شێخان لەسەر لیستی پارتی دەڵێت "دەنگی ئێزدییەکان هەموو کاتێک 70%ی دەنگی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پێکدێنێ لە مووسڵ، بۆیە زۆریی ژمارەی کاندیدەکان کاریگەری نابێت لەسەر پەرتوبڵاوبوونی دەنگی ئێزدییەکان". بەڵام نەیشاردەوە کە دادپەروەری لە دابەشکردنی کاندیدەکان بۆ ناوچەکان نییە".

## سبەی کۆدەبنەوە

# پەرلەمانتاران چیدی چاوەڕێی لایەنە سیاسییەکان ناکەن

**پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ:**

**حیزبەکان گوشاریان خستووەتە سەر پەرلەمانتارانیان بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە نەکرێت**

**پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو:**

**ئەگەر ئەو کۆبوونەوەیە سەری نەگرت مان دەگرین**



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

75 ڕۆژە پەرلەمانی کوردستان کۆنەبووەتەوە

سەنگەر عەبدولڕەحمان
رووداو- هەولێر

پەرلەمانتارێک پێشنیازی بۆ ئەندامانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرکردایەتی حیزبەکانیان دانیشتنی دووەمی خولی چوارەمی پەرلەمان سازبکەن و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێرن.

بڕیارە ڕۆژی سێشەممە 2014/1/21 ژمارەیەک پەرلەمانتار بەبێ ئەوەی چاوەڕێی لایەنە سیاسییەکان بکەن بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، دانیشتنێکی پەرلەمان سازبکەن و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێرن.

ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانتارێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجام دەدرێت کە هەفتەی رابردوو ئاراستەی سەرجەم پەرلەمانتارانی کردبوو.

شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، لە بانگهێشتنامەکەیدا بۆ پەرلەمانتارانی ئەو خولە دەڵێت "وەک وەفایەک بۆ ئەو سوێندەی کە خواردوومانە، گشت ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارە بەئەمەکانەی خولی چوارەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بانگهێشت دەکەین بۆ سازکردنی کۆبوونەوەی تەواوکاری کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی 2014/1/21 کاژێر 11ی سەرلەبەیانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان".

ئەو پەرلەمانتارە بۆ ئەو بانگهێشتنامەیە پشتی بە ماددە شەشی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەستووە کە دەڵێت "سەرۆکی پەرلەمان یان یەک لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکەن لە دانیشتنێکی نائاسایی، کۆبوونەوەکەش کورت دەکرێتەوە سەر تێڕوانینی ئەو بابەتانەی لە بانگهێشتەکەدا دیاری کراون".

ئەو پەرلەمانتارە لە بانگهێشتنامەکەیدا دەڵێت ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدەن، تا ئەو کاتەی گفتوگۆکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بە ئاکام دەگەن بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شێرکۆ جەودەت بە (رووداو)ی گوت "ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران لە هەموو فراکسیۆنەکان، وەڵامێکی ئەرێنی بانگهێشتنامەکەیان داوەتەوە، بەدڵنیاییەوە ژمارەکە زیاتریش دەبێت".

بە وتەی پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو، ئەگەر ئەو ژمارە یاساییەی پەرلەمان تەواو بوو کە پێڕەوی ناوخۆ دیاری کردووە، داوای درێژەدان بە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان و دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان دەکەن، ئەگەر نەیانتوانی ئەوە بکەن و گوێیان لێنەگیرا، هەنگاوی دیکە دەنێن "مان دەگرین و ڕۆژانە چالاکی لەنێو باڵەخانەی پەرلەمان ئەنجام دەدەین".

نزیکەی 120 ڕۆژە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە، نزیکەی 75 ڕۆژیش بەسەر یەکەم دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، بەڵام ناکۆکی نێوان لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی کابینەی هەشت و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، دانیشتنەکانی پەرلەمانی پەکخستووە و نەتوانراوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئەو بێ خەمییەی حیزبەکان لە دواخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، بێ هەیبەتکردنی پەرلەمانە، بە تایبەت دەیانەوێت لەو هەڵبژاردنە کە بە لیستی نیمچەکراوە بوو، هیچ شانازییەک بۆ پەرلەمانتاران نەهێڵنەوە کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، هەڵوێستی پەرلەمانتارانیان زۆر لاواز کردووە بەوەی ناتوانن سەرۆکایەتی خۆشیان هەڵبژێرن".

سۆران عومەر ئاشکرای دەکات، هەموو حیزبەکان فشاریان خستووەتە سەر پەرلەمانتارانیان بۆ ئەوەی دانیشتنەکەی ڕۆژی سێشەممە هەڵبوەشێتەوە.

سۆران دەڵێت "ئەگەر تەنیا چەند پەرلەمانتارێکی کەمیش بین دەچینە پەرلەمان و هەر هیچمان پێ نەکرێت، دەست بە مانگرتن دەکەین". ئەوە چەندین جارە لەدوای دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانەوە، پەرلەمانتاران فشار دەکەن بۆ ئەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێبکەنەوە، پێشتریش 88 ئەندامی پەرلەمان لە یاداشتێکدا بۆ حیزبە سیاسییەکان، داوایان کرد پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی بکات، سێشەممەی رابردووش سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوە و داوایان لە حیزبەکان کرد دەست بە دانوستاندنەکانیان بکەنەوە و پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکومەت.

فرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی کە لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو بەشداری دەکات، بە (رووداو)ی گوت "ئەم هەنگاوەمان درێژەی ئەو فشارانەیە کە لەماوەی رابردوودا کردوومانەتە سەر حیزبەکان، بەردەوامیش دەبین هەر کارێک لە دەسەڵاتی ئێمە بێت و یاسا ڕێگامان پێبدات دەیکەین، بۆ ئەوەی هەرچی زووە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێبکەن".

رووداو
ئابووری
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان: فرۆشتنی نەوتی بیرەکانی دوای 2006 دەستوورییە



**رووداو- هەولێر**

لەتیف شێخ مستەفا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، کە ئیدارەدانو فرۆشتنی نەوتی ئەو کێڵگانەی هەرێمی کوردستان کە لەدوای پەسەندکردنی دەستوور دۆزراونەتەوە هەمووی دەستوورین. لەتیف شێخ مستەفا، بەپێی ماددە 112ی دەستوور روونیکردەوە ئەو کێڵگانەی کە لەکاتی جێبەجێکردنی دەستووردا هەن، کە دەکاتە پێش 2006 ئەمانە ئیدارەدانی هاوبەشە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان لەلایەک و حکومەتی هاوبەش لەلایەک، کە ئەگەریش جیاوازی دروستبوو ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێم و پارێزگاکانە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی هاوبەش بەگوێرەی مادەی 115 وایە".

# ئیسپانیا لە گەیشتن بە بازاڕی کوردستان بەجێما

**ئەلێکساندرا دی ستێڤانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

لەکاتێکدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا توانیویانە سوود لە گەشەی ئابووریی کوردستان وەربگرن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن، ئیسپانیا شکستی هێناوە لە قۆستنەوەی ئەو هەلە. بەرپرسانی ئیسپانی بەدەم ئەو داوەتنامانەوە نەچوون کە بۆ سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان ئاراستەیان کرابوون.

دابان شەدەڵە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا گوتی "چەند سیاسەتمەدارێکی ئەم وڵاتەمان بانگهێشت کردووە بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان، بەڵام نەهاتن. ئیسپانییەکان تەنیا بیر لە چوون بۆ باشووری ئەمریکا دەکەنەوە و زانیاری زۆریان دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە".

سەرۆکی ژووری بازرگانی عێراق- ئیسپانیا لە مەدرید وتەکانی شەدەڵەی پشتڕاستکردەوەو گوتی ئیسپانیا لە قەیرانێکی ئابووریدایە و پێویستی بەوەیە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکات. ئەو گوتیشی کە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئینگلتەرا چوونەتە قووڵایی بازاڕەکانی عێراق و کوردستانەوە.

ئەمانج یاجاتوومی سەرۆکی ژووری بازرگانی کە ڕەگەزنامەی هەردوو وڵاتی هەیە، گوتی کە کۆمپانیا گەورەکانی ئیسپانیا تەنیا بە بازاڕەکانی ئەفریقا و ئەمریکای باشوور راهاتوون و نایانەوێ ڕێگەی بازرگانی دیکە تاقیبکەنەوە "زیاتر ئاسوودەن لەو ناوچانە، کاتێک دێتە سەر عێراق و کوردستان دەیانەوێ هەموو شتێک ئامادە بێت بۆیان بەر لە سەردانکردنیان".

یاجاتوومی کە بەهیوا بوو باڵیۆزە تازەکەی ئیسپانیا لە بەغدا کارئاسانی زیاتر بکات گوتی "دەبێت باڵیۆزخانەی ئیسپانیا لە بەغدا چالاکتر بێت لە رووی مامەڵەکردنی بازرگانییەوە لە نێوان عێراق و ئیسپانیا. زۆر قورسە بۆ کۆمپانیا ئیسپانییەکان بانگهێشتی کۆمپانیا کوردییەکان بکەن، چونکە باڵیۆزخانەی ئیسپانیا ئاسانکاری ناکات لە پێدانی ڤیزا".

ئەو گوتی "لە وڵاتانی دیکەی وەک ئیتاڵیا، لە ماوەی پێنج رۆژدا مۆڵەتی بانک وەردەگرن، لەکاتێکدا لە ئیسپانیا ماوەی 20 رۆژ تا مانگێک دەخایەنێ".

بەپێچەوانەوە، رێزان قادر، نوێنەری

سەرۆکی ژووری بازرگانی ئیسپانیا:

### کۆمپانیا گەورەکانی ئیسپانیا تەنیا بە بازاڕەکانی ئەفریقا و ئەمریکای باشوور راهاتوون

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا گوتی "پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئیتالیا و کوردستان یەکێکە لە باشترین پەیوەندییەکان لە ئەوروپا." رێزان گوتیشی "بەم دواییە 46 کۆمپانیای ئیتاڵی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە بۆ بەشداریکردن لە پێشەنگای نێودەوڵەتی".

چەند کۆمپانیایەکی ئیسپانی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، باسیان لە پێشکەوتنی کارە بازرگانییەکانیان کرد.

دەیڤد نکێدیڤ، بەڕێوەبەری بەشی هەناردەکردن لە کۆمپانیای ئارتێ ئۆساکا بۆ دیکۆری دیوار گوتی "کوردستانی عێراق شوێنێکی سەلامەتە بۆ وەبەرهێنان، بەپێی ئەزموونی خۆم خەڵکی ئێرە جدین بۆ بزنسکردن لەگەڵ بێگانەکاندا".

نکێدیڤ مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو لەگەڵ 17 کۆمپانیای دیکەی ئیسپانی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ بەشداریکردن لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر.

بە وتەی بەرپرسانی هەردوو وڵات، بەهۆی زۆریی هاندەرانی تیپەکانی تۆپی پێی ئیسپانیا لە کوردستان، ئیسپانیا دەتوانێ سوودێکی زیاتر لە هەرێمی کوردستان وەرگرێ لەرووی بازرگانیکردنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەک کۆمپانیای ئیسپانی لە هەرێمی کوردستان هەن.

کۆمپانیای ئیندرای، کە ئۆفیسی لە مەدریدە گرێبەستێکی وەرگرتووە بۆ بە دیجیتاڵکردنی ناسنامە لەسەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها کۆمپانیای نەوتی رێپسۆلی ئیسپانی لە ساڵی 2011 وە لە کوردستان کاردەکات، بەڵام گرێبەستەکەیان بچووکە.

یاجاتووم گوتی "راپسوول بە گرێبەستێکی بچووک لە کوردستان کاردەکات". گوتیشی "راستە بەغدا هەڕەشەی لەو کۆمپانیا بیانیانە کردووە کە لە کوردستان کاردەکەن، بەڵام ئەمە بیانوو نییە بۆ کۆمپانیا ئیسپانییەکان لەکاتێکدا چارەسەری ئەو بارودۆخە دەکرێت بخرێتە رێککەوتنی کۆتاییەوە".

هەروەها چەند کۆمپانیایەکی بچووکی هەرێمی کاتالۆنی ئیسپانی بەشدارن لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان وەک رێگەوبان و خانوو دروستکردن.

لەگەڵ ئەوەشدا، یاجاتووم پێشبینی دەکات کە کۆمپانیای گلۆبەسالودی ئیسپانی گرێبەستی بنیاتنانی یەک نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی لە سلێمانی و نەخۆشخانەیەکی 200 قەرەوێڵەیی لە دهۆک وەربگرێت.

ئەو گوتیشی "ئێمە باشترین بووین لە رووی پرۆفێشناڵی و نرخەوە، تێناگەم بۆچی تا ئێستا گرێبەستەکەیان وەرنەگرتووە، راست نییە ئەگەر ئەو کۆمپانیایە گرێبەستەکەی بۆ دەرنەچێ".

سەرەڕای کەمیی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا، بەڵام بەرپرسانی هەردوولا گەشبینن بە داهاتوو.

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەدرید گوتی "گرنگیدانی حکومەتی ئیسپانیا و کۆمپانیا تایبەتەکان لە بەرزبوونەوەدایە، جێی سەرسوڕمانە تا ئێستا کوردستان و ئیسپانیا مێژوویەکی درێژیان پێکەوە نییە". شەدەڵە گوتیشی "هەوڵدەدەین هانی کۆمپانیا ئیسپانییەکان بدەین و تێیانبگەیەنین کە کوردستان عێراق نییە، بەڵام دەرگایەکە بۆ عێراق."

شەدەڵە هەروەها دەڵێت سەرەڕای هەوڵەکانیان لەوبارەیەوە، هێشتا حکومەتی ئیسپانیا بە تەواوی نوێنەرایەتی لە هەرێمی کوردستان نەکردووەتەوە "بەڵام لەو باوەڕەداین ئەم هەنگاوە تەنیا پەیوەستە بە کاتەوە".

سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، شەدەڵە توانیویەتی پەیوەندی وەرزشی لە نێوان کوردستان و ئیسپانیا لە بواری تۆپی پێدا رێکبخات.

لەو رووەوە یانەی وەرزشیی هەڵەبجە بەم دواییە رازی بوو بە هێنانی راهێنەری وەرزشی لە یانەیەکی وەکو ئەتلەتیک بلباوەوە، یانەی ریاڵ مەدریدیش گرێبەستێکی ئیمزا کردووە بۆ دروستکردنی شوێنێکی وەرزشی بە ستانداردی یانەکانی ئیسپانیا.



# ئیماراتییەکان لە دەرگای کوردستانەوە دەچنە نێو بازاڕەکانی عێراق

**رووداو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتێک کە هەفتەی رابردوو بڵاوبووەوە، هەرێمی کوردستان دەرگای بازاڕەکانی عێراق بەڕووی کۆمپانیاکانی ئیماراتدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە بواری وزە، بیناسازی و گەشتوگوزار لە هەموو عێراقدا کاربکەن.

راپۆرتەکە کە لەلایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازی دوبەیەوە سەرپەرشتی کراوە و یەکەی زانیاری ئابووری کاری لەسەر کردووە، دەڵێت: "بۆ کۆمپانیاکانی ئیمارات هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی سەقامگیر و دەرگایەکە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق"

بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەدا هاوکاتە لەگەڵ چوونی شاندێکی بازرگانی پایەبەرزی ئیماراتی بۆ هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دوبەی.

بەپێی راپۆرتەکە، کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق کراوەترە و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی چالاکانە کار لەسەر بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی کۆمپانیا بیانییەکان دەکات "گەشەسەندنی ئابووری هەرێمەکە بەهێزە و وەبەرهێنان لە بواری نەوت و غازدا زیاتر بەرەوپێش دەبرێت".

بەشداریی ئیمارات لە پێشخستنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا لە چەند ساڵی رابردوودا گەشەی بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی لە بواری بیناسازی و لۆجستیکدا. پارێزگای هەولێر بە تایبەتی گەشەسەندنی بیناسازی زۆری بەخۆوە بینیوە و نازناوی "دوبەیی عێراق"ی بۆخۆی مسۆگەر کردووە. وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، هەولێر خوازیارە ببێتە پێگەیەکی گرنگ لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە رێگەی راکێشانی گەشەسەندنی ئابوورییەوە لە رێی فڕۆکەخانەکەیەوە کە لە 2010دا کرایەوە.

راپۆرتەکە دەڵێت لایەنە باشەکانی کوردستان بریتین لە سەقامگیری، بەرەوپێشچوونی ژێرخان، هەڵوێستی باش بەرامبەر بە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی و بوونی پەیوەندی بەهێزی ئابووری لەگەڵ تورکیا. راپۆرتەکە هەروەها دەڵێت جگە لەبواری نەوت، هەولێر جەخت دەکاتە سەر پەرەپێدانی ناوچەی بازرگانیی ئازاد، توریزم، پیشەسازی سووک و کشتوکاڵ.

هەروەها رێژەیەکی باش لە وەبەرهێنانی ناوخۆیی بۆ ئاراستەی خانووبەرە و نوێکردنەوەی ژێرخانی خانووبەرە تەرخانکراوە. گەشەیەکی باشی بواری خانووبەرە و نیشتەجێبوون لە لایەن کۆمپانیا تورکی و لوبنانیەکانەوە هاتووەتە ئارا و بەم دواییەش کۆمپانیایەکی ئیماراتی بە ناوی ترۆجانس کۆنسترەکشن پرۆژەیەکی بیناسازی سێ ساڵەیی گرتووەتە ئەستۆ.

مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوو کۆمپانیای ئەلئیعماری دوبەی پرۆژەی سێ ملیار دۆلاریی "داون تاون ئەربیل"ی دەستپێکرد. ئەو پرۆژەیە نزیکەی 35 هەزار هەلی کار دەرەخسێنێ و بە تەواوبوونی شێوەی شاری هەولێر دەگۆڕێت.

چەندین کۆمپانیای دیکەی ئیمارات لە چەند بوارێکدا لە هەرێمی کوردستان چالاکن، لەوانە دانا گاز، رۆتانا، ماجد ئەلفوتەیم و کۆمپانیای وزەی نەتەوەیی ئەبوزەبی.

هەروەها کەرتی بانکیش لە گەشەسەندندایە و بانکە بیانییەکان، بەتایبەتی بانکە تورکی و لوبنانییەکان و هەروەها بانکی HSBC و ستاندەرد چارتەرد لە هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنانیان دەستپێکردووە.

پیشەسازی، بە تایبەتی پیشەسازی کەرتی نەوت و غاز 22%ی بەرهەمی ناوخۆیی (جی دی پی) پێکدەهێنێت، بەڵام پیشەسازییە سووکەکانی وەکو لە قوتوونان و کەرەستەی بیناسازی و خواردنەوە سووکەکان سەرنجی هەندێک لە کۆمپانیا بیانییەکانی ئەو بوارەی راکێشاوە، لە نێویشیاندا کۆمپانیای پێپسی و کۆکا کۆلا.

لە هەمانکاتدا، گەشتوگوزار 19%ی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنێت. لە 2010دا یەک ملیۆن و 300 هەزار گەشتیار سەردانی کوردستانیان کردووە کە 20 هەزار لەوانە لە دەرەوەی عێراقەوە هاتوون. راپۆرتەکە دەڵێت رۆژئاواییەکان زیاتر بۆ مەبەستی بازرگانی سەردانی کوردستان دەکەن، بەڵام گەشتیارانی تورکی و ئێرانی بۆ بینینی سروشتی کوردستان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

دەربارەی عێراق بە گشتی، راپۆرتەکە دەڵێت عێراق بووە بە یەکێک لە دیارترین هاوکاری بازرگانی ئیماراتی و دووەم گەورەترین بازاڕە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی هاوردەکانی ئیمارات. ئامارەکانی ئیمارات قەبارەی بازرگانی نێوان ئیمارات و عێراق بە 8 ملیار دۆلار لە ساڵی 2012دا دەخەمڵێنن.

راپۆرتەکە دەڵێت، بازرگانی دوولایەنە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە تایبەتی دوای کردنەوەی هێڵی ئاسمانی کارگۆی نێوان بەسرە و دوبەی زیادی کردووە، کە بە هۆیەوە پێداویستی ئامێری کۆمپانیا نەوتیەکان و پێداویستی خواردەمەنی دەگوازرێتەوە.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە "عێراق لە پێنج ساڵی داداێ دەبێتە یەکێک لە خێراترین گەشەی ئابووری لە جیهاندا. بەڵام وەکو هەر بازاڕێکی دیکەی ناسەقامگیر، درێژەپێدانی ئەو دۆخە پڕ لە کۆسپ و تەگەرە دەبێت."

# گەشتیارە سەرکێشەکانی ئەوروپا روو لە کوردستان دەکەن

**ئەلێکساندەر دی ستێڤانۆ**
**رووداو- نەمسا**

سەرەڕای ژێرخانە سنووردارەکەی، هەرێمی کوردستانی چاوی بڕیوەتە راکێشانی گەشتیارانی ئەوروپی. مێژووی دێرینی کوردستان، ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمجار مرۆڤایەتی شاری تێدا دروستکرد، هاوکارە بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمینجار بەشداری لە پێشەنگای گەشتوگوزاری "فێرین-مێسێ-وێین" کرد لە ڤیەننا کە لە 16تاوەکو 2014/1/19 بەردەوام بوو. ئەو پێشەنگایە گەورەترین پێشەنگای گەشتوگوزاریی نەمسایە. لە پێشەنگاکەدا هەرێمی کوردستان وەکو شوێنێکی خۆش و خاوەن سروشتی جوان ناسێنراوە.

د.مستەفا رەمەزان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەمسا دەڵێت "زۆر لە خەڵکی ئێرە کوردستان ناناسن، ئامانجی ئێمە ناساندنی کوردستانە بە هەموو ئەو کەسانەی حەز بە گەشت و سەرکێشی دەکەن".

ئەو هەروەها دەڵێت "یەکێک لەو هۆکارانەی وای لێکردین بەشداری لەم پێشەنگایەدا بکەین، ئەوەیە کە ئەمساڵ هەولێر وەکو پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی هەڵبژێردراوە".

هەولێری پایتەختی کوردستان بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دادەنرێت کە بە بەردەوامی مرۆڤی تێدا ژیاوە. هەولێر لە 8000 ساڵ پێش ئێستاوە ژینگەی مرۆڤ بووە. هەروەها کوردستان بە شوێنەواری دێرین دەوڵەمەندە و 3000 شوێنەواری دۆزراوەی هەیە.

مستەفا دەڵێت ئەو بە هیوایە بە بەشداریکردن لەو پێشەنگایە، کوردستان و مێژووە دێرینەکەی، خەڵکی جیاواز و سروشتە جوانەکەی بە سەردانیکەران بناسێنێ.




شوێنی هەرێمی کوردستان لە پێشەنگای گەشتوگوزاری "فێرین-مێسێ-وێین" لە ڤیەننا

بەپێی داتاکانی بۆردی گەشتیاری کوردستان، ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی 30% زیادی کردووە و لە نێو گەشتیاراندا ژمارەی گەشتیارانی ئەمریکی و ئەوروپی لە زیادبووندان.

بەڵام ئێستا زۆربەی گەشتیاران لە بەشەکانی دیکەی عێراق و ئێرانەوە سەردانی کوردستان دەکەن. بە وتەی رێبوار ئازاد، وتەبێژی کۆمەڵەی کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکانی کوردستان، تەنیا پێنج کۆمپانیای گەشتوگوزاری بیانی لە ئەوروپا و ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشت بۆ کوردستان رێکدەخەن. ئەو هەروەها دەڵێت کە ساڵانە تەنیا هەزار گەشتیار لە وڵاتانی ئەوروپاوە سەردانی کوردستان دەکەن.

دانیاڵ گۆنزالێس، گەشتیارێکی ئیسپانی کە لەگەڵ کۆمپانیای بالبێچ سەما تورس لە لوبنان و کۆمپانیای ئۆریکسا لە بەرشەلۆنە کاردەکات، لەگەڵ یەکەم گرووپی گەشتیاریدا لە بەرشەلۆنەوە سەردانی کوردستانی کرد. گۆنزالێس دەربارەی گەشتەکەی دەڵێت ئەم جۆرە شوێنانە زیاتر سەرنجی گەشتیارە سەرکێشەکان رادەکێشن.

ئەو دەڵێت "ئێمە کە گرووپێکی 20 کەسی بووین، زۆربەیان لە تەمەنی نزیک 50 ساڵیدا بوون و زۆربەیان زۆر شارەزای بواری گەشتکردن بوون و گەشتی زۆریان کردبوو، چووینە هەولێر".

گۆنزالێس بەردەوام بوو لە قسەکانی "خەڵکی ئاسایی سەردانی ئەم جۆرە شوێنانە ناکەن، گەشتیاران سەردانی شاری گەورە و گوندی گەشتیاری دەکەن. هەرچەندە کورد و گەشتیارانی دیکەی ناوچەکە حەز بەسەردانی ناوچە شاخاوییەکان ناکەن، بەڵام ئەوروپییەکان حەزیان لەو جۆرە شوێنانەیە. رێگاوبانەکان زۆر خراپ بوون، بەڵام ئەوروپییەکان هێشتا حەز بە گەشتکردن بۆ ئەو ناوچانە دەکەن".

لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی عێراق بەدەست توندوتیژی بێ کۆتاوە گیریان خواردووە، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی سەقامگیرە لە رووی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە، ئابوورییەکەی لە گەشەسەندنێکی خێرادایە. بەڵام گۆنزالێس دەڵێت، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بە جددی دەیانەوێت کار لەسەر ئەوە بکەن کوردستان ببێتە جێگەی گەشتیاری بۆ گرووپی گەشتیاری گەورە گەورە، ئەوا کوردستان زۆر کەموکوڕی هەیە کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە.

گۆنزالێس دەڵێت "گەشتیارە ئیسپانییەکان زۆر هەستیان بە سەلامەتی دەکرد. زاڵگەی پۆلیس لە هەموو شوێنێکی هەرێمەکەدا هەیە". بەڵام گوتی "شوێنە گەشتوگوزاری و مێژووییەکان بە رێکی دیاری نەکراون کاتێک کە تەماشایان دەکەی، نازانی تەماشای چی دەکەی، رێبەری گەشتوگوزاری لە کوردستاندا نییە".

بەڵام ئەم کێشەیە تا رادەیەک بۆ گەشتیارە ئینگلیزی زمانەکان چارەسەرکراوە. ساڵی پار ئی بز گایدز، کتێبێکی دەربارەی کوردستان بە چاپ گەیاند. هەروەها نووسەر و فۆتۆگرافەری هۆڵەندی یڤۆنە فان دەر بیل بەم زووانە کتێبێک بۆ گەشتیارانی کوردستان بڵاودەکاتەوە کە دوو ساڵە کاری لەسەر دەکات.

گۆنزالێس دەڵێت، گرووپە گەشتیارییە ئیسپانییەکە لە فڕۆکەخانەی هەولێر لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی گەشتوگوزارەوە پێشوازییان لێکرا "کوردستان زۆر گرنگی بە بەرەودان بە گەشتی ئەوروپییەکان دەدات".

کوردستان ڤیزا بە گەشتیارانی وڵاتانی ئەوروپا هەر لە فڕۆکەخانەوە دەدات و بەم زووانە چەند وڵاتێکی کەنداوی بە نەوت دەوڵەمەندیش دەخاتە هەمان لیستەوە.

بە هاوکاری راوێژکارانی بیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی درێژخایەنی داناوە کە لەساڵی 2025دا 7ملیۆن گەشتیار راکێشێت و لە ئەنجامیشدا 2.17 ملیار دۆلار لە داهاتی گەشتوگوزاری کۆبکاتەوە.



## موکەڕەم تاڵەبانی:

# ئەحمەد حەسەن بەکر پێیگوتم بڕۆن جیابنەوە و یەخەمان بەردەن

پێی ناوەتە 94 ساڵی تەمەنیەوە، یەکێکە لەو چەند کەسەی کە ساڵی 1938 کۆمەڵەی دارکەریان دامەزراندووە، ئەو کۆمەڵەیەی بووە بناغە بۆ حیزبی هیوا. پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی و لەماوەی ئەو ساڵانەدا دوو جار زیندانی کراوەو ساڵانێکیش وەزیری ئاودێریی عێراق بووە لەپشکی حیزبی شیوعی.

بۆ گێڕانەوەی هەندێک لەو بیرەوەریانە چووینەماڵەکەی لە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی، لەدەرگای ئەو خانووەی کە تێدا دەژی و دەکەوێتە ناو باخچەکەی سەعید بەگ، چاوەڕوانی دەکردین. پیاوێکی شیکپۆش، تەمەنی هێشتا زەفەری بە بەژن و باڵای نەبردووە و قنج و قیت، زۆربەی یادەوەرییەکانی لەبیرماوە. وەکو خۆی بۆی باسکردین، هەموو بیرەوەرییەکانی لە چەندین بەرگدا نووسیوەتەوە.

لەو ژوورەی کە دەیڕوانییە سەر باخچەکە، گفتوگۆکەمان تێکەڵ بە نەغمەی ئەو باڵندانە دەبوو کە بەناو دارەکاندا دەهاتن و دەچوون. مامۆستا موکەڕەم بە دڵێکی کراوەوە گوێی بۆ شلکردین و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

2-1

**ڕووداو: حەزدەکەین سەرەتا باسی ژیانی لاوێتی خۆتمان بۆ بکەی؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** من لەساڵی 1923 لە کەرکووک لەدایکبووم. منداڵیم لە دێیەک بردەسەر کە ناوی (زەردیاوا) یەو کەوتووەتە خوارووی شاری کفری. ساڵی 1931 لە کفرییەوە بۆ خوێندن هاتمە کەرکووک و قوتابخانەی سەرەتاییم لەوێ تەواوکرد. ئێمە لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووین و لە کەرکووکیش زۆربەی ژیانم لە تەکییەی تاڵەبانی بەسەر بردووە، لەدوای مردنی باپیرم لەژێر چاودێری شێخ جەمیلی مامدا بووم، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، چوومە سانەوی مەرکەزی لە کەرکووک کە تەنیا خوێندنگەیەکی ئامادەیی بوو لە هەموو کوردستاندا، چونکە ئەو وەختە نە لە سلێمانی و نە لە هەولێر و نە لە قەزاکان ئامادەیی نەبوو، تەنیا قوتابخانەی ناوەندی هەبوو، بۆیە قوتابیانی کورد بۆ خوێندن دەهاتن بۆ کەرکووک، هەندێکی کەمیان دەچوونە بەغدا. من لەساڵی 1937 چوومە سانەوی مەرکەزی، ئەوکاتە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی دیکە کە یەکێکی تورکمان بوو ڕێکنەدەکەوتن، حکومەت هەردووکیانی گواستەوە بۆ خوارووی عێراق، مامۆستا ڕەفیق حیلمی گواسترایەوە بۆ عەمارە و تورکمانەکەش بۆ بەغدا، قوتابییە کوردەکان لەژێر کاریگەری ئەودا بوون، بە ئامانەت دەیڵێم ئەوەی کە ئێمەی کۆکردەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک، یونس ڕەئوف دڵدار بوو کە لە کۆیەوە هاتبووە کەرکووک. ئێمە پێنج کەس بووین کە ئەو کۆمەڵەیەمان دامەزراند (مەبەست کۆمەڵەی دارکەرە)، ئەوانیش من و یونس ڕەئوف دڵدار، کاکە حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا، بورهان حامید بەگی جاف و یەکێکیش خەڵکی هەولێر بوو وابزانم ناوی جەلال قادر بوو کە چووە کۆلێژی سەربازی و بووە ئەفسەر، بەڵام بە گەنجی ئەمری خوای کرد، لەوکاتەدا زۆربەی قوتابیانی کوردستان لە کەرکووک کۆدەبوونەوە، ئەو کۆمەڵەیەش کە لەوێ دامەزرا، لە کاتێکدا بوو کە گەلێک لە مامۆستایانی ڕەگەزپەرستی سووری و لوبنانی و فەلەستینی لە عێراق لە دەوری مەلیک غازی کۆببوونەوە، وایان تێگەیاندبوو کە دەتوانێ ببێتە بسمارکێک بۆ وڵاتە عەرەبییەکان و عێراقیش ببێتە بروسیا، لە دەرسی مێژوودا کە کەسێک پێیدەگوتین، ناوی محەممەد شوخەیر بوو، ئەندامی یەکێک لە حیزبە ڕەگەزپەرستەکان بوو لە لوبنان، هەمیشە لەسەر ئەوە تەئکیدی دەکردەوە کە چۆن یەکێتی وڵاتە عەرەبەکان وەک یەکێتی ئەڵمانیا دروستبکات، کەسێکی وەکو بسمارک کە مەلیک غازییە ببێتە سەرۆک، ئەمە کاردانەوەیەکی لەناو ئێمەدا دروستکردبوو، یەکێکی ڕەگەزپەرست لەناو قوتابخانەیەکدا بێت کە زۆربەی کورد و تورکمان بێت، دیارە کوڕی ئەفسەرە عەرەبەکانیشی تێدا بوو ئەو قوتابخانەیە. مامۆستا هەمیشە باسی لەو شتانە دەکرد. بە نیسبەت ئێمەی کوردیشەوە نە بسمارکێکمان هەبوو نەهیچ کە بتوانێ وڵاتی کوردستانی دابەشکراو لە نێوان ئەم حکومەتانەدا کۆبکاتەوە و بیانکاتە یەک دەوڵەت، ئەوەی کە بە بیرماندا دەهات یەکخستنی ئیتالیا بوو لەلایەن گاری باڵدی و کۆمەڵەی کاربۆناری بە واتای (خەڵوزفرۆشان)، بۆیە لەسەر ئەو بیرۆکەیە کۆمەڵەیەکمان دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی (دارکەر).

**ڕووداو: بۆچی ئەو ناوە؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** هەر بەناوی ئەو کۆمەڵەیەوە بوو کە لە ئیتاڵیا دامەزرابوو. بێگومان ئێمە خەڵوزفرۆش نەبووین، ئەو ناوەمان بۆ ئەوە بوو کە ڕەنگە لە کوردستان گاری باڵدی پەیدابێت و بتوانێت ئەوەی کە بسمارک لە ئەڵمانیا کردی ئەم لە کوردستان بیکات، لەبەرئەوە ناومان لێنا دارکەر، کاتێک ناوی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوبووەوە، گەلێک خەڵک هاتنە ناوییەوە، چونکە ئەو قوتابیانەی کە لە هەولێر و سلێمانی و قەزا و ناحییەکانەوە هاتبوون ئەوان لە وچانی نیوەی ساڵدا کە دەگەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان باسی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان دەکرد، ئەوەبوو کۆمەڵە گەورە بوو، تەنیا لە سنووری قوتابیاندا نەما، بەڵکو مامۆستایانیش هاتنە ناویەوە، هەروەها خوێندنگا دینیەکانیش هاتنە ناوی، بیرمان کردەوە کە ئیدی کۆمەڵە لەوەدا نەماوە ئێمە بتوانین ئیدارەی بکەین، بیرکرایەوە کە ئەم کۆمەڵەیە ببێتە حیزبێکی سیاسی و شەخسێکی سیاسی کوردستان تەکلیف بکرێت کە سەرکردایەتی بکات.

**ڕووداو: هیچ بەڵگەنامەیەک، گۆڤارێک یان شتێکی ئەو کۆمەڵەیە ماوە؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** نەخێر، هیچ نووسراوێکی تایبەت بەو کۆمەڵەیە دەرنەچوو، نە دەستنووس، نە چاپەمەنی، تەنیا بیرەوەرییەکە کە دەڵێن ئەو کۆمەڵەیە هەبووە. لە حوزەیرانی 1938 بڕیاردرا کۆمەڵە بکرێتە حیزبێکی سیاسی، ئەوەبوو لە کەرکووک کۆنگرەیەک بەسترا کە نزیکەی 60 قوتابی بەشدارییان تێدا کرد، هەندێک کەسایەتی کوردیان هەڵسەنگاند تا تەکلیفیان بکەن بۆ سەرۆکایەتی ئەو کۆمەڵەیە، ئەو وەختە ناوی هیوا لەناو ناواندا نەبوو، بەڵام بڕیار ئەوەبوو کە ببێتە حیزبێکی سیاسی، ئەوانەی باسیان لێوەکرا، تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی، جەمال بابان، مەعرووف جیاووک، هەروەها ڕەفیق حیلمی بوون، ئەوە نەبوو ڕەخنەیەک لەوانی دیکە هەبێ، بەڵام نزیکترین کەس بۆ کۆمەڵە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بوو، چونکە ساڵێک لەوەوپێش بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، پێوەندی لەگەڵیاندا هەبوو، دوای ئەوە کەسێکی ناسراو بوو، بەتایبەتی لە مەسەلەی کوردایەتیدا، بۆیە لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا تەکلیف بکرێت و مامۆسا ڕەفیق حیلمی بکرێتە سەرۆکی ئەو حیزبە. ڕەفیق حیلمی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئیستەنبوڵ یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (هێڤی) کە قوتابیانی کورد لە ئیستەنبوڵ دایانمەزراندبوو. بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ناوە، پێشنیازی کرد ناوی حیزبەکە بکرێتە هیوا. کاتێک تەکلیف کرا بە خۆشییەوە ئەو داوایەی قەبوڵ کرد، لەوکاتەدا لە بەغدا بوو، زۆریشی پێنەچوو بووە موفەتیش و نێردرا بۆ سلێمانی، لەو ماوەیەدا ئێمە کە یەک بە دوای یەکدا قوتابخانەی ئامادەییمان تەواو دەکرد، دەچووینە کۆلێژەکانی بەغدا دەمانخوێند. زۆربەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی دارکەر هێواش هێواش چوونە بەغدا، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە سلێمانی بوو، ئیدی ئەو پێوەندییە نەبوو کە کۆمەڵەی دارکەر و حیزبی هیوا لەگەڵ لیژنەی مەرکەزی و سەرۆکی حیزب کۆببێتەوە و بڕیار لەسەر شتەکان بدات، حیزبی هیواش بەرنامەی نەبوو، تەنیا بەرنامەیەکی گشتی هەبوو بۆ کوردستان، ئەوانەی دەڵێن بیری نازییەتیان هەبوو ڕاست ناکەن، چونکە ڕەفیق حیلمی بیری نازیزمی نەبوو، بەڵکو بیری بەرەو بەریتانیا دەچوو نەک نازیزم، بەڵام ئەندامانی حیزب لەوکاتەدا کە بیری نازیزم لە جیهاندا بڵاوبوو، جۆرە لاساییەکیان هەبوو نزیک بوو لە نازیزمەوە، بەڵام بیری نازێتی نەبوو، یەعنی بڵێین لەناو قوتابیانیشدا بیری نازێتی هەبووبێ، هیچ پێوەندییەکی بە نازیزمەوە نەبوو. ئەوە نەبوو چاوەڕێ بن ئەڵمانیا شتێک بۆ کورد بکات.

**ڕووداو: کوردی پارچەکانی دیکە لە حیزبی هیوادا هەبوون؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** نەخێر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کەسی وای تێدا نەبوو، حیزبی هیوا هەر لە کوردستانی عێراق بڵاوبووەوە، هەرچەندە شعوریان بەرامبەر کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبوو، بەڵام کەسی تێدا نەبوو، لە ماوەیەکدا کە ئێران داگیرکراو ڕەزا شا دەرکرا لە ئێران، بێگومان هیوا ئەندامی ناردە مەهاباد، لقی حیزبی هیوا بەناوی کۆمەڵەی (ژ ک کاف) دروستبوو، وەکو لقی هیوا وابوو، پاشان بووە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد.

**ڕووداو: کۆمەڵەی (ژ ک کاف) کورتکراوەی چییە؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** بەمانای ژیانەوەی کورد بوو، تەنانەت گۆڤارەکەیان کە ناوی (نیشتیمان) بوو، لەلای سەرەوەی نووسرابوو بژی هیوا، بژی سەرۆکی هیوا. چونکە وەک لقێکی هیوا بوو، دوایی جیابووەوە و بووە حیزبێک بۆ خۆی، ئەوانەشی کە هاتوچۆی کوردستانی ئێرانیان دەکرد و دایانمەزراند، چەند ئەفسەرێک بوون لەو ئەفسەرانەی کە ئەندام بوون لە حیزبی هیوا.

**ڕووداو: تۆ بۆچی لە حیزبی هیوادا نەمایت؟ بۆچی چوویتە ناو حیزبی شیوعی؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** حیزبی هیوا تێکچوو بۆیە چوومە ناو حیزبی شیوعی. لە شۆڕشی 1945 حیزبی هیوا بێتوانا بوو لەوەی کە یارمەتی شۆڕش بدات، لە نامەیەکدا کە مەلا مستەفا بۆ ڕەفیق حیلمی نووسیبوو داوا دەکات خۆپێشاندان بکرێ و ڕێگە بگیرێت، بەڵام هیوا نەیتوانی هیچ بکات، کە ئەوەی بۆ نەکرا شۆڕش شکستی هێنا و هیواش تێکچوو، دیارە ئەو وەختە پێش ئەوەی تێکبچێت، جۆرە مساوەمەیەک لە بەینی ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا هەبوو، بۆیە دواتر کرایە وەزیری دەوڵەت، من یەکێک بووم لەوانەی کە ئەوەم فەزح کرد و گوتم چۆن لە پشت حیزبەوە مساوەمە دەکرێ لەسەر کورسیی وەزارەت؟

ئێمە نزیکەی 20 کەس بووین کە لە حیزبی هیوا دەرکراین، بەڵام دەرکردنەکە هەر بە ڕواڵەت بوو، چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبی هیوا هەر هەبوو، بەڵام ئەوە هۆکارێک بوو بۆ شکستهێنانی شۆڕش و حیزبی هیواش پارچە پارچە بوو، لەساڵی 1946 بەشی کۆتایی ئەو حیزبە خۆی هەڵوەشاندەوە، بەشێکیان چوونە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە لەو سەروبەندەدا دامەزرابوو، بەشێکیش چوونە ناو حیزبی شیوعی و بەشێکیشیان وازیانهێنا و دانیشتن.

**ڕووداو: مامۆستا ڕەفیق حیلمی کەسێکی تاکڕەو و دیکتاتۆر بوو لەناو حیزبدا؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** ڕەفیق حیلمی وەکو قوتابی تەماشای ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی دەکرد کە چۆن قوتابی بوون لەلای خۆی و ئەو بەڕێوەبەریان بوو، ئەمری بەسەر هەموویاندا دەکرد. چەند جارێک چەند کەسێکی لە قیادەی حیزب دەرکرد، ئەوانەی لە قیادەی حیزب دەریکردن دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر و حیزبی هیوا بوون. یونس ڕەئوف دڵدار، کاکە حەمەی خانەقا و هەندێک ئەفسەر لەوانە بوون کە دەریکردن، کە بڕیارێکی دەردەکرد دەبوو قبوڵ بکرێت.

**ڕووداو: خەڵکانێک ڕەخنەی ئەوە لە حیزبی شیوعی عێراقی دەگرن کە هەڵوێستێکی باشی نەبووە لەسەر مەسەلەی کورد و مەسەلەی مافی چارەنووسی کورد؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** لەڕووی مەبدەئییەوە حیزبی شیوعی لە خەمی ئەوەدا بوو هەموو میللەتێک داوای مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی بکات هەتا دەگاتە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان. لەو ماوەیەدا کە حیزبی هیوا هەبوو، هیچ کارێکی پێ نەدەکرا، حیزبی شیوعی لە ڕۆژنامەی (القاعیدە) کە بە نهێنی دەردەچوو وتارێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەڵێ "الشعب الكوردي بحاجه الى حزب العمل لا حزب الامل" واتە کورد پێویستی بە حیزبی کارە نەک هیوا. مانای ئەوەبوو کە حیزبی ئەمەل هیچ کارێک ناکات، کورد حیزبێکی دەوێت کە بتوانێ کار بکات، داوایشی لە ئەندامانی هیوا و حیزبی هیوا دەکرد کە داوای دیموکراسی بکەن بۆ عێراق، چونکە بە دیموکراتیەت میللەتی کورد دەتوانێ بڕیاری خۆی بدات، ئایا دەیەوێ بمێنێتەوە یاخود جیاببێتەوە و بۆخۆی دەوڵەتێک دابمەزرێنێ. حیزبی شیوعی بە ئاشکرا ئەمەی داوادەکرد.

**ڕووداو: تۆ بۆخۆت تا کەی ئەندامی حیزبی شیوعی بوویت و کەی وازت لەو حیزبە هێنا؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** لە ساڵی 1945 کە حیزبی هیوا تێکچوو، من بوومە ئەندامی حیزبی شیوعی، تاوەکو ئەو کاتەی توانام هەبوو، پیر نەبووم هەر لە حیزبی شیوعیدا ئەندام بووم، بەڵام ئێستا خانەنشینم و دانیشتووم.

**ڕووداو: یەکترناسینی تۆ و سەددام حوسێن بۆ کەی دەگەڕێتەوەو چۆنت ناسی؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** لەساڵی 1946 لە کەرکووک پارێزەر بووم، لەوکاتەدا کرێکارانی نەوت لە کەرکووک مانیان گرتبوو کە پێیدەگوترێ قەزیەی (گاورباغی)، من وەکو پارێزەر بەرگریم لێدەکردن، هەر لەو سەردەمدا، فەهد و جەماعەت دەستگیرکرابوون، من لەگەڵ دەستەیەک لە پارێزەران دەچوومە بەغدا و بەرگریمان لێدەکردن، ئەو وەختە مەسەلەی سەددام و ئەمانە لە ئارادا نەبوو، کاتێکیش هێرش کرایە سەر حیزبی شیوعی و سەدان کەسیان لێگرتن، من یەکێک بووم لەوانەی کە دەستگیرکرام و بە 7 ساڵ بەندکردن حوکمدرام و 3 ساڵیش دەستبەسەری و ئیقامەی جەبری، ئەو ساڵانەم لە زیندان بەسەر برد و پاشان نەفیان کردم بۆ بەدرە، پاش ماوەیەک بە واستە گواسترامەوە بۆ کفری، سێ ساڵی دەستبەسەرییەکەم لەوێ بردەسەر، بە نهێنی چالاکیم هەبوو و پەیوەندیشم لەگەڵ حیزبدا هەبوو. لە پاش شۆڕشی 1958 هاتمەوە کەرکووک، داوام لێکرا ببمە بەڕێوەبەری گشتی (ئینحیساری توتن)، پاش ماوەیەک وەزارەتی کشتوکاڵ دامەزرا و کرامە پشکنەری گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی، لەو وەزارەتە مامەوە و لە حیزبیش ئیشم دەکرد، لە لیژنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بووم، لە کودەتای 1963 دووبارە دەستگیرکرام، لە دادگای شۆڕش کە بەعسییەکان دایاننابوو بە 3 ساڵ و نیو حوکمدرام و لە بەغدا زیندانی کرام، لەسەر داوای خۆم، داوام کرد بگوازرێمەوە بۆ نوگرە سەلمان، چونکە نزیکەی 1700 کەس لە شیوعییەکان لە نوگرە سەلمان زیندانی بوون، دوو ساڵ لەوێش مامەوە و دوایی ئازادکراین. لەناو حیزبدا بە نهێنی هەر کارم دەکرد تا کودەتای 1968 کە بەعسییەکان لە 17ی تەممووزدا کردیان. تا ئەوکاتە هیچ مەعلوماتێکم لەسەر سەددام حوسێن نەبوو. ئەو وەختە ئەویش هێندە دیار نەبوو لەناو حیزبدا، بەعسییە دیارەکان عەسکەرییە گەورەکان بوون نەک سەددام حوسێن. پێش ئەو ڕووداوە بە مانگێک، واتە لە مانگی حوزەیراندا، دکتۆر عیزەدین مستەفا کە ئەندامی حیزب بوو هاتە لام، ئەوکات نووسینگەی پارێزەریم هەبوو، گوتی "یەکێکی گەورە لە حیزبی بەعس دەیەوێت تۆ ببینێ"، دوایی زانیم کە یەکە گەورەکە ئەحمەد حەسەن بەکرە، چووین بۆ ماڵیان، ئەوەبوو ئەحمەد حەسەن بەکر دەستیپێکرد کە ئەوان شیوعی دەکوژن و شیوعیش بەعسی دەکوژێ، میللەت گشتی پەرت بووە، داوای کرد با شیوعییەکان سێ کەسیان لە حکومەتدا بەشداری بکەن. منیش پێمگوت: "هەتا ئێستا 800 کەس لە شیوعییەکان لە نوگرە سەلمانن، چوار هەزار کەس لە ئیشوکار فەسڵکراون. نە برادەرانی ئێمە و نە برادەرانی ئێوە لەڕووی دەروونییەوە ئامادە نین لەم کاتەدا ئەوە قبوڵ بکەن. ئێمە ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە پێویستە بەرهەڵستی بکەین، لە ساڵی 1963 چەند قوربانیمان دا، ئامادەین دوو ئەوەندەی دیکە قوربانی بدەین و مقاوەمەت بکەین، خۆ ئێمەش بیرمان لەوە کردووەتەوە کە هەتاوەکو کەی لە یەکتری بکوژین و کەی کاتمان هەبێت شتێک بۆ ئەم وڵاتە بکەین؟

من پێشنیازەکەم گەیاندە حیزب و ئەوانیش قبوڵیان کرد، هێواش هێواش ئەوشتانەی داوامان دەکرد جێبەجێ کران، بۆ نموونە 800 کەسەکەی نوگرە سەلمان ئازادکران. بەیانێکیان دەرکرد، ئەوانەی لە مانگی تشریندا فەسڵ کرابوون بگەڕێنەوە سەر ئیشەکانی خۆیان، زۆر شتیان کرد، بەڵام هەندێک خاڵی ناکۆکی لە نێوانماندا هەبوو کە ڕێگای نەدەدا بچینە ناو حکومەت و بەشداری بکەین، یەکێک لە خاڵە بنەڕەتییەکان مەسەلەی کێشەی کورد بوو، ئەوان لەگەڵ ئەوە بوون هاوکاری دەرەوەی جەماعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن. بە ئاشکرا هاوکاری ئەو جەماعەتەیان دەکرد کە لە پارتی جیاببوونەوە، واتە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و هەندێک کەسی دیکە لە دژی مەلا مستەفا، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە ئەم کێشەیە لەگەڵ مەلا مستەفا یەکلایی بکرێتەوە. ماوەیەکی خایاند، تەقریبەن تا کۆتایی 1969. شەوێک تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان وەرە بۆ کۆشکی کۆماری سەرۆک داوات دەکات، کە چووم سادم غەیدانم بینی، ئەوکاتە سکرتێری کاروباری شیمال بوو، پرسیم: بۆ داوای منتان کردووە؟ گوتی "تۆ کاندیدکراوی بۆ ئەندامی لیژنەی باڵای شیمال". گوتم: نایکەم! ئێمە ناکۆکیمان هەیە، ئەوان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن و ئێمە ئاراستەیەکی دیکەمان هەیە، داوامانکردووە کێشەی کورد لەگەڵ شۆڕش چارەسەر بکرێت، من لەم لیژنەیەدا فایدەم نابێت و ڕەنگە زەرەریشم هەبێت. گوتی: "ئێستا لە کۆبوونەوەدان و کە کۆتایی هات دێنە ئێرە". هەموویان لە کۆبوونەوەکە هاتنە دەرەوە و هاتنە ئەو قاعەیەی کە بۆ لیژنەی کاروباری شیمال دیاری کرابوو، دیار بوو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی مەسەلەی کوردیان کردبوو، چونکە کە هاتن ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر تووڕە بوو، هات لەلامەوە دانیشت وگوتی: "خوا قەبوڵ دەکات لەم وەختەدا کە وەزعی مالیمان لەوپەڕی خراپیدایە، ڕۆژانە بە ملیۆنان دینار سەرف بکەین بۆ ئەو شەڕەی لە کوردستان هەیە؟". منیش گوتم: بۆ لەگەڵیان ڕێکناکەون؟ گوتی: "ڕێککەوتنی چی بکەین؟ مەلا مستەفا ئینفیسالیە و کەسێکی واو وایە". گوتم: من تێدەگەم مەلا مستەفا بۆچی ئینفیسالیە؟ بۆ ئەوە چ عەیب و عارێکە ئەگەر میللەتێ زانی ناتوانێت لەگەڵ میللەتێکی دیکە بژی، ئەگەر ڕێگەیەکی دیکەی نەبێت؟. هێشتا هەر تووڕە بوو، گوتی: "ئێوە چیتان دەوێت؟ دەتانەوێ جیاببنەوە؟ بڕۆن جیابنەوە و یەخەمان بەردەن. منیش بە پێکەنینەوە گوتم: کێ یەخەی کێی گرتووە؟ ئێمە یەخەی ئێوەمان گرتووە یان ئێوە یەخەی ئێمەتان گرتووە؟ یەخەمان بەردەن و ئێمەش جیادەبینەوە، هەم ئێوە ئیسراحەت دەکەن و هەم ئێمە. نەختێ ساردبووەوە. ئینجا گوتی: "من ئامادەم وەرەقەی سپی ئیمزا بکەم و بیبە بۆ مەلا مستەفا، بڵێ چی دەوێت من ڕازیم لەسەری. پێمگوت: ئەمە مانای وایە تۆ لەسەر هیچ موافق نیت! ئێوە دەزانن مەلا مستەفا داوای ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کوردستان، ئێوە ئامادەن ئەوەیان بدەنێ؟ نەختێ بیریان کردەوە و گوتیان: "وەڵاهی ئێمەش فکری ئەوەمان نییە کە حوکمی زاتی چۆن دەبێ لە کوردستان! تۆ دەتوانی شتێکمان بۆ بنووسی هەتاکو دیراسەتی بکەین؟ منیش گوتم: بەڵێ، لە ماوەی دوو ڕۆژدا پێشکەشتان دەکەم. ئەوەبوو بۆم نووسین کە کێشەی کورد پێشکەوتووە و چووەتە قوناغێکی دیکەوە، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە تاوەکو ئێستا کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات، داوای شتێکی واقیعی کردووە. وادیاربوو ئەو نووسینەی منیان بۆ ئەوە دەویست کە لە کۆنگرەی حیزبی خۆیان قسەی لەسەر بکەن، ئەوەیان پەسەند کرد کە ئۆتۆنۆمی بدەنە کوردستان، دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا کە منیان بانگ کردبوو، سەددام حوسێنیش لەوێ بوو، ساڵح مەهدی عەماش، حەمدان تکریتی، عومەر حەزام و زۆری دیکە لەوێ بوون.

**ڕووداو: لەناویاندا کێ لە هەموویان زیاتر توند بوو بەرامبەر کێشەی کورد؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** خۆیان لەناوخۆیاندا وەزعیان باش نەبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمەد حەسەن بەکر قسەی کرد، لەلای منەوە دانیشتبوو، ئەوانی دیکە قسەیان نەدەکرد، ئەو گفتوگۆیە تەنیا لە نێوان من و ئەحمەد حەسەن بەکردا بوو.

---

- ڕەفیق حیلمی وەکو قوتابی تەماشای ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حیزبی هیوای دەکرد

- ڕەفیق حیلمی دڵداری شاعیری لە حیزب دەرکرد

- ئەحمەد حەسەن بەکر گوتی ئامادەم وەرەقەی سپی لەگەڵ مەلا مستەفا ئیمزا بکەم

- ڕەفیق حیلمی مساوەمەیەکی لەگەڵ ماجد مستەفا کردبوو، بۆیە دواتر کرایە وەزیری دەوڵەت

- ئەوەی ئێمەی کۆکردەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر یونس ڕەئوف دڵدار بوو

رووداو تاراوگە
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

## "رەش و سپی تێکەڵ مەکەن"



**رووداو- ئەڵمانیا**

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ALAF SCHOLZ، سەرۆکی فیدراڵی هامبۆرگ هێرشیان کردە سەر پەنابەران و گوتیان "پەنابەران بۆنی خوێنیان لێدێت". هاووڵاتییەکی کوردی دانیشتووی شاری هامبۆرگ بەناوی هاوڕێ جەبار، بە سەرۆکی فیدراڵی هامبۆرگی گوت "هەق نییە ئێوە هەموو بیانییەکان تێکەڵ بکەن و بەچاوی نیگەرانییەوە وەک یەک سەیریان بکەن، هەق نییە رەش و سپی تێکەڵ بکەن و پەنجەکانی دەستیش وەک یەک نین".

## پرۆگرامێکی ئەمریکی بە یەکێک لە حەوت کەسە زیرەکەکەی جیهان هەڵیبژاردووە

# داهێنەری دڵی دەستکرد کوردە



"ئێستاش حەزدەکەم لە چیاکانی کوردستان مەڕ بلەوەڕێنم و شمشاڵ لێبدەم"

**ئاڤا هوما**
**رووداو- کەنەدا**

سەرەڕای نازناوە نێودەوڵەتییەکەی وەک داهێنەری دڵی دەستکرد و دەیان بڕوانامەی رێزلێنان بەهۆی کارە پزیشکییەکانی، تۆفیق موسیوەند دەڵێ هێشتا دڵی لای ژیانی منداڵییەتی لە گوندەکەی خۆیان و خۆزگە دەخوازێت جارێکی دیکە بۆی بڕەخسێ لە چیاکانی کوردستان بەدەم لەوەڕاندنی مەڕەوە شمشاڵ بژەنێ.

موسیوەند دەڵێت "ژیانی منداڵی و هەرزەکاریم هێشتا جوانترین شتە بەلامەوە". ئەو حەز دەکات بیر لەوە بکاتەوە کە لە چیاکانە و چاودێری مەڕەکانی دەکات "چونکە لەو کاتانەدا نزیکم لە سروشت و نزیکم لە خودا".

ئاواتە سادەو ساکارەکانی موسیوەند تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ژیانی ئەکادیمی و دەستکەوت و داهێنانەکانی. موسیوەندی تەمەن 71 ساڵ کە کوردێکی دانیشتووی کەنەدایە و سەرۆکی پرۆگرامی ئامێرەکانی دڵە لە زانکۆی ئۆتاوا، نووسەری زیاتر لە 250 کتێب و توێژینەوەشە و خاوەنی چەندین خەڵاتی زانستییە.

یەکێک لە دیارترین کارەکانی، داهێنانی ئامێرێکی پەمپی خوێنە لە دڵەوە بۆ بەشەکانی لەش کە هەمان کاری دڵ دەکات. موسیوەند لەدایکبووی گوندی وەرکانەی سەر بە شاری هەمەدانە و بەبیری دێت لەکاتی منداڵیدا خەریکی ژەنینی شمشاڵ بووە لەکاتێکدا مەڕەکانی دەلەوەڕاند.

گوندەکەیان تەنیا یەک قوتابخانەی ئاینیی تێدا بووە کە لەگەڵ منداڵانی دیکە لەسەر فەرشێک دانیشتوون بۆ خوێندنی قورئان و فێربوونی فارسی، قوتابخانەکەیان تەنیا تا پۆلی چواری سەرەتایی هەبووە.

لە هاویناندا کاتێک لە سەربانی ماڵەکەیان خەوتووە، چاوی بڕیوەتە ئەستێرەکان پرسیار لە دوای پرسیار لە باوکی پرسیوە "باوکە ئەو خاڵە بریقەدارانە چین لە ئاسماندا؟ ئێمە کێین؟ چی دەکەین لێرە؟". پرسیاری لەم جۆرە کە موسیوەند دەڵێ تا ئەمڕۆش بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێ.

وەڵامەکانی ئەو، کوڕە چاوکراوەکەی رازی ناکەن، بۆیە لە کۆتاییدا موسیوەند دەبات بۆ شار و دەیخاتە قوتابخانەوە، لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و دواتر دەچێتە کۆلێژی مامۆستایان.

دوای تەواوکردنی کۆلێژ دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی و لەوێ دەبێتە مامۆستا لەو قوتابخانەیەی کە باوکی دروستیکردبوو. موسیوەند دەڵێ "لەو قوتابخانەیە هەر خۆم مامۆستا و بەڕێوەبەر و کارگوزاریش بووم".

باوکی موسیوەند کوردێکی خەڵکی باشووری کوردستان بووە، بە گرنگییەوە لە پرسیارەکانی کوڕەکەی روانیوە و ئەوەی لە توانایدا بووە کردوویەتی بۆئەوەی کوڕەکەی پێبگەیەنێ. دایکی دڵی بۆی سووتاوە کاتێک بینیویەتی تا درەنگانی شەو لەبەر چرا خەریکی خوێندنەوە بووە، بۆیە هەمیشە باوەشی پێدا کردووە و بە وشەی خۆشەویستی رێژنەبارانی کردووە.

پیشەی مامۆستایی نەیتوانی موسیوەند رازی بکات، بۆیە ئەمجارە بۆ خوێندنی ئەندازیاری دەچێتەوە تاران و بڕوانامەی ماستەر لە ئەندازیاری کشتوکاڵیدا بەدەستدێنێ.

پاش ئەوەی یەکێک لە پرۆفیسۆرەکانی بەهرە و توانای موسیوەندی بۆ دەردەکەوێ، هەلی قبوڵکردن و پارەی خوێندن بۆ موسیوەند مسۆگەر دەکات لە زانکۆی ئەلبێرتا.

موسیوەند خاوەنی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتییە، ئەو دەڵێ کوردبوونی ئەو، رۆڵی گرنگی هەبووە لە دروستبوونی کەسایەتیدا.

هێشتا ئەو گوێ لە گۆرانییە کۆنە کوردییەکان دەگرێ و لەو بڕوایەدایە هەڵی گونجاوی بۆ هاتووەتە پێشەوەو ئەوەش وادەکات کە خەڵکانی لێهاتووی کورد لە جیهاندا بناسرێن.

موسیوەندی بە توانا بە یەکێک لە حەوت زیرەکترین کەسەکانی جیهان هەڵبژێردرا لەلایەن پرۆگرامێکی ئەمریکیەوە، بەڵام ئەو رەتیکردەوە بەشداری تێدا بکات و گوتی "هەموو کەسێک دەتوانێ ئەوەی من کردوومە بیکات"، هەروەها گوتیشی "هەموو ئەوەی من کردوومە ئەوە بووە کە هەموو ساتێکم بەکارهێنا بۆ فێربوونی شتێکی نوێ. هەرگیز کاتی خۆم بەفیڕۆ نەدا، من کەسێکم زۆر حەزم لە فێربوونە".

پەیامی ئەو بۆ گەنجانی کورد ئەمەیە: "کۆڵ مەدە، کاتێک من شکست دەهێنم، کۆڵ نادەم. رێگە مەدە شکست تێکەڵی ژیانت بێت. مەڵێ من هەژارم و کوردم و هیچ هەلێکم لە ژیاندا نییە". هەروەها ئامۆژگارییان دەکات کە "هەرگیز رێگە بەخۆم نادەم ئەو باوەڕەم لادروست بێت کە نەبوونی پارە دەموەستێنێ". موسیوەند لەو رووەوە باسی ئەزموونی خۆی دەکات "کات هەبووە لە ژیانمدا کە پارچەیەک نان نەبووە بیخۆم، بەڵام ئەوە وای لێنەکردم کۆڵ بدەم".

ئەو زانا مەزنە بە تەنیا هەر ئەوە نییە کە مێشکێکی زیرەکی هەبێت. بە تەنیا ئەوەش نییە دڵێکی دەستکردی دروستکردبێت، بەڵکو خاوەنی دڵێکی گەورەیە، ئەو پیاوەی کە جیهان گەڕاوەو خاوەنی چەندین خەڵاتی رێزلێنانە، هێشتا ئەو کەسەی لەبیرە کە پارچەیەک نانی لەگەڵ بەشکردووە و هێشتا بەبیریەتی کە منداڵێکی شوان بووە و لە لێواری جۆگەلەیەکدا دانیشتووە.

موسیوەند دەڵێت "بەتامترین خواردن خواردبێتم پارچەیەک نانی کوردی بوو کە غەریبەیەک لەگەڵی بەشکردم لە نزیک رووبارێک، هەرگیز ئەو پیاوەم نەبینییەوە و رەنگە ئەویش ئەو کوڕە شوانەی لەبیر نەبێ کە تێری کرد، بەڵام بەخشندەیی ئەو کەسەم لەبیر نەچووەتەوە".

موسیوەند لە تەمەنی 71 ساڵیدا هەموو رۆژێک لە کاژێر 5 یان 6ی بەیانی دەست بەکارکردن دەکات تا 6ی ئێوارە، پاشان دەچێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ کاری زیاتر "خێزانەکەم وا هەست دەکەن من شێتم، چونکە کار بۆ پارە ناکەم، گوێ بە پارە نادەم، زۆرم پەیدا کرد و زۆربەشم لە دەستدا، زۆرم پێخۆشە یارمەتی خەڵکی بدەم و چاوەڕوانی هیچ ناکەم لە بەرامبەردا".

موسیوەند پێیوایە خودا ئەوی تەنیا بۆ کارکردن دروستکردووە "نازانم چی بکەم ئەگەر کارنەکەم، هەموو ئەوەی دەمەوێت بیکەم کەمکردنەوەی ئازارە بۆ مرۆڤایەتی و درێژکردنەوەی ژیانە. هێشتا تەندروستیم باشە و دەتوانم کار بکەم، بۆیە بەردەوام دەبم". ئەو دەڵێت "لەو بڕوایەدام کارەکەم خەڵاتە بۆ من لەلایەن خوداوە" بەڵام کات هەبووە باوەڕی بەو خودایە نەبووە کە ئێستا هەست دەکات زۆر لێی نزیکە "وامدەزانی من خوام، بەڵام رۆژێکیان لە وانەیەکی پزیشکیدا لە کاتێکدا خەریکی گفتوگۆکردنی پێکهاتەی ئاڵۆزی مێشکی مرۆڤ بووین. راچڵەکیم و تێگەیشتم لەوەی کە دروستکەرێکی بە توانا هەیە ناوی خودایە، کاتێک تەماشای گەردوون دەکەی ملیۆنان پارچە دەبینی کە لەگەڵ یەکدی پەیوەندییان هەیە".

بەڵام هێشتا موسیوەند خۆی بە پەیڕەوکاری ئاینێکی دیاریکراو نازانێ، ئەو دەڵێت "پێناسەی من بۆ خوداکەم جیاوازە، ئەو خودایەی کە من باوەڕم پێی هەیە بەلایەوە گرنگ نییە ئەگەر نەچم بۆ مزگەوت یان کەنیسە، بەڵام بەلایەوە گرنگە ئەگەر درۆ لەگەڵ خەڵک بکەم و دزییان لێبکەم، خودا چاودێرمانە و پێویستە ئەو توانایەی پێماندراوە بەکاری بهێنین بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە دەبێت بیکەین".

# ئەڵمانیا.. پۆلیس هەڵدەکوتێتە سەر بنکەی گرووپێکی کوردی

**رووداو- بۆن**

لە ئەڵمانیا پۆلیس جارێکی دیکە هەڵدەکوتێتە سەر بنکەی گرووپێکی کوردی کە دەگوترێ کاری نایاسایی دەکەن. هەفتەی رابردوو بینای پێشووی کۆمەڵەی (کوردستان- سەنتروم) کە دەکەوێتە ماکس شتراسەی شاری بۆنی ئەڵمانیا، لەلایەن پۆلیسەوە کەوتە بەر پشکنین.

ئەم بینایە ئێستا وەکو سالۆنی سەرتاشین بەکاردێت، پۆلیسیش پێیوایە گرووپێک لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی کارەکانی لەم شوێنەدا ئەنجامدەدات. هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە کردنەوەی ئەم شوێنە بۆ مەبەستی پەردەپۆشکردنی کارە نایاساییەکانیانە. پۆلیس لەکاتی هەڵکوتانە سەر سالۆنی سەرتاشخانەکە دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر کاغەزی نووسراودا گرت.

مانگی ئابی ساڵی رابردووش پۆلیس هەڵیکوتابووە سەر ئەو شوێنە و لەو ئۆپەراسیۆنەدا کەسێکی تەمەن 51 ساڵی خەڵکی سووریای دەستبەسەر کردبوو کە گوایە سەرۆکی تۆڕەکە بووە. هاوکارێکی تەمەن 50 ساڵەی ئەو کەسەش کە خۆیشی خەڵکی سووریایە، لەکاتی هەڵمەتەکەدا هەڵاتبوو. بەڵام مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو لە وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا دەستگیرکرا و رادەستی ئەڵمانیا کرایەوە.

هەڵمەتی ئەمجارەش هەر بۆ دەستبەسەرکردنی کەسێکی تەمەن 33 ساڵەی سووری بوو کە دەگوترێ کاری بە قاچاخهێنانی پەنابەران دەکات لە سووریاوە بۆ ئەڵمانیا. لەلایەکی دیکەوە فرێد ئاپۆستێلدا، داواکاری گشتی شاری بۆن رایگەیاند لە کاتی هەڵکوتانە سەر سالۆنەکە هیچ کەسێک دەستبەسەر نەکراوە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، ئەم تۆڕە تاوەکو ئێستا نزیکەی 25 کەسیان بە قاچاخ لە سووریاوە بەرێگای بولگاریا، رۆمانیا و نەمسا هێناون بۆ ئەڵمانیا و بڕی 6500 یورۆشیان لە هەر پەنابەرێک وەرگرتووە بەرامبەر گەیاندنیان بە ئەڵمانیا.

BUNDESPOLIZEI





# راپەرێکی کورد بە تۆمەتی هاندان بۆ تیرۆر دەدرێتە دادگا

**رووداو- ڤییەنا**

دوای ئەوەی پۆلیسی نەمسا بە بڕیاری دادگای هەرێمایەتی شاری گراتسا دوو راپەر دەستگیر دەکات کە یەکێکیان کوردە، دادگای ئەو شارە سزای هەردوو راپەرەکەی دا بە تاوانی هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی.

راپەری کورد ئۆسمان بوداک، لەگەڵ راپەرێکی میسری بەناوی یاسر جواید کە پێکەوە 3 کلیپی راپیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردووەتەوە، هانی گەنجان دەدەن بۆئەوەی جیهاد لەدژی ئیسرائیل بکەن و لە کلیپەکانیاندا کە تاوەکو ئێستا لەسەر یوتیوب 150 هەزار جار تەماشاکراون، باسی "سەربڕین" و "گوللەبارانکردنی خەڵک" دەکەن، ئەمە بەپێی قسەی داواکاری گشتی شاری گراتسای نەمسا.

هەر بەپێی قسەی داواکاری گشتی، دوو لەو گۆرانییانە پەسنی ماددەی هۆشبەر دەدەن و گۆرانی سێیەمیش بانگەوازە بۆ جیهاد لە دژی ئیسرائیل.

ئۆسمان بۆداک، تەمەن 23 ساڵ و یاسر جواید، تەمەن 25 ساڵ، پێشتریش لەسەر ماددەی هۆشبەر سزادراون. لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییەکە، مشتومڕ لەسەر ئەوەش کرا کە ئاخۆ سنووری هونەر و هونەرمەندان لەم جۆرە کارانەدا چەندە.

داواکاری گشتی باسی ئەوە دەکات کە هەردوو تۆمەتبارەکە لە گۆرانییەکانیاندا دژایەتی ئیسرائیل دەکەن. ئەو ئاماژە بە رستەیەکی نێو یەکێک لە گۆرانییەکانیان دەدات کە دەڵێ "من بەهۆی جیهادەوە شەهید دەبم". لە گۆرانییەکانی ئۆسمان و یاسردا باسی سەربڕین و گوللەبارانکردنی خەڵکیش دەکرێت.

هەردوو تۆمەتبارەکە لەنێو هۆڵی دادگادا پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد کە هیچ رق و کینەیەکیان بەرامبەر جوولەکە نییە و بەهەڵە لێیان تێگەیشتوون، بەڵام دوای خستنەڕووی هەموو ئەو خاڵانەی لە دژیان تۆمارکرابوون، دادگاکە لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەردوو تۆمەتبارەکەی تاوانبار کرد. دادگاکە بڕیاری 6 مانگ زیندانی بۆ ئۆسمان و 11 مانگ زیندانیشی بۆ یاسر بڕییەوە، هەروەها هەردووکیانی بە بڕێک پارە سزا دا. بەڵام ئەوەشی سەلماند کە کارەکەیان هونەرییە. لەلایەکی دیکەوە داواکاری گشتی پێیوابوو سزاکە کەمە و ئاماژەی بەوەدا کە لە دادگایەکی بەرزتر داوای دووبارە دادگاییکردنیان دەکەن.



یاسر جواید و ئۆسمان بوداک

رووداو
هونەری
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

## یەکەمین گرووپی میوزیکی کچانی هەولێر دامەزرا



**میوا سەلاح– هەولێر**

یەکەمین گرووپی میوزیکی و گۆرانی کچانی هەولێر دامەزرا، بەڵام یەک ئەندامی ئەو گرووپە خەڵکی هەولێر نین، تەنیا لەبەر خۆشەویستیان بۆ هەولێر ئەو ناوەیان هەڵبژاردووە. دیدە فەریدوون، ئەندامی گرووپەکە بە (رووداو)ی راگەیاند"ئێمە شەش کچی ژەنیارین، پێشتر بە جیا کارمان دەکرد بیرمان لەوە کردەوە لە گرووپێکدا کۆببینەوە، کەسمان خەڵکی هەولێر نین، تەنیا لەبەر دڵسۆزیمان بۆ هەولێر ئەو ناوەمان هەڵبژارد". ئەندامانی ئەو گرووپە زۆربەیان دەرچووی پەیمانگەو کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەشی میوزیک.

هانی :

# زۆرتر گوێ لە میوزیکی باکووری کوردستان دەگرم



**میوا سەلاح و ئەڤین سەلاح**
**رووداو– هەولێر**

هانی، کچە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەمێکە لە میدیاکان دوورە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دەیەوێ بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا چی بکات بۆ جوانترکردنی کارەکانی. هەروەها دەشڵێت کە بەنیازە کار لەسەر چەند مەقامێکی کوردی بکات.

هانی، خاوەن دەنگ و ستایلێکی تایبەت و سەرنجڕاکێشە کە زۆر لە شارەزایانی بواری میوزیک پێیانوایە دەنگەکەی زۆر گونجاوە بۆ گوتنی مەقام. خۆیشی لەوبارەیەوە دەڵێت "دەتوانم بە غروورەوە بڵێم دەنگم زۆر گونجاوە بۆ مەقام".

هانی بەدڵنیاییەوە دەڵێ "هەر تێکستێکم بدەنێ لە هەر قوتابخانەیەکی هونەری بێت دەتوانم بە شێوەی مەقام بیڵێم".

سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەلبوومێکی تایبەت بە مەقامیش گوتی "بیرم لەوە کردووەتەوە ئەلبوومێکی تایبەت بە مەقام بڵاوبکەمەوە، کاریشم بۆ ئەوە کردووە، لە ئەلبوومی داهاتووشمدا چەند مەقامێکی کوردیم ئامادەکردووە".

هانی کە خاوەنی چەند ئەلبوومێکی گۆرانییە، ئێستا پەنابەرە لە هەرێمی کوردستان و ناتوانێت بگەڕێتەوە زێدی خۆی: شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو رەخنەی لە کاری هونەری هەندێک لە هونەرمەندان هەیە و پێیوایە مەرج نییە هەر کەسێک گۆرانی گوت بۆی بڵاوبکەیتەوە و دەڵێت "ئێمە فێری موجامەلە بووین، فێر نەبووین کە یەکێک شتێکی ناشیرینی کرد پێی بڵێین ناشیرینە، پێموایە دەبێت فیلتەرێک هەبێت".

لە کاتێکدا زۆر لە هونەرمەندە گەنجەکان ئێستا پەنا بۆ زیندووکردنەوەی گۆرانییە فۆلکۆرییەکان دەبەن، هانی لە دوا ئەلبوومیدا میوزیکی کوردی و رۆژئاوایی تێکەڵ کردووە کە بە بڕوای خۆی کارێکی زۆرباشی کردووە "ئەو تێکەڵکێشانە سەد لە سەد سوودی هەیە بۆ هونەری کوردی، من پێم باشە لە پاڵ هونەرە فۆلکلۆرەکەی خۆمان هونەری دیکەش بهێنینە کوردستان بۆ ئەوەی کوردیش بێبەش نەبێت لە هونەر و میوزیکی جیهانی".

سەبارەت بە گوێگرتنیش لە میوزیکی کوردی، هانی دەڵێت "بە گشتی زۆر کەم گوێ لە میوزیکی لای خۆمان دەگرم، زۆرتر گوێ لە میوزیکی باکووری کوردستان دەگرم، چونکە هەست دەکەم ئەو جوڵە هونەرییەی لە باکووری کوردستان هەیە زۆر خێراترە لەوەی لە باشووری کوردستان هەیە".

دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هانی بۆ رێکلامێکی هەڵبژاردن پارەیەکی خەیاڵی لە حیزبێک وەرگرتووە. هانی نەیشاردەوە کە پارەی وەرگرتووە بەڵام گوتی "پارەیەکی خەیاڵی وەرنەگیراوە، بە دڵنیاییەوە من کارم کردووە و کارەکەشم لە ئاستێکی باشدا بووە، کەواتە دەبێت سوودیشی بۆ من هەبێت، خۆ نابێت بەلاش ئیش بکەین".

هانی پێیوایە بەهۆی ئەوەی حکومەت پاڵپشتێکی تەواو لە هونەرمەندان ناکات، بۆیە هونەرمەند مافی خۆیەتی رێکلام بکات "زەمانێک هەبوو خەڵک بۆ خۆشی خۆی دەچووە شوێنێک و بۆ خۆشی خۆی گۆرانی دەگوت، بەڵام ئێستا فەرموو بەڕێزت ژەنیارێک بهێنە بۆ من بە خۆڕایی میوزیک بژەنێ یان گۆرانییەکەم بۆ تۆمار بکات، بۆیە هونەرمەند ناچارە کارێک بکات کە بتوانێت پارەی کارەکانی بۆ دەربهێنێتەوە".

ئێستا بۆ زۆربەی بۆنەکانی کوردستان هونەرمەندی بیانی دێنە کوردستان، هانی جگە لەوەی رەخنەی لەوە هەیە، دەڵێت "بە داخەوە دەبینم گۆرانیبێژێکی بیانی بە تایبەت عەرەب دەهێنن کە لە ئاستی بچووکترین هونەرمەندانی کوردیشدا نین، دە قات و بیست قات پارەی زیاتریان دەدەنێ و رێزێکی زیاتریان لێدەگرن، ئەمە بەڕاستی ئازاری هەیە بۆ من و بۆ هونەرمەندە کوردەکانی دیکەش".

زۆر لە گۆرانیبێژان دوای ماوەیەک لە گۆرانیگوتن روو دەکەنە بواری سینەما، هانیش نایشارێتەوە کە حەزی لەو بوارە هەیە و دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند ئۆفەرێکیشی پێشکەش کراوە و دەڵێت "ئەگەر فیلمێکی باش هەبێت حەز دەکەم بەشداری تێدا بکەم، تاوەکو ئێستاش چەندین داواکاری و سیناریۆم بۆ هاتووە، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە من دەمەوێت".



### ژیانی تایبەتی هانی

هانی ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بەڵام جیابووەتەوە، ئێستا لە شاری هەولێر بە تەنیا دەژیت. هانی خۆی خواردن بۆ خۆی حازردەکات و وەک خەڵکیش باسی دەکەن چێشتلێنەرێکی باشە. هانی دەڵێت تاوەکو ئێستا سێ کۆرسی خواردن دروستکردنی بینیوە، بۆیە شارەزاییەکی باشی هەیە، گوتیشی "خواردنی کوردیم زۆر لا خۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا شێتی خواردنی ئێرانیم، بەڵام حەز لە خواردنی تورکی ناکەم، چونکە هەموو خواردنەکانیان یەک تامیان هەیە، پێشان کە دەهاتمەوە هەولێر کەبابی هەولێرم دەخوارد، بەڵام ئێستا هەست دەکەم کەبابی هەولێر وەک جاران نەماوە، بچووک بووەتەوە، جاران هێندە ناسک بوو هەڵدەوەری، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە".

هانی جار بەجار لەگەڵ هاوڕێکانی دەژیت و هەندێکجاریش بەتەنیایە، بۆ ئەو کاتانەی بە تەنیایە دەڵێت "گوێ لە میلۆدییەکی بەرز دەگرم و سەما دەکەم، لەماڵەوە ئەگەر کەسێکم لابێت شێت دەبێت".

سەبارەت بە پێکهێنانەوەی ژیانی هاوسەری و مەرجی ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەری، دەڵێت "هیچ مەرجێکم بۆ هاوسەری داهاتووم دانەناوە، گرنگ ئەوەیە لەگەڵی بگونجێم". هەروەها دەڵێت "ئەگەر کوڕێکم بە دڵ بوو پێم شەرم نییە بچمە خوازبێنی".

ئەگەر کوڕێکم بە دڵ بێت پێم شەرم نییە بچمە خوازبێنی

ئەگەر فیلمێکی باش هەبێت بەشداری تێدا دەکەم

هیچ مەرجێکم بۆ هاوسەری داهاتووم دانەناوە

# نیلوفەر ئیقبال

# بە کلاسیکی کوردی دەستیپێکرد



کچە سترانبێژی کورد نیلوفەر ئیقبال لە دەستپێکی ساڵی نوێدا ئەلبوومێکی بەناوی "کلاسیکەکانی کورد" بڵاوکردەوە. ئەلبوومەکە لە 15 گۆرانی کلاسیک پێکدێت کە هونەرمەند بە شێوەزاری کوردی سۆرانی، کرمانجی و زازاکی گوتوونی.

ئەو ئەلبوومە لەلایەن nam music & production بەرهەم هاتووە و لەلایەن کۆمپانیای سۆنی بڵاوکراوەتەوە. ئیقبال کە لە ساڵی 1995 بە ئەلبوومی "میرۆ" زۆر ناسرا. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی دوایین کار و ئەلبوومەکەی دەکات.

**رووداو – ئەڵمانیا**

**رووداو: ئێوە لە ساڵی تازەدا ئەلبوومێکی نوێتان بڵاوکردەوە، ناوەڕۆکەکەی چی تێدایە؟**

**نیلۆفەر:** ئەو ئەلبوومە بەری رەنجی یەک ساڵ کارکردنە، نزیکەی 20 گۆرانی کلاسیکی کوردیم هەڵبژارد، کە چەندین ساڵە لەماڵەوە بە بەردەوامی دەیانڵێمەوە. ئەو گۆرانییەم بۆ هاوڕێیەکانم بەشێوەیەکی راستەوخۆ گوتن و ئەوانیش گوێیان لێگرت. لەسەر داواکاری ئەوان 20 گۆرانییەکەم لە ستۆدیۆیەک تۆمار کرد. دواتر 15 سترانم لێ هەڵبژاردن، دواتریش 12 سترانم بۆ ئەلبوومەکەم هێشتنەوە. بەو ئەلبوومەم خواستی گوێگرانم هێنایە دی، کە ساڵانێکە داوای ئەلبوومێکی هاوشێوەی "میرۆ"م لێدەکەن.

**رووداو: ئەو 12 گۆرانییەتان لەسەر چ بنەمایەک هەڵبژارد؟**

**نیلۆفەر:** من ئەو 12 گۆرانییەم هەڵبژاردن کە زۆر حەزیان لێدەکەم و کاریگەریان لەسەرم هەبووە، هەروەها میلۆدییەکەیان ئاسان بوو. بۆ نموونە گۆرانی "ماڵان بار کر" زۆر گۆرانیبێژی دیکە گوتوویانەتەوە، بەڵام بە نیوەچڵی گوتراوەتەوە. وەکو زانراویشە تێکستی گۆرانییەکە چیرۆکێکی کۆچەرییانە، من زۆر حەزم لەو گۆرانییەیە، بۆیە دووبارە ئەو گۆرانییەم گوتەوە. ئێمە ویستمان بە گۆرانی "ئەز دلگەشێ جانم" یادی سەیدا جگەرخوین بکەینەوە. هەروەها گۆرانی "ئۆی بانا بانا"ی مەحسونی شەریف کە یەکێکە لە تراکەکانی ئەلبووکەم بۆ ئەو سەردەمەی ئێمە زۆر واتادارە. سترانی "ها وایرۆ"ی داود سولاری، کە بە شێوەزاری زاراکی گۆرانی گوتووە، ئێمە پێشتر واماندەزانی کە داود تورکە، بەڵام بەهۆی ئەو سترانەوە زانیمان کە کوردە. هەر لە ئەلبوومەکەمدا گۆرانیی "بازی بێریان"هەیە، کە بەدەنگی مامۆستا مەزهەر خاڵقی گوتراوە، ئێمە دەستوورمان لە مامۆستا مەزهەر وەرگرت و ئەو گۆرانییەمان گوتەوە.

**رووداو: ئێوە بە ئەلبوومی میرۆ ناوتان کەوتە سەر نەخشەی میوزیکی کوردی و ناسران، ئێوە لەو ئەلبوومەدا سترانی فۆلکلۆری کوردیتان گوت، بەڵام دواتر شێوازی خۆتان گۆڕی، پێتوایە کارێکی باشت کرد؟**

**نیلۆفەر:** پێش چەند ساڵێک هەڤاڵی منی هێژا حوسێن ئەردەم پێشنیازی بۆ کردبووم کە چەند گۆرانییەکی کلاسیک زیندوو بکەمەوە، ئەو کات من گەنج بووم، سەرگەرم بووم، من دەمویست، میوزیکی جۆراوجۆر تاقیبکەمەوە، خۆم لەلایەنی میوزیکەوە پێش بخەم، پێشتر بەهۆی میوزیسیانی فەرەنسی ژەیان میشێل کاننەرلە لە ستراسبۆرگ ئەلبوومی "رێوەنگی"م ئامادە کرد، پاشان بەهاوکاری میوزیسیان ئایهان ئەڤجی ئەلبوومی "رایە"، "شەوا" و "هەریرە" ئامادە کرد، من لە تەواوی ئەو ئەلبوومانەدا زۆربەی شێوەزارەکانی میوزیکی رۆژئاوایی و پۆپم بەکارهێنا.

کاتێک تەمەنی مرۆڤ گەورە دەبێت، یان وەکو دەڵێن دەبێتە کەسێکی کامڵ، مرۆڤ دەخوازێت سەر لەنوێ دەستپێبکاتەوە، بەڵام دەستپێکردنەوەیەکی باشتر و بەهێزتر، ئەلبوومی "کلاسیکەکانی کورد" بۆ من سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە بوو.

بۆ ئامادەکردنی ئەو ئەلبوومە لەگەڵ دوو کەس کارم کرد، یەکێک لەوانە ئەنگین ئەرسەلانە، ئێمە پێشتر پێکەوە کارمان کردبوو، زۆر کۆنسێرتمان پێکەوە کردبوو، ئەوی دیکەش کەمال ساهیر بوو، من پێشتر بە دەنگی رۆژئاوایی و میوزیکی رۆژئاوایی کارم کرد. من بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کاری میوزیک دەکەم. من دەخوازم تاوەکو دوا هەناسەی ژیانم کاری میوزیک بکەم.

**رووداو: دوا پرۆژەت چییە؟**

**نیلۆفەر:** دوای ئەو ئەلبوومە، بە نیازم ئەلبوومێکی کلاسیک بە شێوەزاری زازاکی دەربکەم، دوای ئەویش ئەلبوومێک بە زمانی تورکی ئامادە دەکەم.


یەکەکانی نیشتەجێبوونی ئیمپایر
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire World
Building the Future
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


Try
RÛDAW
بەم زووانە لە
Trying
THE CV
Experience
بە سپۆنسەری سەرەکی
Signature
HOLDING
بەسپۆنسەری هەریەك لە:
KARAS
KING For Electronics
SAM
OFFICE FURNITURE
ROMA
ATCONZ
REAL ESTATE DEVELOPMENT LTD.
SIDAR
HOLDING
QAIWAN
GROUP

## بەهۆی ژنانەوە 8 هۆتێل لە سلێمانی داخران



**رووداو- سلێمانی**

بەهۆی نارەزاییەوە لە سەرەتای ساڵی 2014ەوە لە سلێمانی 8 هۆتێل دادەخراون، بە وتەی هاووڵاتییەک ئەو هۆتێلانە بوونەتە یانەی شەوانە و گەنجان زۆر رووی تێدەکەن، هەموانیان بێزار کردووە. سۆران عەبدولعەزیز، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، دەڵێت "ئاگادارمان کردنەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک ئافرەت لە بارِ و شوێنی فرۆشتنی خواردنەوەکان کار بکەن، بەڵام ئەوان پابەند نەبوون، بۆیە ئەوانەمان داخست".

# دەستدرێژی سێکسی لە کوردستان روو لە زیادبوونە



**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

"پارێزگاری لە کچەکانمان دەکەین و ناهێڵین لە ماڵ بچنەدەرەوە بۆ ئەوەی سەلامەت بن، بەڵام بە کورِەکانمان ناڵێین دەست بۆ ئافرەت درێژ نەکەن". سێکسۆلۆژیست و دەروونناس بەیان رەسوڵ پێیوایە شێوازی بەخێوکردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هۆکارەکانی پشت ئەو دەستدرێژییە بەکۆمەڵەی کە بەم دواییە لە هەولێری پایتەخت روویدا.

سەرەتای ئەم مانگە، کچە ئاوارەیەکی رۆژئاوای کوردستان لەلایەن شەش کەسەوە رفێندرا و دەستدرێژی کرایە سەر.

کۆمەڵگەی کوردی بە بیستنی هەواڵەکە شۆک بوو، بەڵام خەڵک نەرژانە سەر شەقامەکان وەکو خەڵکی هیندستان لە وەڵامی رووداوێکی هاوشێوەدا کە ساڵی رابردوو لە هیندستان روویدا و تێیدا کچێک لە پاسێکدا لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکەوە دەستدرێژی کرایە سەر.

جگە لە خۆپێشاندانێکی بچووک کە لەلایەن ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستانەوە رێکخرا، چیرۆکی ئەم دەستدرێژییە تەنیا لە میدیاکانی کوردستاندا دەنگیدایەوە.

ئەمە شتێکی نامۆیە، بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی کۆنزێرڤاتیڤی وەکو کۆمەڵگەی کوردی کە تێیدا گرنگی زۆر بە شەرەف و بە مەسەلەی کچێنی دەدرێت. د.بەیان رەسوڵ دەڵێت تاوانبارەکان هەر زوو دەستگیرکران و بە ئاشکرا مەحکوم کران. هەروەها بە رای گشتی راگەیێندرا کە کچەکە هەر بە کچی ماوە، لەبەرئەوە تاوانەکە کەمتر قێزەون هاتە پێش چاو.

د.بەیان دەڵێت "کەس باسی هەست و دەروونی ئەو کچە ناکات، کەس باسی ئەو کاریگەرییە ناکات کە ئەم رووداوە لەسەر ژیانی ئەو کچە بەجێیدەهێڵێ. کەس باسی ئەوە ناکات کە ئەم کچە وەکو ئاژەڵێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە". ئەو هەروەها دەڵێت "ئەو تۆمەتبارانە زانیویانە کە ئەگەر پەردەی کچێنی کچەکە زیانی پێبگات رووبەرِووی سزای زیندانی قورس دەبنەوە".

ئەم رووداوە لە کۆمەڵگەیەکدا روویداوە کە بە خێرایەکی زۆر لە گۆرِاندایە. دوای چەندین ساڵ سەرکوتکردن، کورد ئێستا خاوەنی هەرێمی خۆیانن و گەشەسەندنی ئابووری گۆرِانکاری لە ژیانی زۆربەیاندا دروستکردووە. هەرچەندە کاریگەری رۆژئاوا لە رێی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت و گەرِانەوەی پەنابەرانەوە گۆرِانکاری دروستکردووە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی هێشتا کۆمەڵگەیەکی کۆنخواز "کۆنزێرڤاتیڤ"ە.

لە قوتابخانەکاندا، وانەی کۆئەندامی زاوزێ لە زیندەوەرزانیدا تێدەپەرِێنرێ. سێکس قەدەغە و حەرامە، بەڵام کەناڵە رووتەکان، وێبسایتە رووتەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان تەماشا دەکرێن.

زۆر لە ئافرەتان باس لە زیادبوونی دەستدرێژی سێکسی (بێزارکردنی سێکسی) دەکەن، بە تایبەت لە مۆڵ و سەنتەرەکانی بازارِکردن و شوێنە گشتیەکاندا. لە راپرسییەکی بچووکدا کە بۆ ئەم بابەتە کرا، ژمارەیەک لە بەشداربووە ئافرەتەکان گوتیان کە دەستیان لێدراوە. هەندێکی دیکەیان باسیان لەوە دەکرد کە پیاو بە دوویان کەوتووە و توانجیان لێداون و چاویان برِیوەتە نێو چاویان و تەنانەت باسیان لەوە کرد کە لە پەنجەرەی دەرەوە هەوڵی ئەوەیان داوە سەیری ژووری نووستنیان بکەن.

ئەم دیاردەیە رووبەرِووی ژنانی بیانیش دەبێتەوە. ئافرەتێک کە خەڵکی یەکێک لە وڵاتە ئەفریقییەکانە، دەڵێت ئەو ئافرەتە بیانیانەی کە رەنگی پێستیان جیاوازە، لەلایەن شوفێرانی تاکسیەوە زۆرجار داوای سێکسیان لێدەکرێت.

هەموو بەشداربووانی راپرسییەکە داوایان کرد ناویان ئاشکرا نەکرێت. ژنانی کورد دەڵێن ئەم بابەتە تەنیا لە نێوان خۆیاندا باس دەکەن، بۆ ئەوەی لۆمە نەکرێن.

"خەڵک دەڵێن ئەگەر ئافرەت خۆی حەز نەکات هیچ روونادات بەرامبەری، ئەم قسەیە من زۆر تورِە دەکات". سۆزان شەهاب وا دەڵێت.

### سۆزان شەهاب: با کچان لە دژی دەستدرێژیکاران سپرای فرمێسکرِێژ هەڵبگرن

سۆزان کە تاوەکو ئەم دواییە ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەروەها دەڵێت "ئەم وتەیە زۆر خراپە، بە تایبەت ئەگەر ئێمە بمانەوێت دژی ئەو دیاردەیە بوەستینەوە".

د.بەیان دەستخۆشی لە ئاوارە سوورییەکە دەکات کە پۆلیسی لە بابەتەکە ئاگادار کردووەتەوە. لەبەر ئەو شەرمەی کە لە دەوری بابەتەکە هەیە، زۆر لە قوربانیان بابەتەکە ناگەیەننە بنکەکانی پۆلیس، هەرچەندە بنکەی تایبەتی پۆلیس بەو بابەتە رێکخراون. زۆر لەو کێشانە لەلایەن خێزانەکانەوە کپ دەکرێن و کۆتاییان پێدەهێنرێت".

زۆرجار لاقەکەر ناچار دەکرێت لاقەکراو بخوازێت و هاوسەرگیری پێکبێنن، ئیدی ئەگەر کچەکە بخوازێت یان نا، د.بەیان دەڵێت هەندێک لەو کەسانەی کە ئەو کارەیان لەگەڵ دەکرێ، لە دژی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەوەستنەوە و قبوڵی ناکەن "تەنانەت حکومەتیش رێککەوتنی نێوان خێزانەکانی پێ باشترە وەک لەوەی کە ئاماری دوورودرێژی ئەو بابەتە بڵاوببێتەوە. جێگەی داخە ئێمە بەو شێوەیە سەرکوتی دەکەین. بەڵام سەیرکە بزانە بە چ ئاستێک دەگات".

د.بەیان و شارەزایانی ئەو بوارە پێیانوایە بێدەنگی بەرامبەر دەستدرێژی سێکسی ئەو پەیامە بڵاودەکاتەوە کە ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی ئاساییە و بەبێ سزا تێدەپەرِێت، ئەمەش وایکردووە رووداوی وەکو ئەوەی ئەم دواییە رووبدات.

هەندێک لەو کەسانەی کە بەشدارییان لە راپرسییەکەدا کرد، نکۆڵییان لە بوونی کێشەیەکی لەو جۆرە کرد. ئەوان دەیانگوت ئەو دیاردەیە لە هەموو شوێنێک روودەدات و باسکردنی بۆ ناوبانگی کوردستان باش نییە.

بەڵام سۆزان دەڵێت "خەڵک دەڵێن 'وازی لێ بێنە'، ئەمە وا لە ئێمە دەکات کەمتەرخەم بین دەربارەی ئەم دیاردەیە". لە هەمانکاتدا دەستخۆشی لە کەمپینێکی پۆلیس دەکات کە چەند ساڵێک لەمەوبەر پۆلیس لە سلێمانی ئەنجامی دا. پۆلیس بە بازارِەکاندا دەسوورِانەوە و ئەو گەنجانەیان دەگرت کە خەڵکیان بێزار دەکرد.

لە وەڵامی داواکاری بیانییەکانی هەولێردا، کافێ و رێستورانتەکانی ئەو شارە بەڵێنی کۆتایی هێنان بەو دیاردەیەیان داوە لە رێگەی دانانی ئاگادارییەکەوە کە تێیدا نووسراوە "دەستت درێژ مەکە". ئەم ئاگادارییە لە پێنج شوێنی لەو شێوەیەدا کە لەلایەن بیانیەکانەوە سەردانی دەکرێن دانراون، ئەگەر کەسێکی دەستدرێژکەر بگیرێت پۆلیسی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و سەردانیکردنی ئەو شوێنەی لێ قەدەغە دەکرێت.

سۆزان داوا لە میدیا و سیاسەتمەدارەکانی کوردستان دەکات کە پێکەوە کار بکەن بۆ رووبەرِووبوونەوەی هەموو شێوازێکی دەستدرێژی سێکسی و هەروەها داوا لە وتارخوێنی مزگەوتەکان دەکات کە لە وتارەکانیاندا خەڵکی لەو بارەوە وشیار بکەنەوە "دەبێت خەڵک وشیار بکرێنەوە. لە هەمانکاتیشدا پێویستە سپرەی فرمێسکرِێژ بە ئافرەتان بناسێنین بۆ ئەوەی دژی دەستدرێژیکەران بەکاری بێنن. پێشنیازی من ئەوەیە کە لە هەر جانتایەکدا، یەک لەو فرمێسکرِێژانە هەڵبگیرێت".

# ژنە کاندیدە سەربەخۆکەی ئاکرێ متمانەی بە خۆی هەیە



لەو 9 هەزار کاندیدەی چاویان لە 325 کورسییەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، چەندین کاندیدی سەربەخۆ هەن، بەڵام تەنیا دوو ژن لە نێو ئەو کاندیدە سەربەخۆیانەدان کە یەکێکیان کوردە و دانیشتووی ئاکرێیە، ئەوی دیکەشیان ژنێکی عەرەبە لە باشووری عێراق. بێریڤان ناڤخۆش، یاریدەدەری بەرِێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی ئاکرێیە، بەڵام دەڵێت وەک کەسێکی سەربەخۆ خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید کردووە کە برِیارە لە کۆتایی نیسانی ئەمساڵ بەرِێوەبچێت. بێریڤان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆرِی میدیایی رووداو) باسی هۆکاری خۆکاندیدکردن و بەرنامەی کارکردنی دەکات.

عوبەید رەشاڤایی
رووداو- دهۆک

**رووداو: چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە وەکو کاندیدێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکەی؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** خۆم سەربەخۆم و سەر بە هیچ حیزبێک نیم، بۆیە پێم باش بوو ئەم هەنگاوە بنێم، بۆ ئەوەی بزانن لە دەرەوەی حیزبەکانیش خەڵکانێک هەن دەیانەوێت بچنە پەرلەمان، نەک تەنیا حیزب برِیاری کاندیدکردنی خەڵکانێک بدەن.

**رووداو: بەڵام زانیومانە تۆ ئێستا یاریدەدەری بەرِێوەبەری تەندروستی ئاکرێی، چۆن دەبێت ئەو پۆستەت هەبێت و پارتی نەبیت؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** پێشتر پارتی بووم، بەڵام دەمێکە وازم لە حیزبایەتی هێناوە، خێزانەکەی ئێمە پارتین، بەڵام ئەوانەی من دەناسن، دەزانن من پارتی نیم و سەربەخۆم.

**رووداو: ئەمە مناوەرەیە لەگەڵ پارتی و دەتەوێ فشار دروست بکەیت بۆ ئەوەی پۆستێکی بەرزترت بدەنێ، یان تاوەکو کۆتایی ناکشێیتەوە؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** نەخێر، خۆ کاندیدکردنم بۆ دروستکردنی هیچ فشارێک نییە لەسەر پارتی، دڵنیاشتان دەکەمەوە هەر چەندە فشاریشم لەسەر بێت پەشیمان نابمەوە لە خۆکاندیدکردن.

**رووداو: دەتەوێت بە کاندیدکردنی خۆت چ پەیامێک بگەیێنی، بەتایبەتی کە هێشتا لە دەڤەری تۆ ئافرەت بە (پەچە-نیقاب)ەوە دەچنە بازارِ؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** ئێستا دەڤەری ئاکرێش لە هەموو روویەکەوە پێشکەوتووە، بە تایبەت لەرِووی کۆمەڵایەتی، ئافرەتانی ئاکرێ ئێستا لە جاران کراوەترن، ئەو دیاردەیەی کە تۆش باسی دەکەی بە بەراورد بە رابردوو زۆر کەم بووە و تاک تاک ئێستا ژنان بەو شێوەیە دێنە دەرەوە. سەبارەت بە پەیامی خۆکاندیدکردنیشم دەمەوێت بە خەڵک بڵێم ژنی کوردیش هیچی لە پیاو کەمتر نییە و دەتوانێت ئەوە بکات کە پیاوان دەیکەن و شانازی پێوە دەکەن.

**رووداو: هیچ پلانێکت داناوە بۆ کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، چەندت پارە بۆ پرِوپاگەندەی هەڵبژاردن تەرخانکردووە؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** هیچ شتێکی جیاوازم نابێت لەو کاتەدا، بەڵام بێگومان بە نیاز نیم پارە ببەخشمە خەڵک، ئەوە نەریتێکی باش نییە، سەبارەت بەو پارەیەکەش جارێ نازانم چەند پارە خەرج دەکەم، تەنیا 5 ملیۆن دینارم وەکو بارمتە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق داناوە، ئەگەر دەرنەچووم ئەو پارەیەم بۆ ناگەرِێتەوە، بەڵام دڵنیام کە دەردەچم.

**رووداو: لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان) لە دەڤەری ئاکرێ تەنیا کاندیدی پارتی دەرچوون، لەسەر چ بنەمایەک دڵنیایت و متمانەت بە خۆت هەیە کە دەربچیت؟**

**بێریڤان ناڤخۆش:** خەڵکی ئەو دەڤەرە من دەناسن و دەتوانم متمانەیان بەدەستبهێنم، لەو باوەرِەدام لە سەرتاسەری پارێزگای دهۆک دەنگ دێنم، بەڵام بەو مەرجەی پرۆسەی هەڵبژاردن بە خاوێنی بەرِێوەبچێت و تەزویری تێدا نەکرێت.

**رووداو: تۆ لە عەشیرەتی زێباریت کە زۆربەیان پارتین، ئایا خێزانەکەت و عەشیرەتەکەت هیچ کاردانەوەکەیان نەبوو بەرامبەر خۆکاندیدکردنت.**

**بێریڤان ناڤخۆش:** نەخێر، خێزانم هەموویان هاوکارن و تا ئێستاش کەس لە خێزانەکەم و تەنانەت لە عەشیرەتەکەم فشاریان لەسەر دروست نەکردووم.

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

## کوڕێک باوکە پیرەکەی دەکوژێت



**رووداو- هەولێر**

شـەوی 2014/1/15 گەنجێکی دانیشـتووی شـاری هەولێر بە ناوی (ن.س.ق) تەمەن 29 ساڵ، لە کاتی خاوێنکردنەوەی چەکەکەی باوکی خۆی کوشت. یەکێک لە خزمەکانی ئەو گەنجە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەو گەنجە تاقانەیە و دوو خوشکی هەیە، لە کۆمپانیایەک کار دەکات، هیچ کێشـەی خێزانی نییە، باوکی تەمەنی 65 سـاڵە، گەنجەکە لە کاتی خاوێنکردنـەوەی چەکەکـەی گوللەی لە دەست دەرچووە بەر باوکی کەوتووە".



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

# سووکایەتی به ژن بەسە

لـە کوردسـتان ئازادییەکـی رەهـا هەیـە، هەر کەس ئەوەی دەیەوێ بیڵێت و بیـکات، دەیڵێـت و دەیـکات، بەبـێ بیرکردنەوە لە لایەنی نەرێنیی کارەکەی و کاریگـەری لەسـەر خەڵـکی دیکـە. لێپرسینەوە لەگەڵ کەس ناکرێت، ئێمە لە فەوزادا دەژین، بەڵام فەوزایەکی رێکخراو نا. لە کوردسـتان ئازادییەکـی رەها بە دیـوە نێگەتیڤەکەیدا هەیە. ئازادی بەبێ سنووریش دەبێتە بێ سەروبەری، ئەرکی هەر دەزگایەکی راگەیاندن گۆڕینی عەقڵی کۆمەڵـگـە و بەرەوپێشـبردنیەتی، نەک رێکلامکردن بـۆ بیرۆکەی نەخـوازراو و خورافـات، دەزگاکانـی راگەیاندن لەبەر ئەوەی سـەر بەهەموو ماڵێکـدا دەکەن و بەرنامـە بۆ نوخبە ناکـەن، دەبێ زۆر هەستیار بن لە هەڵبژاردنی ئەو خواردنەی کە دەرخـواردی عەقڵی خەڵکی دەدەن، بیر لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و زەوقـی گشـتی بکەنـەوە، بەداخەوە میدیـای کـوردی تـا ئێسـتا بیـر لـە دەرئەنجامی کارەکانی ناکاتەوە.

رەنـج سـەنگاوی شـاعیر و پێشکەشـکاری بەرنامەی لەگـەڵ رەنج لـە تەلەڤزیۆنـی (رووداو) کـە من هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ رەنجدا نییە، لـە دوو بەرنامـەدا، دوو بابەتی ورووژاند کە رەنگە کاریگەری زۆر خراپی لەسـەر بەشێکی کۆمەڵگە جێهێشتبێ. رەنج لە مێژە میدیاکارە و دەزانێ ورووژاندنی ئەم بابەتانە زیاتر رێکلامکردنە نەک شـرۆڤە و چارەسەرکردنی دیاردە نەخوازراوەکان، بەتایبەتـی لە کەناڵێکی پـر جەماوەری وەک (رووداو) کە زۆرترین بینەری هەیە لە کوردسـتان. بەرنامەی یەکەم باسـی خواردنـەوەی میـز بوو بۆ چارەسـەری نەخۆشـی! بەرنامەی دووەمیش تایبەت بوو بە زەواجی مسیار، ئەو زەواجەی کە لەلایەن شێخەکانی خەلیجەوە داهێنراوە و ئێستا لەرێی شێخێکی کوردەوە دەیانەوێ رەوانـەی کۆمەڵـگـەی کـوردی بکـەن. ئەوەش بەبیانووی ئەوەی یەک ژن بەشی پیاوێک ناکات، وەک ئەوەی کێشەی ژنی کورد تەنها نەبوونی پیاو و سێکس بێت. راسـتە سێکس بەشێکە لە پێداویستییە رۆحییەکانـی مـرۆڤ، بـەڵام نـەک بەو شێوازەی کە خەلیجییەکان باسی دەکەن و سـەدان جۆری زەواجیـان دۆزیوەتەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیان. نازانم ئـەو پیاوانە بیریـان لـەوە کردووەتەوە کە ئـەم جۆرە زەواجە تـا چەند لەگەڵ کۆمەڵـگـەی کوردی دەگونجێ؟ چ دایک و باوکێـک رێگە بـەم زەواجە دەدات کە یاشـێخ لەبەرنامەکەی رەنج رێکلامی بۆ دەکات و رەنجی چەند ساڵەی حکومەت و رێکخراوەکانی ژنان بەبا دەدات. کێشەی ژنی کورد کێشەی نەتەوەیەکە، کێشەی ژنی کورد زۆر لە زەواجی مسیار و موتعە و مسیاف و عورفی گەورەترە، ژنی کورد تا ئێستا لەسەر بچووکترین شت دەکوژرێ و تاوانباران شـانازی بـە تاوانەکەیانەوە دەکەن، ئەو پیاوانـەی داوای ئەم جۆرە زەواجـە دەکـەن کۆمەڵـگـەی کوردییان نەناسیوە، تەنها بیریان لەلای تێرکردنی حەزەکانی خۆیانـە، ئەو پیاوانە ناتوانن کۆنترۆڵـی خۆیـان بکـەن، سـنوورێک بـۆ حـەزە سێکسـییەکانیان دابنێـن. دەیانـەوێ ژنـی کورد بخەنـە گێژاوێکی دیکـەوە و رێگـە لەبەرەوپێشـچوونی بگرن. زۆر کێشەی دیکە هەن لەنێو ئەم کۆمەڵگەیە کە دەبووایە سـەرنجی کاک رەنجیان رابکێشایە، لە هەموو دنیادا ئاڵا قودسـیەتی خۆی هەیە، کـە ئاڵا کەوت یانی لەشـکر شـکا و حکومەت رووخا، ئەوەتا ئاڵای کوردسـتان، ئـەو ئاڵایەی هەزاران شـەهیدی ئەم وڵاتـە خوێنیان لەپێناویدا رژا، ئەمڕۆ بووەتە تەختە رەش و هەرکـەس بۆ مەبەسـتی خۆی رەنگی دەکا و دەیگۆڕێ و وێنەی سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکانی لەسەر دەنەخشێنێ، رەنج بـۆ ناوێرێ ئەم بابەتـە بورووژێنێ، یان لەبەر دڵی ئیسـلامییەکان ناوێرێ خۆی لەم بابەتە بدات؟

## لەسەر داواکاری کەسوکاریان

# پۆلیس دۆسیەی کچ و کوڕەکەی کۆمەڵە دادەخات





**رۆژان ئەبوبەکر**
**رووداو- سلێمانی**

هێشـتا لەنێـو ژوورەکـەی خـۆی لـە بنکـە تەندروسـتییەکە، بەدڵـەی کاری پزیشـکییەکەی بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، ژوورێکـی چـۆڵ و هەمـوو کەلوپەلەکانی وەک ئەوکاتـە ماونەتـەوە کـە ئەحمـەد گوللەکـەی بـە شـادیەوە ناو کوشـتی. یەکێـک لـە پاسـەوانەکانیش دەڵێـت کاژێرێک پێشتر شادی گوتوویەتی "رەنگە دوای سەعاتێکی دیکە من نەبینیتەوە".

لەو گەڕەکەی بنکە تەندروسـتییەکەی کۆمەڵەی شۆڕشـگێری زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێرانـی لێیە لە سـلێمانی، دەنگـی تەقـە خەڵکەکـەی راچڵەکانـد. دانیشـتوویەکی گەڕەکەکـە دەڵێـت "سـەرەتا وامانزانـی رووداوی تیرۆرکردن و شـەڕی نێوان خەڵکە، بـەڵام کە هێزە ئەمنییـەکان پەیدا بوون و لەبەردەم بنکە تەندروستیەکە بڵاوەیان کرد، تێگەیشتین رووداوێکی دیکەیە".

شـادی 22 سـاڵ، مـاوەی 10 مانـگ بـوو لە ترسـی دەسـتگیرکردنی لەلایەن هێـزە ئەمنییەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانەوە، ئاوارەی باشـووری کوردسـتان بووبوو، لە بنکەیەکی تەندروستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردستان لە سـلێمانی وەک یاریدەدەری پزیشـکی کاری بـۆ ئەو پێشـمەرگانە کـردووە کە پێویستیان بە چارەسەری هەیە.

ئەحمەد، 28 ساڵ، ئەو کەسەی شادی کوشت و پاشانیش گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی 3 ساڵ بوو لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. ئەحمەد پێشـمەرگەی کۆمەڵە بوو. ئەم دوو گەنجە ماوەی چەند مانگێک بوو پەیوەندی خۆشەویستییان دروستکردبوو، تەنانەت بڕیاری هاوسەرگیریشیان دابوو. ئەحـمـەد یەکێـک بوو لەوانەی شـادی چارەسـەری دەکـردن، هـەر ئـەوەش وای لێکـردن پەیوەنـدی خۆشەویسـتی دروستبکەن. دوای ئەوەی شادی پەشیمان دەبێتـەوە لـە بڕیارەکـەی و نایـەوێ هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئەحمـەد بـکات، ئەحمـەد شـەوی 2014/1/7 سـەردانی شـادی دەکات لە بنکە تەندروستییەکەی گەڕەکـی رزگاری بۆئـەوەی پەشـیمانی بکاتەوە لەو بڕیارە، بەڵام شـادی سـوور بـووە لەسـەر بڕیارەکەی. پـاش ئەوەی شـادی دەچێتـە مەتبەخـی بنکەکـە بۆ کارکـردن، ئەحمـەد فیشـەکێکی پێـوە دەنێت و هەر لـەوێ گوللەیەکیش دەنێت بە سەری خۆیەوە و خۆیشی دەکوژێت.

یەکێـک لە پاسـەوانەکانی بنکەکە کە نەیویسـت ناوی ئاشـکرا بکرێت، دەڵێت "ئەو شەوەی شادی کوژرا، کاژێرێک پێش ئەوە بـە خەمبارییەوە بینیـم و پێیگوتم رەنگە سەعاتێکی دیکە نەمبینیتەوە".

بەپێی یاسا و رێساکانی نێو کۆمەڵەی شۆڕشـگێری زەحمەتکێشـان، ئـەو کچ و کوڕانـەی پەیوەنـدی خۆشەویسـتی دروسـتدەکەن، دەبێـت پێشـتر لـە نێو کۆمەڵـە و هاوڕێکانیانـدا رایبگەیێنـن، بۆیە شـادی و ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە ئـەو یاسـایەیان پەیـڕەو کردبـوو، بەڵام قەدەرەکـەی ئـەوان وابـوو سیاسـەت ئاوارەی کردن و خۆشەویستی کوشتنی.

ئەنـوەر محەممـەدی، لێپرسـراوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە، سەری سوڕماوە لـەوەی کـە ئەحمەد کارێکـی لەوجۆرەی لەدەسـت قەومابێت "ئەحمەد کەسـێکی ئـارام و لەسـەرخۆ بـوو، لـە مـاوەی سێ سـاڵی کارکردنـی لـە کۆمەڵە هیچ کێشـەیەکی نەبوو، ئەوەی کـە قەوماش تەنیـا بەهـۆی هەڵچوونێکـی دەروونـی بووە".

هەواڵـی مردنـی ئـەم دوو گەنجە زۆر قسـەو باسـی بە دوای خۆیدا هێنا و هەر کەسەو بەجۆرێک لێکدانەوەی بۆ دەکرد.

دوای لێکۆڵینـەوە، عەقید سـەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسـی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەوە کێشـەیەکی نێوان ئەو دوو کەسـە بووەو هیـچ پەیوەندییەکی بە بـاری ئەمنییەوە نییە، هەرچەندە دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە بـەڵام دوای ئـەوەی خێزانەکانیان هاتنە سـلێمانی و لـە رووداوەکـە تێگەیشـتن، دۆسیەکەیان دادەخرێت".

گوتیشـی "لەبـەر بارودۆخـی ئەمنـی تەرمی شـادی و ئەحمەد نەبرانەوە زێدی خۆیان و لە سلێمانی بە خاک سپێردران".

# دوو تۆمەتباری دۆسیەی مۆبایلفرۆشەکەی سلێمانی ئازادکران



**رووداو- سلێمانی**

"گوتمـان ئێمـە مۆبایـل نافرۆشـین و هەرچـی پـارەت پێیە بمانـدەرێ، کاتێک تێگەیشـت فێڵی لێکراوە، ویستی رابکات، بەڵام لە دواوە فیشەکێک بەر سەری کەوت و مـرد"، یەکێـک لە بکـوژەکان لەبەردەم پۆلیسی لێکۆڵینەوەدا وایگوت.

هەرچەندە یەکێک لە تۆمەتبارەکان بەو کورتـی و پوختییە چیرۆکـی کۆتاییهێنان بـە ژیانی ئـەو گەنجەی گێڕایـەوە، بەڵام خێزانەکـەی مـاوەی ئـەو 3 رۆژە کـە کوڕەکەیـان دیار نەمابـوو، وەک ئەوەبوو بەسـەر ئاگـرەوە دانیشـتبن. چونکە هیچ کـون و قوژبنێک نەما سـەری پێدا نەکەن بـۆ دۆزینەوەی تا ئەوکاتـەی تەرمەکەیان وەرگرتەوە.

کاژێـر 2ی پاشـنیوەڕۆی رۆژی 2013/12/20، کەسـێک پەیوەنـدی بـە کاروان مەحمـوودەوە دەکات و پێیدەڵێت 30 هانـدی مۆبایلـی جـۆری ئایفۆنیـان هەیـە بۆ فرۆشـتن، ئەویش پارەیەکی زۆر لەگـەڵ خۆی دەبـات و دەچێت بۆ بازیان بۆ کڕینی هاندەکان، بەڵام کاروان جارێکی دیکە نەگەڕایەوە بازاڕی مۆبایلفرۆشـان لە شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی.

هەرچەنـدە نزیکـەی مانگێـک بەسـەر کوشـتنی ئـەو گەنجەدا تێپەڕیـوە، بەڵام هێشـتا هاوڕێ و هاوپیشـەکانی لەیادیان نەکـردووە و پێیانوایـە دراوسـێیەکی زۆرباشـیان لەدەستداوە. یوسف حوسێن، کە 11 سـاڵە لە شەقامی مەولەوی مۆبایل دەفرۆشـێت و هاوڕێـی نزیکـی کاروانـە، دەڵێـت "کوڕێکـی چـاک و زۆر بە ئەدەب بـوو. بەدیارنەمانـی زۆر پـەرۆش بوویـن بـۆی و نیگەرانیش بووین لـەوەی هێندە خۆشـباوەڕ بووە و بەقسـەی ئەو کەسانە فریوی خواردووە.

موقـەددەم عەلائەدیـن عەبدولڕەحمان، لـە پۆلیسـی بازیان بـە (رووداو)ی گوت کـە کاتێـک کاروان گەیشـتووەتە ئـەو ناونیشـانەی پێیانـداوە، زیاتـر دووریـان خسـتووەتەوە بۆ گوندی (تەنگیسـەر)ی قـەرەداخ، "لـەوێ دوو کـەس بینیویانە و پێیانگوتووە ئێمە هاندمان نییە بیفرۆشین، هەرچـی پـارەت پێیـە بمانـدەرێ". ئەو ئەفسـەرەی پۆلیس بە گەڕانەوە بۆ قسەی ئەوانەی دەسـتگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگـەڵ کـراوە، هەروەها دەڵێـت "کاروان نەیویسـتووە بـە ئاسـانی خـۆی بـدات بـە دەسـتەوە و رایکـردووە، بکوژەکان پێیانگوتووە رامەکـە و پارەکەمان بدەرێ چونکـە دەتکوژیـن، ئینجا لـە دواوە فیشـەکێکیان پێـوە نـاوە و بەر سـەری کەوتووە".

کاروان لەگـەڵ دایکـی و 2 خوشـک و 2 بـرای دیکەی لە گەڕەکی شـێخ عەباس لە سلێمانی دەژیان، لە شەقامی مەولەوی دووکانـی فرۆشـتنی مۆبایلـی هەبـوو، ماوەیـەک لـە نەرویـج بـووە و پاشـتر گەڕاوەتـەوە بـۆ سـلێمانی و دەسـتی بە کارکـردن کـردووە بـۆ ئـەوەی ناچـاری گەڕانەوە نەبێ بۆ نەرویج.

بێساران عوسمان، یەکێک لە هاوڕێکانی کاروان کـە لـە نەرویجیـش پێکـەوە بـوون، دەڵێـت لـەوێ بێتاقـەت بووین و گەڕاینەوە کوردستان، "بیری شەقامەکانی سـلێمانیمان دەکـرد، بەتایبەت شـەقامی مەولەوی".

هەر لەوبارەوە بەهائەدین مەحموود، برا گەورەی کاروان گوتی کە تەرمی براکەیان لە دۆڵێک لە نزیکی تەنگیسەر دۆزیوەتەوە. بەهائەدیـن، بـەدەم هەنسـکی گریانـەوە دەیگوت "براکەمیان بۆ پارە کوشـت، 20 هەزار دۆلاری پێبوو، دوو کەس براکەمیان کوشـتووە، یەکێکیـان هاوڕێی خۆی بوو، بکوژەکانی براکەم لە پەلەپەلیدا تەنیا 12 هەزار دۆلاریان بردبوو".

گوتیشـی "ئێمـە بەهیچ شـێوەیەک لە بکوژانـی براکەم خۆشـنابین، ئێسـتا من نازانـم بـەرەو کوێ بـڕۆم، چونکە هەموو جێگەیەکـی سـلێمانی یادگارییەکی ئەوی تێدایـە". وەک موقـەددەم عەلائەدیـن گوتی، 4 کەس بە تۆمەتی کوشتنی کاروان دەستگیرکرابوون، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە 2 کەسـیان ئازادکـران "چونکـە بێتـاوان دەرچـوون و بکـوژە سـەرەکییەکان دوو کەسـی دیکە بوون کە خاڵ و خوشکەزای یەکن و دانیشتووی بازیان و چەمچەماڵن".

گوتیشـی "بەم نزیکانـە ئەو دوو بکوژە رەوانەی دادگا دەکرێن و دادگایی دەکرێن".

# ژنانی بەندکراو مافی پەیوەندی شەرعییان نییە



## "ناکرێت زیندانی بن و منداڵیان ببێت"

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنانی بەندکراو "بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێت"، مافی ئەوەیان نییە پەیوەندی شەرعییان لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەبێت.

یەکێک لەو ژنە بەندکراوانە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان لە هەولێر دەڵێت "دوو هەفتە جارێک دەچمە لای مێردە زیندانیکراوەکەم، چرکە بە چرکە دەژمێرم تا دەگەمە لای، بەڵام لەوێ تەنیا لە هۆڵێکی گەورەدا یەکدی دەبینین کە خەڵکی دیکەشی تێدایە".

لە گرتووخانەی چاکسازی ئافرەتانی هەولێر زیاتر لە 50 ژنی حوکمدراو و ڕاگیراو هەن، لە نێو ئەو ژنە بەندکراوانەدا، 5 ژن هەن کە هاوسەرەکانیشیان لە زیندانی مەحەتەی هەولێرن، ئەو ژنانە دوو هەفتە جارێک سەردانی مێردەکانیان دەکەن.

ژاڵە، ناوی خوازراوی یەکێک لە ژنە زیندانیکراوەکانی هەولێرە و تەمەنی 20 ساڵە، زیاتر لە 2 ساڵە لە زیندانە، ژاڵە بەهۆی بەشداریکردنی لە کوشتنی پیاوێک بە 15 ساڵ بەندکردن حوکمدراوە، مێردەکەشی حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە.

ژاڵە 3 ساڵ بوو شووی کردووە و ئێستا منداڵێکی هەیە کە لای خەسوویەتی و ناوە ناوە ئەو منداڵە دەهێنرێتە لای ژاڵە، بەڵام ئەو دەڵێت "لە زیندان منداڵ بەخێوکردن زۆر ئەستەمە، بۆیە نامەوێت بیهێنمە لای خۆم، خەسووم سەردانم دەکات و منداڵەکەم بۆ دەهێنێت، بەڵام کەسوکاری خۆم حاشایان لێکردووم و کەس سەردانم ناکات".

بەسەرهاتی ژاڵە وەک خۆی باسی دەکات، بەهۆی برادەری خراپەوە بووە "مێردەکەم هاوڕێیەکی هەبوو، پێکەوە کاریان دەکرد، بەردەوام پێکەوە دەیانخواردەوە، ڕۆژێک بەفر باریبوو گوتی با بڕۆین بۆ پیاسە، کە ڕۆیشتین هاوڕێکەشی هات، لەوێ بووە شەڕیان، هەردووکیان دەمانچەیان پێبوو سەرخۆشیش بوون، مێردەکەم ئەوی نەکوشتبا ئەو مێردەکەمی دەکوشت".

ئێستا ژاڵە و مێردەکەی، 15 ڕۆژ جارێک یەکدی دەبینین و بۆ ماوەی یەک کاژێر پێکەوە دەبن، ژاڵە دەڵێت "ئەو ماوەیەی یەکدی دەبینین زۆر زۆر کەمە، هەر دادەنیشین تەواو دەبێت، ئەو 15 ڕۆژەی چاوەڕێش دەکەین، چرکە بە چرکە دەیژمێرین تا دەگاتە کاتی خۆی، بەڕاستی زەحمەتە، لەوێش لەناو هۆڵێک پێکەوەین، هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی هاوسەرگیری لە نێوانماندا نییە".

بەرپرسەکانی زیندان، دەڵێن بەهۆی نەبوونی جێگەی تایبەت ناتوانن لەوە زیاتر دەرفەت بە زیندانییەکان بدەن، یان پەیوەندی شەرعی هەبێت لە نێوان ژن و مێردەکان و چاوەڕوانی گواستنەوەی گرتووخانەکە دەکەن بۆ گرتووخانەی نوێ کە تەواو بووە و شوێنی پەیوەندی خێزانیش لەخۆدەگرێ، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) دوای گواستنەوەی زیندانەکەش ڕێگە بە ژنە زیندانیکراوەکان نادرێت پەیوەندی شەرعییان لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەبێت، چونکە "ناکرێت ئەو ژنانە لە زیندان منداڵیان ببێت، کارەکە زۆر قورسە و باری زیندانییەکانیش قورستر دەبێت، ئەو منداڵەش دەبێتە قوربانی کە لەناو زیندان لەدایک دەبێت".

هەرچەندە تاوەکو ئێستا بۆ پیاوە حوکمدراوەکانیش شوێنێکی تایبەت بە پەیوەندی شەرعی نییە، بەڵام ئەوان دەتوانن ماوە ماوە بە مۆڵەت بچنە دەرەوەی زیندان و بگەڕێنەوە لای خێزانەکانیان، کەچی ژنانی حوکمدراو ئەو مۆڵەتەشیان نییە.

هەموو ئەوەی بەسەر ژاڵە هات، بەهۆی مێردەکەیەوە بوو، ژاڵە دەڵێت "مێردەکەم تاوانبارە، بەڵام هەرگیز بە چاوی تاوانبار سەیری ناکەم، ئێستاش ئامادەم لە پێناوی هاوسەرەکەم خۆم بەخت بکەم، چەند ساڵێکی دیکە ئازاد دەبم، ئامادەم چاوەڕێی بکەم، بێ ئەوەی هیچ ئومێدێکم بە ئازادبوونی مێردەکەم هەبێت، بۆیە زۆر ئەستەمە کە دەڵێم چاوەڕێی دەکەم".

ئەوەی خەمی ژاڵەیە دایکێتی، چونکە بەهۆی حاشا لێکردنەوە نە دایکی بینیوەو نە بە تەلەفۆنیش قسەیان کردووە "هەموو کەس تاوان دەکات، بەڵام نەک وەکو ئێمە هەموو سنوورەکان تێپەڕێنێت کە کوشتنی مرۆڤە، بۆیە داوای لێبووردن لە خودا دەکەم کە گیانکێشان کاری ئێمە نەبوو کردمان، داوای لێبووردن لە دایکیشم دەکەم کە لە شەرمەزارییان ناتوانم تەلەفۆنیشی بۆ بکەم، بە تەلەفۆن لێم تێناگات، زۆر حەز دەکەم بەرەوڕوو قسەی لەگەڵ بکەم، بۆم باسدەکەن کە دایکم ئەو ژنەی جاران نەماوەو لاواز بووە، هێندە خەم دەخوات، زۆر بۆ دایکم دەگرییێم".

ژاڵە لەگەڵ قسەکردنی بەردەوام پێدەکەنی، ئەو دەیگوت "خۆم کە خەمم هەیە، نامەوێت خەڵکیش بەهۆی منەوە خەم بخوات، نامەوێت بیر لە کاتی ڕووداوەکە بکەمەوە، چونکە دەزانم مێشکم لە دەستدەدەم و شێت دەبم، دان بەوەدا دەنێم کە تاوانبارین، بەڵام مافی خۆمانە بگەڕێینەوە ناو کۆمەڵگە، لەو زیندانە زۆر شت فێربووم، سوپاس بۆ خودا هاتمە زیندان، ئەگینا ڕەنگە خراپتر ڕوویدابا".

# گەنجێک و مێردمنداڵێک لە یەک ڕۆژدا خۆیان دەخنکێنن

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

گەنجێک و مێردمنداڵێک لە سنووری پارێزگای هەولێر لە یەک ڕۆژدا خۆیان دەخنکێنن، کۆمەڵناسێکیش دەڵێت "ئەو گەنجانەی خۆیان دەخنکێنن بەشێکیان بەهۆی دڵ ناسکییانەوە بە بچووکترین شت هەڵدەچن و خۆیان دەخنکێنن".

ئەو دوو گەنجە کە هەردووکیان قوتابی قۆناغی بنەڕەتین، ڕۆژی 2014/1/15 خۆیان خنکاندووە. مێردمنداڵەکە کە تەمەنی 14 ساڵان بووە، ناوی (یونس.س.ئـ)ە، گەنجەکەش کە تەمەنی 18 ساڵان بووە، ناوی (کاوە حوسێن)ە. یونس دانیشتووی گوندی توولەبەندی نزیک کۆمەڵگەی سوفەیە بووە کە شوێنی کۆبوونەوەی کاکەییەکانە لە قەزای خەبات. گەنجەکەی دیکەش دانیشتووی شارۆچکەی پیرمام بوو.

گوندی توولەبەند لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی کەڵەکی پارێزگای دهۆکە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی سوفەیەی سەر بە شارۆچکەی خەبات دەکات. یونس قوتابی 8ی بنەڕەتی بوو، تاقانەی 4 خوشک بوو. یەکێک لە خزمەکانی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "یونس لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە قوتابخانە کێشەی هەبوو، ئەوەیان بۆ باوک و مامی گێڕایەوە، باوکی چەند شەقە زللەیەکی لێدا، ئەو کوڕەش هەرزەکارە و کاریگەری لەسەر دەروونی هەبووە و بەرگەی ئەو چەند شەقە زللەیەی نەگرتووەن بۆیە خۆی خنکاندووە".

ئەو خزمەیان، لەگەڵ ئەوەی باس لەوە دەکات کە خۆکوشتن لەناو کاکەییەکان زیادی کردووە، دەڵێت "بەپێی قسەکانی باوکی یونس، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی نەیخوێندووە بۆیە لێیداوە، یونسیش چووەتە نێو خانوویەکی کەلاوە لە دەرەوەی گوندەکە کە هەر هی خۆیانە و بە پەت خۆی خنکاندووە".

لە هەمان ئەو ڕۆژەی یونس خۆی خنکاند، گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی پیرمامی سەر بە قەزای شەقڵاوە بەناوی کاوە حوسێن خۆی خنکاند، ئەو گەنجە قوتابی پۆلی 12ی بنەڕەتی بوو، لە شەودا لەناو ژوورەکەی خۆی بەهۆی وایەرێکی کارەبایی خۆی بە پانکەوە هەڵواسیوە و یەکسەر گیانی لەدەستداوە، پۆلیسی ناوچەکە یەکسەر گەیشتوونەتە ناوچەکە و لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کردووە، تەرمی ئەو گەنجە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری هەولێر کراوە، پۆلیس لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتی ڕووداوەکە دەستپێکردووە.

خۆکوشتن دیاردەیەکی جیهانییە، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، خۆکوشتن لە تەمەنێکی بەرز ڕوودەدات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی خۆیان لەناو دەبەن، بەشی زۆریان هەرزەکار و گەنجەکانن.

کاروان خدر، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت هەرزەکارەکان زوو هەڵدەچن و کاردانەوەیان بەرامبەر بە کارەکان توندترە "بەشی زۆریان هۆکاری خۆکوشتنەکەیان لەگەڵ خۆیان دەبەن و نازانرێت لەسەر چییە، بەڵام بەشێکیان بەهۆی دڵ ناسکییانەوە بە کەمترین شت هەڵدەچن و خۆیان دەخنکێنن".



# نرخی کتێبیش ساختە دەکرێ



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**سەرتیپ عوسمان**
**ڕووداو- سلێمانی**

کێشەی ساختەکردن لەهەرێمی کوردستان تەنیا لەو خواردن و کەرەستە و کەلوپەلانەدا نییە کە لەلایەن هەندێک لە بازرگانانەوە وادەی بەسەرچوونیان دەکوژێنرێتەوە و وادەی دیکەیان بۆ دادەنرێ، بەڵکو ئێستا هەندێک لە کتێبفرۆشییەکانیش ئەو کارە دەکەن، بەڵام بە جۆرێکی دیکە. ئەوان نرخەکە دەکوژێننەوە و نرخی خۆیان دادەنێن.

لەوانەیە بەو هۆیەوە ئیدی ئەو پەندە باوە گرنگی لەدەستبدات کە دەڵێ کتێبخانەکەت پڕ بێت لە کتێب باشترە لەوەی جانتاکەت پڕ بێت لە پارە، چونکە کتێب گرانکردن واش لە خەڵک دەکات نەتوانن بیکڕن و کتێبخانەکەیان پڕ بکەن، ئەگەر گیرفانیان پڕ نەبێ.

یەکێک لە کتێبفرۆشەکانی سلێمانی دان بەوەدا دەنێ کە ئێستا هەندێک کتێبفرۆش، ناچارن هەندێک کتێب گرانتر لە نرخی خۆیان بفرۆشن و دەڵێت "ئەوە ئێمە نین بڕیار بدەین گرانفرۆشیی بکەین، هەندێجار ئێمە کتێبخانەی کەسێک دەکڕینەوە نزیکەی 400 کتێبی تێدایە کە ڕەنگە 50 کتێبیان باش بن، بۆ ئەوەی مایەی خۆمان دەربهێنینەوە دەبێت کتێبە باشەکان بە نرخێکی زیاتر بفرۆشینەوەو کتێبەکانی دیکەش بە نیوە قیمەت بدەینەوە بە خەڵک".

دارا محێدین، بەدەم ڕێکخستنی کتێبەکانییەوە، باسی حاڵەتێک دەکات و دەڵێ، بیرمە جارێک کتێبفرۆشێک لەوانەی لای سەرا "کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان)ی فرۆشتەوە بە 100 دۆلار، لە کاتێکدا نرخی خۆی 15 هەزار دینارە، چونکە لە بازاڕ نەمابوو". دارا هەروەها دەڵێ، زۆرجار خوێندکاری کەمدەرامەتیش چووەتە لای و بەهۆی ئەوەی پارەی پێنەبووە، بە خواستن کتێبی پێداوە.

ئەو کەسانەی هاوڕێی کتێبن و سەروکاریان لەگەڵ خوێندنەوەدا هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووبەڕووی ئەوە بوونەتەوە کە بەهۆی گرانیی نرخی کتێبەکەوە نەیانتوانیوە بیکڕن و بەمەش بێبەش بوون لە خوێندنەوە و گلەیی لە کتێبفرۆشەکان دەکەن کە بە نرخێکی زیاتر پێیان دەفرۆشن. لە بەرامبەر ئەوەشدا کتێبفرۆشەکان بیانووی خۆیان هەیە.

ئاراس عەبدوڵڵا، خوێندکاری بەشی شانۆ لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "زۆربەی ئەو کتێبانە لەوانە بوون کە لە کۆندا بڵاوکراونەتەوە و ئێستا چاپی نوێیان نەماوە، زۆرجار کتێبفرۆشەکان بۆ ئەو جۆرە کتێبانەدا داوای نرخێکی زۆر دەکەن" هەروەها دەڵێت "جاری واش هەبووە لەبەر گرانی نرخی کتێبەکە نەمتوانیوە بیکڕم".

ئەگەر خوێندکاران خوێنەری کتێبیش نەبن، ناچارن ساڵانە چەند جارێک بەدوای کتێب بکەون، چونکە بۆ توێژینەوەکانی زانکۆ پێویستیان پێدەبێت. زۆرجاریش ناچارن بە نرخێکی گرانتر بیکڕن.

عەباس محەممەد ساڵح، ساڵانێکی زۆرە لەبەردەرکی سەرای سلێمانی کتێبفرۆشی دەکات و زۆرجار ئەو کەسانە سەردانی دەکەن کە بێ ئومێد بوون لە دەستکەوتنی ئەو کتێبانەی دەیانەوێت و لە کتێبخانەکانی دیکەدا نەماوە.

عەباس دەڵێ کتێبیش وەک هەر شتێک کە دەگمەن بوو، داواکاری زۆری لەسەر بوو "نرخەکەی بەرز دەبێتەوە". بەتایبەت کتێبە زانستییەکان کە داواکاریی زۆریان لەسەرە لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، بۆیە نرخەکەی زیاد دەکات. هەندێ کتێبیش هەن ساڵانی حەفتاکان چاپکراون و ئێستا لە بازاڕدا نەماون "بۆیە ناکرێت بە نرخی خۆی بفرۆشرێتەوە".

هەندێجار کتێبفرۆشییەکان بێ منەت دەردەکەون و پێیان ئاساییە کە نرخی زیاتر لەسەر کتێبەکان دابنێن چونکە وەک خۆیان دەڵێن "ڕۆژێک موشتەری هەر بۆ پەیدا دەبێت".

ئەو خوێندکارەی زانکۆ گوتی "زۆرجار ڕووبەڕووی ئەوە بوومەتەوە، جارێک لە بەردەرکی سەرا بۆ کتێبێک دەگەڕام کە دۆزیمەوەو پرسیاری نرخەکەیم کرد کابرا سێ ئەوەندەی نرخی خۆی خستەسەر، لە زۆریی نرخەکەم پرسی، کابرا گوتی ئەگەر تۆش نەیکڕیت موشتەری خۆی هەر بۆ پەیدا دەبێت".

مەسعود بابایی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە خانەی وەرگێڕان، ئەوانەی بە "مافیاکانی کتێب" نێوبرد کە دەرفەت بۆ گرانکردنی کتێب دەدۆزنەوە و دەڵێ لای خۆیان هەڵیدەگرن و کاتێک دەیخەنە بازاڕەوە کە کتێبەکە نەماوە "دواتر بە گران دەیفرۆشنەوە".

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

# 32 فۆتۆگرافەر پایزی کوردستان دەنەخشێنن



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە نێو گەلەری پارکی شانەدەر کردەوە کە زۆربەی وێنەکان لە وەرزی پایزدا گیرابوون.
کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان لەژێر دروشمی "وەرزی پایز" و بەبۆنەی بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری ئەو پێشانگایەی بۆ چەند فۆتۆگرافەرێکی کوردستان کردەوە. فارس سەعدی، فۆتۆگرافەری ناسراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم پێشانگایە بۆ پۆلێک فۆتۆگرافەری کوردستان کرایەوە کە بەشێکیان ئەندامی کۆمەڵەکەشمان نەبوون، بەڵام کاری جوانیان کردبوو".

# شەهرام "دەتبینمەوە" کلیپ دەکات



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو شەهرام سەردار کە ماوەیەکی کەمە هاتووەتە ناو دونیای هونەرەوە، ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکە بەناوی "دەتبینمەوە".
شەهرام بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانییەکەی من باس لە خیانەت دەکات، کە چۆن لە نێوان ژن و پیاو خیانەت ڕوو دەدات و کاریگەرییەکانی نیشانی هەموو خەڵکی دەدەین".
ئاوازی گۆرانییەکەی شەهرام فۆلکلۆرە و تێکستی مەلا نەجمی فکریە، هەروەها لەلایەن ستۆدیۆ ڤینۆ کاری تۆمارکردنی بۆ کراوە.

# شڤان پەروەر 7 گۆرانی دەداتە لەیلاخان



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان لەیلاخان یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی بە هاوکاری هونەرمەند شڤان پەروەر بڵاودەکاتەوە. لەیلاخان لەبارەی ئەلبوومەکەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سترانێن دلێ من ناوی یەکەمین ئەلبوومی منە کە لە نۆ گۆرانی پێکهاتووە و لەم ڕۆژانەدا بڵاودەکرێتەوە". گوتیشی کە 7 لە گۆرانییەکان لە ئاواز و تێکستی شڤان پەروەرە. لەیلا گوتیشی "ئێستا ئامادەکاری بۆ کلیپکردنی گۆرانییەک دەکەین لەگەڵ دروستکردنی ڕێکلامێک بۆ ئەلبوومەکەم تا زیاتر بناسرێت". دەربارەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکان لەیلا گوتی "زۆربەی گۆرانییەکانم ئەڤینی و خەمگینن، بەشێک لە گۆرانییەکانیش باس لە چیرۆکێک دەکەن، هەموو گۆرانییەکان بە شێوەزاری کرمانجین، هیوادارم لە ئەلبوومی دووەمدا چەند سترانێکی سۆرانیش تۆمار بکەم".

# کەمانێک بە 1.6 ملیۆن یورۆ فرۆشرا



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە مەزادێکی ئاشکرادا کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەچوو، کەمانێک لە مارکەی ستراديفاريوس بە 1.6 ملیۆن یورۆ فرۆشرا. ئەم کەمانە لەساڵی 2010 لە مۆزەخانەیەک دزرابوو، بەڵام مانگی ڕابردوو توانرا بدۆزرێتەوە کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1696. کەمانەکە لەلایەن بنەماڵەی بەناوبانگ ستراديفاريوس دروستکراوە و تەنیا کەوانەکەی بە 78 هەزار یۆرۆ فرۆشرا.
ئەو کەسەی پێش سێ ساڵ کەمانەکەی دزیبوو دەیویست بە نرخێکی هەرزان بیفرۆشێت، بەڵام پۆلیسی بەریتانیا زۆر بە وردی لەدوای دەگەڕا تا دواجار لە ناوەڕاستی بەریتانیا لە ماڵێکدا دۆزییەوە.

# ئاکرەیی باسی دەمامکدارەکان دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

"سەمای پەیکەرەکان" ناوی ئەو فیلمە سینەماییەی دەرهێنەر تارق ئاکرەییە کە هەفتەی ڕابردوو لە سەنتەری ئالا نمایشی کرد. ئەم فیلمە باس لە ئاریشە و گیروگرفتی کۆمەڵگای کوردی دەکات.
تارق ئاکرەیی لەبارەی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمەکە باس لە دڵ گەورەیی گەلی کورد دەکات کە پڕە لە لێبووردەیی و میهرەبانی، بەڵام چەند کەسانێکی دەمامکدار دەیانەوێت ئەو جوانی و سادەییەی کورد بقۆزنەوە بۆ مەرامی خۆیان و بەناوی جیا جیا خۆیان دەخزێننە نێو کۆمەڵگای کوردی". تارق ئاکرەیی زیاتر وەک شانۆکارو دەرهێنەری شانۆ ناسراوە، بەڵام ماوەیەکە کار لە فیلمی سینەماییش دەکات.

# شەزا حەسوون حەز ناکات ببێتە مانگ



**ڕووداو- Gololy**

شەزا حەسوون گۆرانیبێژی عێراقی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەخنەی لە کازم ساهیر گرت کە هاوکاری هیچ کەس ناکات بۆ ئەوەی جێی نەگرنەوە.
شەزا حەسوون گوتیشی "حەزناکەم نازناوی مانگی گۆرانی و بۆنداری گۆرانی عەرەبیم بخرێتە پاڵ کە هەندێ کەس بەو ناوە بانگم دەکەن، بەڵام حەزم لەوەیە کە زۆرجار بە شازادەی گۆرانی بانگم دەکەن".
شەزا دەربارەی کازم ساهیر دەڵێت "کازم ساهیرم خۆشدەوێت، بەڵام تووشی ئاڵۆزی دەروونی بووە و نایەوێت دەستی هاوکاری بۆ کەس درێژ بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاوەکو کەس جێی ئەو لە نێو گۆرانی عەرەبی لەق نەکات".

# هێمن هەینی شیعرەکانی کلیپ دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

(هێمن هەینی) یەکێکە لەو شاعیرە گەنجانەی کە توانیویەتی لە ڕێی شیعرەکانییەوە خزمەتێک بە لاوانی وڵاتەکەی بکات، هەینی خاوەنی چەند ئەلبومێکی شیعریە و بەشێک لە شیعرەکانی کردووەتە کلیپ. ستایلی هێمن جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دیکە، چونکە ئەو شیعرەکانی بە شێوەی دەنگ واتە ئەلبووم بڵاودەکاتەوە، ئەو پێیوایە لاوان لەم سەردەمەدا خولیای شیعر بوونە بەتایبەت بەشێوازی کلیپ.
لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا گەنجان زیاتر لەسەر یوتوب و فەیسبووکن، بەو هۆیەشەوە گوێ لە کلیپی شیعری دەگرن، لەبەر ئەوەشە من هەر بە ڕێگای سیدی شیعرەکانم بڵاودەکەمەوە".
هێمن لە ساڵی (1984) لە هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە لە هەولێر.

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

# بەختی ڕووداو



**کاوڕ**



لەهەموو جۆرە گرفتێک خۆت بەدوور بگرە و گفتوگۆکان کورت بکەرەوە و درێژەی پێمەدە. ئاگاداربە مەرج نییە هەموو کەسێک بەکاروبارە تایبەتییەکانی خۆت ئاشنا بکەیت یان زانیارییان بدەیتێ. کات یارمەتیت دەدات چەندین دەرگای نوێی ژیان بکەیتەوە، بەڵام هەندێکیان ماندووبوونیان دەوێت.

**گا**



لەنێوان ململانێی لایەنە ناکۆکەکاندا هەوڵ بدە سەربەخۆیی خۆت بپارێزی. کارەکان بە ناتەواوی جێمەهێڵن کاتەکانتان دابەش بکەن و مافی تەواو بە بەرامبەرەکانتان بدەن. تواناییەکی باشترتان دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

**جمک**



هەواڵ و گۆڕانکارییە نوێیەکان ئاسوودەت دەکەن، بەڵام هەندێک دوودڵیت دەمێنێ. دیدار و چاوپێکەوتنی هاوڕێیان بیرۆکەی گرنگت پێدەبەخشن. فرسەت دەگونجێت پەیوەندییە خێزانییەکانتان ڕێکبخەنەوە و پێویستییەکانی ماڵ پڕ بکەنەوە.

**قرژاڵ**



هەنگاوەکانت باشن، کاتێکی زۆرت لەبەردەستە، خۆت بۆ گرنگترین کار ئامادە بکە. ئەو هەموو کار و هەنگاوانەی دیاریت کردوون کاتی زیاتریان پێویستە. ئەو کەسەی تۆ مەبەستتە پێویستی بەسەلماندن و ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

**شێر**



لەو جۆرە پەستییە خۆت ڕزگار بکە کە هیچ سەرچاوەیەکی نییە و تەنها لە هەستەکانی خۆتدا دروستی دەکەیت. کەمێک تووشی ڕاڕایی دەبن. پارە لە شتی ناپێویست خەرج مەکەن. پلانەکانتان بۆ ئازیزانتان و هاوبەشەکانتان شیبکەنەوە.

**گوڵەگەنم**



ئیش و کارەکان و تەندروستیت باش دەبێت، خەرجییەکان لەدەستکەوت زیاتر دەبن. یەکێک لەکارە سەرەکییەکان دەگۆڕێن و ئاستی دەرامەتتان بەرز دەکاتەوە. تووڕە و ماندوو دەبن، بەڵام بڕوابەخۆبوون لەدەست نادەن.

**تەرازوو**



بیرو بۆچوونەکانت بە ڕاشکاوانە لەگەڵ ئەو کەسانە باس بکە کە مامەڵە یان کارێکیان لەگەڵ دەکەیت. لەم هەفتەیەدا تەنها دەتوانن بیرۆکەکانتان کۆبکەنەوە و بڕیاری لێ دروست بکەن، بەڵام ناتوانن دەست بە جێبەجێکردنیان بکەن هەتا تەواو ئامادە دەبن.

**دووپشک**



دواکەوتنی کارەکان خەمی ناوێت، هەرچەندە بە خاوی بەڕێوەدەچن، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دەگاتە دواین وێستگە. کاتێکی زۆر باشە بۆ هەموو هەنگاوەکانتان، ئازیزانتان هاوکاریتان دەکەن و زیاتر بڕواتان بەخۆتان دەبێت.

**کەوان**



چەند سەردان و چاوپێکەوتنێکی گرنگ ڕێکدەخەن بەتایبەت ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕاون. ئامادەکاری تەواو بکەن بۆ دەسپێکی هەر کارێکی نوێ. دەتوانن هەندێکی کەم لەئەنجامەکان بەدەست بهێنن نەک هەموویان، کاتی گونجاو هەڵبژێرن بۆ کارە گەورەکان.

**کارژۆڵە**



هەست بە ئاسوودەییەکی تایبەت دەکەن، ڤینۆس لە بورجەکەتاندایە ئەمەش کارەکانتان بۆ ئاسان دەکات و هاوسۆزەکانتان هاوکارتان دەبن لە هەردوو لایەنی دارایی و دەروونییەوە. هەوڵ بدە بابەتە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکەیتەوە.

**سەتڵ**



ئەگەر هەست بەبێزاری دەکەیت کات لەگەڵ سۆزدارەکەت یان لەگەڵ کەسێک کە پێی ئاسوودە دەبیت بەسەربەرە، بۆ هەندێکتان گونجاوە گەشتێک بکەن. بەرامبەرەکەت دڵی ناسک دەبێتەوە. ئەو کارانە پێش بخە کە زۆرترین سوودت پێدەگەیەنن نەک زۆرترین خۆشی.

**نەهەنگ**



گەشبین دەبن، لەلایەن سۆزدارەکانتانەوە بەڵێنی گەورەتان پێدەدرێ. دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانتان بکەن. ماندوو دەبن بەهۆی دواکەوتنی هەندێک لەکارەکان لەکاتی جێبەجێکردندا. بڕیاری کتوپڕ مەدەن.

**بەگشتی:**

هەموو شتێک سەرنجمان ڕادەکێشێ، هەر لەو پۆشاکانەی لەبەری دەکەین تا دەگاتە هەواڵە سیاسییەکان، بەڵام نازانین چ جۆرە حەزێکمان هەیە بۆ شتەکان، ڤینۆس تا کۆتایی ئەم مانگە هەر لەگەڕانەوە دەبێت، سۆز و خۆشەویستی لەناخی مرۆڤەکان کەمدەبێتەوە و ئەو کەسانەش کە بەبڕوای تەواو لەسەر خۆشەویستی دانەمەزراون حەز بەگۆڕانکاری دەکەن و دەستبەرداری سۆزدارەکەیان دەبن. بۆیە لەم کاتەدا نابێت خەم بخۆین بۆ ئەو شتانەی لەدەستیان دەدەین، ڕەنگە بەبارێکی باشتر بشکێتەوە. هەر سەرەتای ئەم هەفتەیەش گۆڕانکارییە گەورەکە ڕوودەدات و تیشکی هەتاو دەچێتە بورجی سەتڵ، ئیتر پێویستمان بەدەرچوونە لە جدیات، دەگەڕێینەوە بۆ ئاسوودەیی و پێکەنین و بەسەربردنی کات لەگەڵ ئارەزووەکانمان.

# لەبارەی داهاتی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان

د. قەیوان سیوەیلی*

لێدوانێکی بەڕێز د.حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە سەرنجڕاکێش و مشتومڕهەڵگرە کە گوایە پاش تێپەڕکردنی پرۆژەی بودجە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بە نوێنەرانی کورد گوتراوە بڕۆن بۆخۆتان نەوت بفرۆشن و پارەکەی بگێڕنەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری بەشە بودجەی 17% کە لە بەغداوە دێت. ئایا بەڕێز د.شەهرستانی لە چ روانگەیەکی شارەزاییەوە ئەم قسەیە دەکات؟

لێرەدا بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بڕی گێڕانەوەی پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان شیدەکەینەوە.

ئاوەها داهاتی فرۆشتنی بڕی 400 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە رۆژێکدا روونده‌کەینەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا گشت ئەو فاکتانەی کە لە گرێبەستی دابەشکردنی داهاتدا (PSA) هاتووە رەچاوکراوە.

1. گریمان نرخی هەر بەرمیلێک نەوت 100 دۆلار دەبێت و ئەم نرخە لە بازاڕەکانی وزەدا نەگۆڕ دەبێت لە ماوەی ساڵێکدا. هەر مرۆڤێکی شارەزا ئەگەر لە جووڵەی ئابووری و نرخی نەوت لە بازاڕەکانی وزەدا بکۆڵێتەوە ناچێتە ژێرباری گریمانێکی لەمجۆرە.

2. گریمان ئێمە هیچ خەرجییەکی دیکەمان نابێت، وەکو خەرجی بۆ تێپەڕبوونی نەوت بە وڵاتی تورکیادا (Transit country)، خەرجیی بەڕێوەبردن و هەناردەکردن و پاشەکەوتکردن لە شلدانەکانی بەندەری جەیهان کە ئەمە گریمانێکی نادروستە، چونکە بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی خاوی هەناردەکراو بڕی 10 دۆلار دەبێت بۆ ئەم خەرجیانە دابنرێت.

3. گریمان ئێمە رۆژانە بەبێ وەستان دەتوانین لە ماوەی ساڵێکدا واتە 365 رۆژی تەواو بە بەردەوامی نەوتی خاو بەرهەمبهێنین و هەناردەی بکەین، ئەمە لە روانگەی کاری پراکتیکی و فیزیاییەوە لە نێو گشت وێستگەکانی پاککردنەوەی نەوتی خاو دیسان لەجێی خۆی نییە و ناواقیعییە.

4. گریمان ئێمە گشت نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی تورکیاوە بە نرخی بازاڕەکانی دەرەوە دەفرۆشین کە ئەمە بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان وانییە و دەبێت بڕی 50%ی ئەو نەوتە بە نرخێکی گونجاو و هەرزانتر بدرێتە تورکیا و بڕی 50%ی بۆ فرۆشتنە بە نرخی بازاڕەکانی دەرەوە، واتە ئەم گریمانەیەش لەسەر پایەیەکی لاواز دانراوە.

| | |
|---|---|
| بڕی نەوتی خاو لە رۆژێکدا بە بەرمیل | 400000 |
| رۆژ لە ساڵێکدا | 365 |
| نرخی هەر بەرمیلێک نەوت | 100 دۆلار |
| کۆی گشتی داهات لە ساڵێکدا | 14.6 ملیار دۆلار |

واتە داهاتی فرۆشتنی نەوت لە ساڵێکدا لە هەرێمی کوردستان 14.6 ملیار دۆلار دەبێت.

5. گریمان ئەم داهاتە بەبێ گەندەڵی و لووشدان دەگاتەوە خەزێنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو مرۆڤەی کە لە هەرێمی کوردستان بژی و توانای بیرکردنەوەی هەبێت و عەقڵی سالم بێت ناچێتە ژێرباری گریمانێکی ئاوەهاوە.

6. گریمان ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی ئەم بڕە پارەیە هیچ خەرجییەک بەدوای خۆیدا ناهێنێ، ئەمەش بە لێکدانەوەی کاری بانکداری و گۆڕینەوەی دراو و هەروەها لەبەر رۆشنایی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ هەڵگرتنی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە یەکێک لە بانکەکانی تورکیا گریمانێکی زۆر سەقەتە.

لای گشتمان ئاشکرایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستێکی فەرمی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت، بڕیاری گرێبەستی دابەشکردنی داهاتی فرۆشتنی نەوتی لە نێوان خۆیاندا پەسەند کردووە و ناتوانێت لێی پەشیمان بێتەوە، هەر گرفتێکیش لە نێوانیان یەکڕاست دەچێت بۆ دادگاکانی بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی.

ئێستا دێین بەپێی بەندەکانی گرێبەستی دابەشکردنی داهات ئەو بڕە پارەیە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا بیانییەکاندا دابەش دەکەین:

بەپێی گرێبەستی دابەشکردنی داهات لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت (PSA) ئەوا یەکڕاست (10%)ی ئەم داهاتە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی خاوەندارێتی (Royalty)

| | |
|---|---|
| 1.46 ملیار دۆلار | 14.6x0.1 ملیار دۆلار |

پاشان گریمان بڕی 40%ی پارەی ماوە دەچێت بۆ گەڕانەوەی پارەی تێچووی کۆمپانیاکە کە بە کۆست ئۆیڵ (Cost Oil) ناوزەد دەکرێت.

ئێستا بەپێی ئەو بڕگەیەی سەرەوە بڕی پارەی ماوە بەم شێوەیە حساب دەکرێت:

**بڕی پارەی ماوە پاش لێدەرکردنی خاوەندارێتی (10%)**

13.140 = 1.46 – 14.6

**بڕی پارەی تێچوو بۆ گێڕانەوەی خەرجیەکانی دەرهێنانی نەوتی خاو**

5.256 =0.4*13.140

**ملیار دۆلار بڕی پارەی ماوە وەکو قازانجی کاری نەوت**

.7.884 = 5.256 – 13.14

ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بواری نەوت بەپێی گرێبەستی دابەشکردنی داهات دێن و بڕی قازانج کە 7.884 ملیار دۆلارە لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.

لەم بڕە 15% بۆ کۆمپانیاکانی نەوت دەبێت و بڕی 85%ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە:

**ملیار دۆلار داهاتی حکومەتی هەرێم**

7.884 x 0.85= 6.701

**ملیار دۆلار داهاتی کۆمپانیاکانی بواری نەوت**

7.884 x 0.15= 1.183

پاشان لە بڕی قازانجی کۆمپانیاکانی نەوت دووبارە 20% بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە ئەمەش بۆ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی کوردستانی (KNOC) دەبێت.

1. گریمان کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی گشت قازانجەکە هەڵدەگرێت و بەشداریی هیچ خەرجییەکی بەدواداگەڕان و رووپێوکردن و دەرهێنانی نەوت نابێت واتە:

**ملیار دۆلار**

1.183 x 0.2 = 0.237

لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەگەر گشت گریمانەکانمان راستبن، ئەگەرچی لە لێکۆڵینەوەکەدا سەلمێنرا کە گشتیان گریمانی هەڵەن، ئەوا ساڵانە لەبری 14.6 ملیار دۆلار تەنیا بڕی 8.398 ملیار دۆلار داهاتی فرۆشتنی نەوت دەگاتەوە نێو خەزێنەکانی ئەم وڵاتە کە لەڕاستیدا لەم بڕە زۆر کەمتریش دەگەڕێتەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا بەم چوارچێوەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نوقمی خەرجییەکانی بەڕێوەبردن و زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی و پەتای هۆڵەندی و گەندەڵی و ناشارەزایی لە بەڕێوەبردنی وڵات و سەدان گرفتی ئابووری و بەڕێوەبردن بووە، دەتوانێت بە ئاوەها بودجەیەک بژی. با وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ شارەزاکانی بواری ئابووری بهێڵینەوە.



(فۆتۆ: سیڤان)

| گشت داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: | |
|---|---|
| 1.46 ملیار دۆلار | خاوەندارێتی |
| 6.701 ملیار دۆلار | قازانج |
| 0.237 ملیار دۆلار | قازانجی (KNOC) |
| 8.398 ملیار دۆلار | کۆی گشتی |

*شارەزا لەبواری وزە

# مەترسی نەخۆشیی هۆڵەندی لەسەر ئابووریی کوردستان

## تەنیا پارێزگای سنە لە هەموو باشووری کوردستان زیاتر گەنم بەرهەمدێنێ

دیاکۆخەیات

### پێناسەی نەخۆشیی هۆڵەندی

پاش دۆزینەوەی سەرچاوەی غازی سروشتی لە هۆڵەندا لە ناوەڕاستەکانی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، داهاتێکی بەرچاوی دراوی دەرەکی بە فرۆشتنی غازی سروشتی رژایە ناو ئابووریی وڵات و دەوڵەتی هۆڵەندا بەبێ هەڵسەنگاندنی ورد، دوای گۆڕینەوەی ئەو دراوە بیانییە بە پارەی نەتەوەیی خۆی لە بانکی ناوەندی، پارەکەیان خەرجی بەکاربردن کرد و لە رێگای جۆراوجۆرەوە رژاندیانە ناو ئابووریی وڵات. ئەو کارەی دەوڵەت بووە هۆی ئەوەی کە بەشی خواست بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ و نرخەکان بەهۆی کورتهێنانی بەشی خستنەڕوو زیاد بکەن کە ئەویش هەڵاوسانی لەرادەبەدەری بۆ ئەو وڵاتە بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام رێگەچارەی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵاوسانە، پەنابردن بوو بۆ هاوردەکردنی شتومەک لە دەرەوە. کەچی هاوردەکان تەنیا شتومەکی بازرگانییان لەخۆدەگرت و شمەک و خزمەتگوزاری نابازرگانی هیچی لەگەڵ نەدەکرا. چونکە شمەکی نابازرگانی وەک خانووبەرە و زەوی و خزمەتگوزارییەکان ناتوانرێ لە رێگەی بازرگانییەوە هاوردەی وڵاتێک بکرێ. بۆیە لە ئاکامدا تەنیا نرخی شمەکە بازرگانییەکان کۆنترۆڵ کرا و بەشەکانی دیکە تووشی هەڵاوسانێکی لە رادەبەدەر بوون. بۆیە لەلایەک پیشەسازی و کشتوکاڵی ناوخۆ بەهۆی هاوردەی دەرەکی توانای رکەبەرایەتی نەما و تووشی ئیفلاس هات، لەلایەکی دیکە بەشی نابازرگانی (وەک زەوی و خانووبەرە و خزمەتگوزارییەکان و...هتد) بەو هەڵاوسان و گەشە درۆینەیەی کە بەخۆیەوە بینیبوو سەرمایەی هەڵاتوو لە پیشەسازی و کشتوکاڵی ناوخۆی بۆ لای خۆی راکێشا و ئەوەندەی دیکە هەڵاوسا و گەشەی درۆینەی سەند. لە ئاکامدا پیشەسازی و کشتوکاڵی هۆڵەندا زەرەر و زیانێکی گەورەی بەرکەوت و زۆربەی سێکتەرەکانی داخران.



لە دوای ئەو رووداوەی هۆڵەندا، هەر وڵاتێک کە چاوەڕێ دەکرێ دراوێکی بیانی بەرچاو بڕژێتە نێو ئابوورییەکەی، لەگەڵ مەترسیی تووشبوون بەو نەخۆشییە ئابوورییە رووبەڕوو دەبێتەوە.

### نیشانەکانی نەخۆشیی هۆڵەندی لە کوردستان

هەر بەوپێیە، لەدوای 2003وە کە داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵ لەگەڵ ساڵ بە رادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و حکومەتیش پشکی هەرە زۆری ئەو داهاتە (زیاتر لە 70%)ی بۆ بەشی بەکاربردنی بودجە تەرخان کردووە، دەتوانین نیشانەکانی سەرهەڵدانی نەخۆشی هۆڵەندی ببینین. هەرچەندە ئێمە دەزانین کە هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەختیدا هیچ سەربەخۆ نییە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی نەخۆشی هۆڵەندی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتێکی دەرەکییە کە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا هەڵچوون بەخۆیەوە دەبینێ. بە واتایەکی دیکە، شێوازی خەرجکردنی ئەو داهاتە لە نێوان بەکاربردن و وەبەرهێناندا دیاریکەری تووشبوون بەو گرفتە ئابوورییەیە. ئەوەش دەبێ لەبیرنەکەین کە بەشی هەرەزۆری بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە دێ و بەهۆی ئەوەی کە بودجەی فیدراڵی وابەستەی داهاتی نەوتە، هەرچەشنە گۆڕانێک لە نرخ و بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرچاوەی بودجەی هەرێمی کوردستان تووشی هەڵکشان و داکشان دەکات. بۆیە هەمیشە بەستێنی دووچاربوون بە نەخۆشی هۆڵەندی ئامادەیە بۆ ئابووری کوردستان. وەک فاکتێکی بەردەست دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بودجەی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2008ەوە هەتا 2012 دووقات بەرزبووەتەوە کە هەر ئەوە هاوڕێ لەگەڵ ناتەندروستبوونی دابەشکردنی بودجە (لە نێوان بەکاربردن و وەبەرهێنان)، خواستی گشتی کۆمەڵگای کوردستان لەو ماوەیەدا بە رادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و حکومەتیش بۆ دابینکردنی ئەو خواستە هەڵچووە دەرگای هاوردەکردنی شمەکی دەرەکی ئاوەڵا کردووە و زۆربەی شمەک و کاڵا بیانییەکان یان بێ باجی گومرکی هاوردە دەکرێن یان ئەگەر باجێکیش هەبێ لە ئاستی پێویستدا نییە. ئەوە لەلایەک بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستان لەژێر گوشاری شمەکی هاوردەکراودا توانای سەرهەڵدانیان نەبێ و لەلایەکی دیکەش سێکتەری بازرگانی و دابەشکردن بەهۆی سوود و قازانجێکی لەڕادەبەدەر کە هەیەتی، بە شێوەیەکی نائاسایی هەڵاوسێ و هاوسەنگی بەشەکانی ئابووری کوردستان تێکبچێ.

### رەوشی کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان

یەکێک لەو کەرتانەی ئابووری کوردستان کە هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی کاریگەری نەرێنی و بەرچاوی لەسەر داناوە، کەرتی کشتوکاڵە. ئەو کەرتە لە رابردووی سێ دەیەی خۆیدا بەهۆی رەوشی سیاسی نالەبار و ئاڵۆزی باشووری کوردستان (چ پێش 1991 و چ لە نێوان 1991 و 2003)، زەبری کوشندەی وێکەوتووە و بەشی هەرە زۆری بەرهەمهێنانی دارماوە. دوای 2003 چاوەڕوان دەکرا کشتوکاڵی کوردستان لەژێر سێبەری سەقامگیری و ئاسایشی کوردستاندا زیندووبوونەوە و گەشانەوەیەکی باش بەخۆیەوە ببینێ. هەرچەندە ناتوانین هێندێک پەرەپێدان لەو بوارەدا نادیدە بگرین، بەڵام بەگشتی رەوشی ئێستای کشتوکاڵ بە هیچ شێوەیەک لە ئاست چاوەڕوانییەکانی بازاڕی کوردستاندا نییە. بەراوردێک لە نێوان بەرهەمی گەنمی کۆی سێ پارێزگاکەی باشووری کوردستان لەگەڵ تەنیا پارێزگای سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ زۆر روونکەرەوە بێ. لە هەموو هەرێمی باشووری کوردستان تەنیا نزیکەی 600 هەزار تەن گەنم بەرهەمدێ، کەچی تەنیا لە پارێزگای سنە کە رووبەری زەوییە چێندراوەکانی بۆ گەنم 500 هەزار هێکتارە (زۆر کەمتر لە هی باشووری کوردستان) نزیکەی 700 هەزار تەن گەنم بەرهەمدێ. واتا تەنیا پارێزگای سنە لە هەموو باشووری کوردستان زیاتر گەنم بەرهەم دێنێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرهەمەکانی دیکەی رووەکی دۆخێکی زۆر خراپتریان هەیە لەچاو گەنم. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە لەبەردەم گەشەی کشتوکاڵی کوردستاندا هەن. ئاستەنگی هەرە گرینگیش هاوردەکردنی بێباکانەی خۆراک و شمەکی دەرەکییە کە دەرفەت نادا کشتوکاڵی خۆماڵی توانای رکابەری لەگەڵ دەرەوە وەدەستبێنێ، بۆیە کشتوکاڵی کوردستان تا ئێستاش نەیتوانیوە لاق بگرێ. بەربەستێکی دیکەی بەردەم گەشەی کشتوکاڵی خۆماڵی کە ئەویش پەیوەندی بە توانستی کێبڕکێی بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستانەوە هەیە، سیستەمی بەشە خۆراکە. پیشەسازی خۆراک کە پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ کشتوکاڵی ناوخۆ هەیە، ناتوانێ لەگەڵ خۆراکی بێ بەرامبەر کێبڕکێ بکات، بۆیە ئەو سیستەمە ناڕاستەوخۆ رێگرە لەبەردەم گەشەی کشتوکاڵی کوردستان. چەندین هۆکاری دیکە دەکرێ ئاماژەیان پێبکرێ کە بوونەتە بەربەست لە بەردەم ژیانەوە و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و بەداخەوە لێرە ناگونجێ هەموویان باسبکەین.

ئەوەی ماوەتەوە بگوترێ، ئەوەیە کە نەخۆشی هۆڵەندی لە وڵاتانی دیکە دەبێتە هۆی داشکان و داڕمانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئەو وڵاتانە کە پێش ئەو نەخۆشییە لە ئاستێکی باشدا چالاک بوون، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی بەر بە هەڵدان و ژیانەوەی ئەو کەرتانە بگیرێ کە پێشتر یان نەبوون یان وێران بوون.

رێگەچارەی دەربازبوون لەو نەخۆشییە تەنیا داڕشتنی زانستیانەی بودجەی هەرێمە بەشێوەیەک کە خۆی لە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی خواستی کۆمەڵگا بپارێزێ و لە بەرامبەریشدا گرینگی تایبەت بدا بە وەبەرهێنان و پشتیوانیکردن لە بەرهەمی خۆماڵی. ئەو سیاسەتە رەنگە لە کورتماوەدا فشار بخاتە سەر ئاستی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان، بەڵام لە درێژماوەدا بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ و بەهێز دەکات. ئەو دژایەتییە لە نێوان بەرژەوەندی کورتماوە و درێژماوە وەک کێشەیەکی ئابووری سیاسی هەردەم گرفتی سەرەکی سیاسەتدانەرانی ئابووری بووە بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلەکان.

ڕووداو
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20

# 90%ی قوربانیانی شێرپەنجەی سی جگەرەکێشانن

**ڕووداو- webmd**

ئێستا شێرپەنجەی سی یەکێکە لە بڵاوترین هۆکارەکانی مردن، جگەرەکێشانیش دیارترین هۆکاری تووشبوونە بەم شێرپەنجەیە، بەجۆرێک 90%ی ئەوانەی بەهۆی ئەمجۆرە شێرپەنجەیەوە دەمرن، ئەوانەن کە جگەرەکێشن، هۆکاری ئەوەی دیکەش پیسبوونی کەشوهەوایە.

جگەرە تەنیا بەهۆی ئەو ماددانەی تێیدایە شێرپەنجە دروستناکات، بەڵکو دەشبێتە هۆی پەککستنی سییەکان! ئەویش لە ڕێی ئیفلیجکردنی ئەو ریشاڵۆچکانەی دیواری بۆرییەکانی هەناسەدانیان داپۆشیوە. لە حاڵەتی ئاساییدا جووڵەی ئەم ریشاڵۆچکانە بەجۆرێکە کە ڤایرۆس و بەکتریا و تەنە بێگانە و مادە شێرپەنجە دروستکەرەکان بەرەو دەرەوە رادەماڵێت، بەڵام بەهۆی جگەرەکێشانەوە ئەم جووڵەیە پەکیدەکەوێ و سەرەنجام ماددە زیانبەخشەکان لەناو سییەکاندا دەمێننەوە و ڕێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە چەندین نەخۆشی، لەوانەش شێرپەنجە.

## نیشانەکانی:

لە سەرەتادا پێدەچێت هیچ نیشانەیەکی نەبێت، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونیدا، چەند نیشانەیەکی گشتی و نا تایبەتمەند دەردەکەون، لەوانە:

- کۆکەیەک کە بەرەو باشبوون ناچێت.
- سنگ ئێشە، بەتایبەت لەکاتی هەڵمژینی هەناسەی قووڵ.
- خیزەی سنگ و تەنگەنەفەسی.
- بەڵغەمی خوێناوی
- لەش داهێزران

## دەستنیشانکردن:

زۆربەی کات خەڵکی پشکنینی پێشوەخت ناکەن و تەنیا کاتێک کە نیشانەکانی شێرپەنجەکە دەردەکەون کەسی تووشبوو سەردانی پزیشک دەکات، لەمبارەشدا بەداخەوە چارەسەر سەخت دەبێت، چونکە ئەگەرێکی زۆری هەیە شێرپەنجەکە بە جەستەدا بڵاوبووبێتەوە.

پشکنینەکان بریتین لە تیشکی سینی سنگ و پشکنینی بەڵغەم بۆ دۆزینەوەی خانەی شێرپەنجەیی تێیدا.

## جۆرەکانی:

بە مایکرۆسکۆپ جۆرەکانی جیادەکرێنەوە، ئەویش بەپێی جۆری خانە شێرپەنجەییەکان. خانە بچووکەکان مەترسیدارترن و خێرا بە جەستەدا بڵاودەبنەوە، جۆری دووەمی هێواشتر بڵاودەبێتەوە.

## چارەسەر:

ئەگەر لە جۆری خانە بچووکەکان بێت و بڵاونەبووبێتەوە، بە نەشتەرگەری لابردنی پارچە تووشبووەکەی سی لەوانەیە کەسەکە چاک ببێتەوە.

ئەگەر شێرپەنجەکە لە قۆناغێکی پێشکەوتوودا بێت، لێدانی تیشک و چارەسەری کیمیایی تەمەنی کەسی تووشبوو درێژدەکەن و کوالیتی ژیانی باشتر دەکەن، لەوانە کەمکردنەوەی ئازار و تەنگەنەفەسی.

## جگەرە و شێرپەنجە:

ئەو کەسانەی جگەرەکێشن و وەک تووشبووی شێرپەنجەی سی دەستنیشان دەکرێن، هەست دەکەن بەدەستی خۆیان خۆیان تووش کردووە و هەست بە تاوانباری دەکەن و لۆمەی خۆیان دەکەن. بۆیە تۆ کە جگەرەکێشیت و تووشنەبوویت، باشترە لە ئێستاوە ئەو هەستەت تێدا دروست ببێت و تاوەکو زووە وازی لێبهێنیت.

## جگەرەکێشانی دەستی دوو:

ئەگەر تۆ جگەرەناکێشیت، ڕێگە مەدە کەسی جگەرەکێش لە نزیک تۆوە بیکێشێت، چونکە ئەگەری تووشبوونی تۆش زۆر دەکات.

توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو کەسانەی هاوسەرەکەیان جگەرە دەکێشێت، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی سی 20% زیاترە لەوانەی هاوسەرەکەیان نایکێشێت.

## جۆری پیشە و شێرپەنجەی سی:

ئەو کرێکارانەی لە کارگەکانی دۆزینەوە و بەکارهێنانی یۆرانیۆم، ئەزبێز و زەرنیخدا کار دەکەن ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی ئاسایی زیاد دەکات، جگەرەکێش بن یان نا.

## گازی رادۆن و شێرپەنجەی سی:

گازی رادۆن لە ئەنجامی شیبوونەوەی یۆرانیۆمی سروشتی ناو خاک و خۆڵ و ئاو دروستدەبێت و زانایانی ئەمریکی دەڵێن دووەمین هۆکاری تووشبوونە بە شێرپەنجەی سی و تەنیا جگەرەکێشان لەمە ترسناکترە. ئەم گازە نە رەنگی هەیە نە بۆن، لە هەندێک ناوچەدا زیاترە و لەناو ماڵەکاندا کۆدەبێتەوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە پشکنینێکی سادە رادەی رادۆن لەناو ماڵدا دیاری دەکرێت و ئەگەر رێژەکەی بەرزبێت بە ئامێرێکی سادە رادەکەی کەمدەکرێتەوە. لە کوردستان رادەی بەربڵاویی ئەم گازە نازانرێت و دوور نییە ژمارەیەکی تووشبووانی شێرپەنجەی سی بەم هۆکارەوە بن.

## پیسبوونی هەوا و شێرپەنجەی سی:

دووکەڵی ئۆتۆمبێل و کارگەکان و پیسکەرەکانی دیکەی هەوا، ڕێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی سی و 5%ی حاڵەتەکانی مردن بەهۆی شێرپەنجەی سی، بەم هۆیەوە ڕوودەدات.

## هۆکارەکانی دیکە:

هۆکاری بۆماوەیی و بەکارهێنانی ئاوێک بۆ خواردنەوە کە زەرنیخی زۆربێت، گرنگترین هۆکارەکانن.


(فۆتۆ: سێڤان)

ژنان باسی نەخۆشییە ترسناکەکەیان دەکەن

# "جەنگ شێرپەنجەی مەمکی لە کوردستان زیادکردووە"

**چۆمان مەحموود و سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

پزیشکێکی پسپۆڕی نەشتەرگەری مەمک، دەڵێت ئێستا تێبینی ژمارەیەکی زیاتری حاڵەتەکانی شێرپەنجە دەکەین لەناو ژنانی کوردستاندا و دوور نییە یەکێک لە هۆکارەکان ئەو هەموو جەنگ و بۆردومان و تەقینەوانە بێت کە لەم ناوچەیە ڕوویانداوە.

ئەو زانیارییەی د.ئازاد ئیسماعیل حەقی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت، پاش پێشکەشکردنی سەمینارێکی هات بەناونیشانی "هۆشیاری دەربارەی شێرپەنجە و جوانکاریی مەمک" کە لە هۆڵی تەوار و لەسەر بانگهێشتی تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان پێشکەشی کرد.

تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان لە 21 ڕێکخراوی ژنان پێکهاتووە کە وەک خۆیان دەڵێن هەستیان بە ترسناکی شێرپەنجەی مەمک کردووە و ژنانیش وەک پێویست هۆشیارییان نییە دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی و چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ کردنی.

ڕووناک محەممەد، ئەندامی دەستەی کارگێڕی تۆڕەکە گوتی "لە سەمینارەدا د.ئازاد بەبیری هەمووانی هێنایەوە کە تەنانەت ئەوانەشی تووشی شێرپەنجەی مەمک بوون نابێت بێئومێد بن، ئەوانەی مەمکیان براوەتەوە دەتوانرێت بە نەشتەرگەری بۆیان دروستبکرێتەوە. ئەو پێیگوتین لە هەموو قۆناغەکاندا هیوا هەیە بۆ جوانکاریی مەمک".

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی هیوا کە تایبەتە بە نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە لە سلێمانی، لە ساڵی 2013 دا لەکۆی 1515 حاڵەتی نوێی شێرپەنجە کە تۆماریان کردووە، زیاتر لە 400 حاڵەتیان شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە.

گرفتێکی گەورەی شێرپەنجەی مەمک، درەنگ گرنگیپێدانیەتی لەلایەن کەسی تووشبوو.

د.ئازاد ئیسماعیل حەقی مژدەی بە ئافرەتان دا "ئەگەر لە قۆناغێکی زوودا سەردانمان بکەن، بەتەواوی چاکتان دەکەینەوە و شێرپەنجەکە هەرگیز سەرهەڵنادداتەوە".

ئەو پزیشکە دەڵێت ئەگەر ئافرەتەکە پشکنینی کرد و هەستی بە هەر شتێکی نائاسایی کرد، دەبێ دەستبەجێ سەر لە پزیشک بدات تا دڵنیابێتەوە لەوەی شێرپەنجەی مەمکی هەیە یان نا، چونکە ئەگەر پشتگوێخرا و درەنگ سەردانی پزیشکی کرد ئەوا شێرپەنجەکە بە جەستەیدا بڵاودەبێتەوە و چارەسەری ئەستەم دەبێت.

ڕێکخەرانی سەمینارەکە دەڵێن، چالاکیی لەمجۆرە هانی ژنان دەدات زوو بەدەم حاڵەتی تەندروستی مەمکیانەوە بچن.

نەغەدە سدیق، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان گوتی "شێرپەنجەی مەمک روو لە زیادییە و بەهۆی ئەم سەمینارانەوە ژنان هۆشیار دەکەینەوە کە زوو دەست بە چارەسەری هەر حاڵەتێکی نائاسایی مەمکیان بکەن".

د.دۆستی نەجات، پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجەش جەخت لەسەر گرنگی ئەم جۆرە سەمینارانە دەکاتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان "گرنگە هەم زوو لە جددیەتی هەر حاڵەتێکی نائاسایی تێبگەن و هەم کە تووشیش بوون بزانن زانستی پزیشکی جۆرەها ڕێگەی هەیە بۆ یارمەتیدانیان".

لە پەراوێزی سەمینارەکەدا، پزیشکە پسپۆڕەکە لێدوانی بۆ (ڕووداو) دا دەربارەی ئەزموونی خۆی لە تێبینیکردنی حاڵەتەکانی نەشتەرگەریی مەمک.

"20 ساڵ لەمەوبەر کاتێک من لەم شارە نەخۆشم دەبینی، لە مانگێکدا یەک ئافرەت دەهات بۆ چارەسەری شێرپەنجەی مەمک، ئێستا حاڵەتەکە زۆرتر و بەربڵاوترە". دکتۆر ئازاد گوتیشی "پێدەچێت تەقینەوە ئەتۆمییە گەورەکەی ڕووسیا-چێرنۆبڵ- و بۆمبارانی چەند جارەی کوردستان و جەنگەکانی یەکەم و دووەمی کەنداو، هۆکارێکی ڕێگاخۆشکەر بووبن بۆ تووشبوونی ژنانی ئەم ناوچەیە بە شێرپەنجەی مەمک، بەهۆی ئەو ڕەگەزە ژەهری و کیمیاییە جۆراوجۆرانەی تێیاندا بەکارهاتووە".



ئەو پزیشکە گوتیشی مەرج نییە تەنیا ئەو کەسانە سەردانی پزیشک و سەنتەرە پسپۆڕییەکانی مەمک بکەن کە گرێ لە مەمکیاندا هەیە "ئەوانەی لە خێزانەکانیاندا ئەم حاڵەتە هەبووە، دەبێت لەدوای تەمەنی 45 ساڵییەوە ساڵی جارێک ماموگرافی ئەنجام بدەن، ئەگەر هیچ گرێیەکیشیان نەبێت".

ئێستا لە شاری سلێمانی سەنتەرێکی تایبەتمەندی حکومی هەیە کە پشکنین و بەدواداچوون بۆ ژنان دەکات بەمەبەستی زوو دەستنیشانکردنی هەر حاڵەتێکی نائاسایی لە مەمکدا.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# سەفەر و پارە نەشتەرگەرییەکانی جوانکارییان زیاتر کردووە

**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری روو لە زۆربوونن، هەندێک لە هاووڵاتیان بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانن و هەندێکی دیکەش بڕوایان پێی نییە و دەڵێن هیچ نەشتەرگەرییەک نییە کاریگەریی پیربوون بۆ ماوەیەکی زۆر بشارێتەوە.

گەڕانی مرۆڤ بەدوای جوانیدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەجۆرێک ئەو تێکستە میسرییانەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسراون، باسی هەوڵی پزیشکەکانی ئەو سەردەمە دەکەن بۆ ڕێککردنەوەی لووتی شکاوی نەخۆشەکانیان.

گەڕانی پزیشکەکانیش بەدوای زانستی جوانکردنی نەخۆشەکانیاندا لە کەسێتی جۆزێف قوستەنتینی پزیشکی بەریتانیدا خۆی دەبینێتەوە کە لەسەدەی 18 دا ماوەی 20 ساڵ لە هیندستان بەسەردەبات تا فێری تەکنیکی جوانکاریی لووت ببێت کە هیندییەکان دەیانکرد، دوای گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا، ساڵی 1815 یەکەمین نەشتەرگەری جوانکاریی لووتی بۆ هاووڵاتییەکی بەریتانی ئەنجامدا.

د.شاخەوان سائیب، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری جوانکاری لە سلێمانی دەڵێت ئێستا زۆر زیاتر لە جاران خەڵکی نەشتەرگەری جوانکاری دەکەن "لەلایەکەوە باری ئابوورییان لە جاران باشترە، لەلایەکی تریش خەڵکی ئێستا زیاتر سەفەر دەکەن بۆ دەرەوە و سەرسام دەبن بە جوانیی خەڵکی وڵاتانی دی و دەزانن بە جوانکاری ئەو جیاوازییەیان لە ڕووخسارییاندا بەدیهێناوە".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە جەخت لەسەر گرنگی نەشتەرگەری جوانکاری دەکاتەوە کە دەتوانێت کار لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ بکات "لەوانەیە بوونی نارێکییەک لە جەستەدا، بەتایبەتی ڕووخسار، وا لە کەسەکە بکات شەرم بکات لەوەی بە خواستی خۆی سەردانی ئاهەنگێک یان هەر شوێنێکی کۆبوونەوەی خەڵکی بکات، یان لەڕووی دەروونییەوە هەستی متمانە بەخۆبوونی کەمبکاتەوە".

هاووڵاتیان بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری هەیە. شیرین ڕەحمان 52 ساڵ، دەڵێت "مرۆڤ کە چووە تەمەنەوە، جوانکاری دەتوانێت چی بۆ بکات؟ ئەگەر سوودێکیشی هەبێت، ئەوە کاتییە و دوای ماوەیەک وەک خۆی لێدێتەوە. بۆیە من تەنها کەرەستەی سروشتی بەکاردەهێنم بۆ جوان هێشتنەوەی پێستم، بڕوام بە نەشتەرگەری و ماددەی پزیشکیی جوانکاری نییە".

بەڵام لەنجە چالاک، 19 ساڵ، لەلای ئاساییە خەڵکی بۆ خۆجوانکردن پەنا بۆ پزیشکەکان ببەن.

پزیشکێکیش ڕوونیدەکاتەوە کە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری بەگوێرەی تەمەن جیاوازن. د.ئاری حەسەن ڕەشید پزیشکی نەشتەرگەری جوانکاری بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت "ئەوانەی لە بیستەکانی تەمەنیاندان، زیاتر بۆ جوانکاری لووت سەردانمان دەکەن. بەڵام ئەوانەی بۆ بچووککردنەوەی ورگ، یان بەرزکردنەوەی برۆ و ڕووخسار یان جوانکاری پێڵوو دێن، زیاتر تەمەنیان سەرووی 40 ساڵانە".

د.ئاری سەرنجی داوە ئێستا ژمارەیەکی زیاتری خانمان بۆ جوانکاریی مەمک سەردانی پزیشکی جوانکاری دەکەن بە تایبەت لە سییەکانی تەمەنیاندا.

هەندێکی دیکە لە هاووڵاتیان خوازیارن نەشتەرگەری جوانکاری بکەن، بەڵام گرانیی نرخی جوانکاری بەربەستە لەبەردەمیاندا.

د. شاخەوان دەڵێت لە هەموو دونیادا کەرتی حکومیی پشتیوانییەکی گەورەی نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی ناکات کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیان و سەلامەتی مرۆڤەوە نەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا وەک ئەو گوتی لە سلێمانی لە نەخۆشخانە حکومییەکانیشدا نەشتەرگەری جوانکاری دەکرێت "ئەگەر کەسێک باری ئابووری خراپ بێت و نارێکییەکی ئەوتۆی جەستەیی هەبێت کە کار لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بکات و کەرەستەکانی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانە هەبن، ئەوا لە نەخۆشخانەی حکومی بۆی دەکەین و تا ئێستا چەندین نەشتەرگەری جوانکاریمان بەو جۆرە کردووە".

کاتێک لێمان پرسی گرفتی گەورەی ئێوە لەگەڵ ئەو کەسانەی سەردانتان دەکەن چییە؟ د.شاخەوان گوتی "زۆرکات نەخۆشی وڵاتی خۆمان نازانن چییان دەوێت، دێتە بەردەمت و دەڵێت بە بۆچوونی تۆ دەبێ جوانکاریی کوێم بکەم؟". وەک ئەو گوتی، پێناسەی جوانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت و دەبێت بەر لە سەردانی پزیشکی جوانکاری بڕیار بدەیت کە چیت دەوێت و دەتەوێت چۆن دەربکەوێت.

## د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی:

# حکومەتی بنکەفراوانی ڕاستەقینە بەمانای کۆتایی ڕێککەوتنی ستراتیژییە



د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بڕوای وایە کە باشترە پارتی لەنێوان ڕێککەوتنی ستراتیژی و حکومەتی بنکە فراوانی ڕاستەقینەدا، دووەمیان هەڵبژێرێ و هاوکات ڕاشیدەگەیێنێ، تاوەکو ئێستا گفتوگۆکان شێوازی حکومەتەکە و چۆنێتی ئامادەکردنی کارنامەی ئەو حکومەتەی تێنەپەڕاندووە. بەبڕوای ئەو "حکومەتی بنکەفراوانی ڕاستەقینە بەمانای کۆتایی ڕێککەوتنی ستراتیژی دێت".

لەم هەڤپەیڤینەدا، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو وەڵامی زۆر پرسیار دەداتەوە لەبارەی ناکۆکیی نێوان لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

ڕووداو – سلێمانی

**ڕووداو: پێشبینیتان دەکرد ئەو گفتوگۆیانە ئاوا درێژە بکێشن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** پێشبینیمان دەکرد بەو شێوەیە درێژە بکێشێ، لە کاتێکدا ساڵانێکی زۆرە دوو لایەنی باڵادەست و دەسەڵاتداری ئەم هەرێمە کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێونیان هەیە و لەو ڕێککەوتنەدا تەنانەت ڕەچاوی وڵاتە دراوسێکانیش کراوە، هەروا ئاسان نییە حکومەتێکی خێرا پێکبێت. ئەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەوێ و ئەو گۆڕانکارییانەش بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە. بۆیە پێشبینیمان دەکرد، بەڵام ئاواش نا کە 4 مانگ و 5 مانگ بخایەنێ. ئێستا 4 مانگ بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕیوە و هێشتا هیچ دیار نییە.

● گفتوگۆکان لە باسکردنی شێوازی حکومەتەکە تێنەپەڕیوە

● ئەگەر نەوتفرۆشتنی کورد هەڵەش بێ هەڵەیەکی ناچارییە

● پارتی سەرەتا دەیویست لەگەڵ ئێمە و یەکێتی حکومەت دروست بکات و یەکێتیش ئەوەی پێخۆش بوو

● مالیکی خۆی کوردی ناچارکرد نەوت بە هەرزان بفرۆشێ

● یەکێتی و پارتی نەگەیشتوونەتە دیدێکی ڕۆشن بۆ حکومەت

● پێشنیازمان کردووە 6 پۆستەکە بە پەیکەربەندی دابەش بکرێ

● لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتنی ستراتیژی واتای ئەوەیە کە ئێوە بەشداریی حکومەت مەکەن

● ئەگەر جێگری سەرۆکی حکومەت دووەم پۆست بێ دەبێ بدرێ بە کوتلەی دووەم

**ڕووداو: واتە گفتوگۆکانتان لەوە زیاتر تێنەپەڕیوە کە حکومەتێکی چۆن پێکبێنن و بەرنامەکەی چۆن بێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لەوە زیاتر تێنەپەڕیوە کە بەرنامە و شێوازی بەشداریی لە حکومەتەکە چۆن بێ. تەنانەت گفتوگۆکانیش لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا نییە، چونکە سەرۆکی حکومەت بە فەرمی ڕانەسپێردراوە.

**ڕووداو: باسی ڕێککەوتنی ستراتیژیت کرد وەک لەمپەرێک، کەوایە پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان بە مانای کۆتایی ڕێککەوتنی ستراتیژییە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لە ڕاستیدا حکومەتی بنکە فراوان ئەگەر بەمانای شەراکەتی ڕاستەقینەی لایەنەکان بێت، مانای وایە ڕێککەوتنی ستراتیژی نەماوە. بەڵام کە باسی ڕێککەوتنی ستراتیژیش دەکرێ، حکومەتی بنکە فراوان و بەشداریی ڕاستەقینە مانای خۆی نادات بەدەستەوە. لایەنەکان دەیانەوێ هەموو پێکەوە حکومەتی بنکە فراوان لەسەر بنەمای بەشداریی ڕاستەقینە پێکبێت، نەک ڕێککەوتنی ستراتیژی دیاری بکات.

**ڕووداو: ئێستا خەڵک وا تێدەگەن کە هەر 5 لایەنە براوەکە بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ حکومەتە نوێیەکە دەکەن، چونکە هەموو لایەنەکان داوای پشکی زۆر دەکەن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لەسەر چ بنەمایەک حکومەت پێکبێنین؟ تاوەکو ئێستا باسی دوو بنەما کراوە، یەکەم ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، واتە ئەو دەنگانەی بەدەستت هێناوە. بنەمای دووەم ئەو پێکهاتانەی دیکە کە خاڵیان نییە و لەسەر بنەمای نیشتمانییە و جێگەی خۆیەتی بخوێنرێنەوە. ئێمە وەک یەکگرتوو پێشنیازی ئەوەمان کردووە پەیکەربەندی لەبەرچاو بگیرێ.

**ڕووداو: چۆن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** 6 پۆستی سیاسی ناکۆکییان لەسەر هەیە، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان. گوتوومانە یەکەم بۆ یەکەم، دووەم بۆ دووەم و سێیەم بۆ سێیەم و چوارەم بۆ چوارەم و پێنجەم بۆ پێنجەم و شەشەمیش بۆ یەکێک لەو حیزبانەی دیکە کە خاڵیان نییە. بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوینەتەوە.

**ڕووداو: پارتی هەیکەلێکی حکومەتی ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ لایەنەکانی دیکە تاوەکو بۆچوونی خۆیانی لەسەر بدەن، ئێوە بۆچوونتان چی بوو لەسەری؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** نەمبیستووە گەیشتبێتە ئێمە.

**ڕووداو: دەگوترێ ئەو تەشکیلەیە ئەو 6 پۆستەی تێدا دابەشکراوە بە زیادکردنی دوو جێگر بۆ سەرۆکی حکومەت لەگەڵ دابەشکردنی وەزارەتەکانی دیکەش؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** نازانم خۆیان چۆن ڕێککەوتوون، بەڵام ئەو تەشکیلەیە بە ئێمە نەگەیشتووە و هەرکات گەیشت دراسەی دەکەین و وەڵام دەدەینەوە.

**ڕووداو: لەپشت شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و کۆبوونەوە ڕاگەیێندراوەکانەوە بەردەوامن لە ئاڵوگۆڕی پێشنیاز و بۆچوونەکان، یان هەموو هەوڵەکانتان ئەوانە بوو کە خەڵک لە تەلەڤزیۆنەوە بینی؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** تاوەکو ئێستا شتێکی وا نەبووە، کێشەکە لەنێوان یەکێتی و پارتی ماوەتەوە. تاوەکو ئێستا یەکێتی و پارتی نەگەیشتوونەتە دیدێکی هاوبەش لەسەر ئەوەی حکومەتەکە چۆن بێ. هەر 3 لایەنەکەی دیکە چاوەڕوانی ئەوانن.

**ڕووداو: یەکێتی داوای چی دەکات؟**

**د. محەممەد ئەحمەد:** یەکێتی داوای پۆستەکانی ئێستای دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەموو شتێکی گۆڕیوە و پێشتر خۆشیان قبوڵیان بووە و پارتیش قبوڵی بوو. پارتی و یەکێتی دیدێکی هاوبەشیان نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت.

**ڕووداو: ئەگەر پارتی بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی بباتە ناو حکومەتەوە، زیانی هەیە بۆ ئێوە لە ڕووی پۆستەکانتانەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێوە بەشداریی حکومەت مەکەن. زیانەکەی لەوەدایە ئەم سێ حیزبە حکومەتی هاوبەشیان هەڵبژاردووە و ئەوکات مانایەک بۆ ئەوە نامێنێ. پارتی لەگەڵ یەکێتی نەگەیشتووەتە دیدێکی ڕۆشن و بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەن. پارتی لەهیچ ڕێگایەکیانەوە نەگەیشتووەتە ئەنجام.

**ڕووداو: لە کۆتاییدا پارتی دەبێ کام لایە هەڵبژێرێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئەگەر بیەوێ حکومەتێکی سەرکەوتوو دروستبکات، دەبێ حکومەتی بنکە فراوان دروستبکات و هاوبەشیی ڕاستەقینە بۆ لایەنەکانی دیکەش دروستبکات. حکومەتەکە دروستبکات بەو شێوەیە، هەرخۆی لێی بەهرەمەند دەبێ بەو پێیەی توانیویەتی ئیدارەی ئەو حکومەتە بکات.

**ڕووداو: ئەگەر نموونەی سەیدسادق لەبەرچاوبگرین کە لە حکومەتێکی تارادەیەک بنکە فراوان دەچوو، بەڵام مۆدێلێکی شکستخواردووش بوو، ناکرێ لەو نموونەیەوە ئەو حکومەتە بخوێنینەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لە هەموو دونیا حکومەتی بنکە فراوان لاوازترین حکومەتە. بەڵام هەندێک قۆناغ دێتە پێشەوە و ناچارت دەکات حکومەتی بنکە فراوان دروستبکەی. ڕەنگە زیانەکانی زیاتر بێت لە قازانجەکانی. چالاک نابێت و ڕەنگە ململانێ حیزبییەکان ڕێگە لەیەکتری بگرن. وەختێک حکومەت ئەکتیڤ دەبێ کە لایەنێک بتوانێ پێکیبهێنێ.

**ڕووداو: ئێوە دەڵێن ئێمە کوتلەی چوارەمین، ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی کوتلەی چوارەم چییە و چەندە؟**

**د. محەممەد ئەحمەد:** لانیکەم 10%ی پۆستەکان. لەپۆستە سیادییەکەشدا، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، یان جێگری سەرۆکی حکومەت، یان گرنگ ئەوەیە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بدرێ بە ئێمە.

**ڕووداو: بەپێی پێداگیری یەکێتی و گۆڕان لەسەر جێگری سەرۆکی حکومەت، وا دەردەکەوێ جێگری سەرۆکی حکومەت هاوشانی سەرۆکی پەرلەمان بێ نەک سەرۆکی حکومەت؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** منیش دەپرسم ئەی دەبێ چی هاوشانی سەرۆکی حکومەت بێ. هەرچۆن بێ، ئەگەر جێگری سەرۆکی حکومەت دووەم پۆست بێ دەبێ بدرێ بە کوتلەی دووەم و سەرۆکی پەرلەمان بدرێ بە سێیەم.

**ڕووداو: ئەگەر بەم ناکۆکی و ناتەباییە بچنە ناو حکومەتەوە تاوەکو چەند بڕ دەکات؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئەگەر بەو ناکۆکییەی ئێستاوە بچینە ناو حکومەتەوە، ڕەنگە ماوەیەکی کەم بڕوات و ببینەوە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەی جاران و دۆخەکە وەک خۆی لێبێتەوە. بەڵام هەرچۆن بووە نابێ ڕێگە بدەین بگاتەوە دۆخی جاران. چاوەڕوانی پارتی دەکەین وەک براوەی یەکەم گفتوگۆکانی لەگەڵ یەکێتی کۆتایی پێبهێنێ. ئەگەر بزانین پێویست دەکات، ئێمە لاریمان نییە لەنێوان لایەنەکان گفتوگۆ بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک.

**ڕووداو: ئێوە چۆن وەزارەت وەردەگرن، وەزیرەکە یان هەموو بریکار و بەڕێوەبەرەکانیش وەزیرەکەتان خۆی دیاری بکات؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئێمە دەمانەوێ وەزیرێکی دەستکراوەمان هەبێ. کە بەرنامەیەک دادەنێ، دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی ئیتر کەس دەستنەخاتە ڕێگەی بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکەی و چاکسازی لە ناو وەزارەتەکەیدا. هەرکەسیش ڕێگر بێت لەبەردەمی، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ لاییبدات، ئیتر هەرکەس لەناو وەزارەتەکەدا بێ گرنگ نییە.

**ڕووداو: هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێ، ئەگەر بەڵێ، ئایا دیسان هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕانێکی دیکەی بەسەردا دێتەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئەم هەڵبژاردنە ململانێیەکی زۆر توندی تێدا دەبێ، ڕەنگە جۆرێک لە تەسفیەی حسابیشی تێبکەوێ بۆ ئەوانەی ئەنجامەکانیان بەدڵ نەبووبێ و بیانەوێ تۆڵە بکەنەوە. هەڵبژاردنەکە توند و ئاڵۆزە و هەندێک بە زەحمەت پێشبینی ئەنجامەکانی دەکرێ. ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاری بەسەر ئەنجامەکانیدا بێ. لەوانەشە لەم پارێزگایەدا هاوسەنگییەک بۆ لایەنەکان بگەڕێتەوە لەو هەڵبژاردنەدا. خەڵک ئێستا بەرامبەر هەموو حیزبەکان هەندێک بەرچاو ڕۆشنترن بەنیسبەت سروشتی لایەنەکان و دوور نییە هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ دەنگی لایەنەکان.

**ڕووداو: ئێوە بەپارتیتان گوتووە حکومەت چۆن بێ؟**

**د. محەممەد ئەحمەد:** ئێمە بە نێچیرڤان بارزانیمان گوت، با بەرنامەی حکومەتەکە بەرنامەی هەموو لایەنەکان بێ، ئەویش پێی باشبوو. ئەو بەرنامەیەی هەموومان لە هەڵبژاردندا ئاشکرامان کردووە، هەرلایەنێک وەرەقەی خۆی بنێرێ و خاڵە دووبارەکان لابدەن و بیکەنە بەرنامەیەک و دواتر سەرۆکی وەفدە دانوستانکارەکان کۆبوونەوەیەکی بۆ بکەن. بە مەبدەئی لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین. هەروەها ڕێککەوتووین لەسەر حکومەتی بنکەفراوان، هەرچەندە پارتی لەسەرەتاوە ئەوەی نەدەویست و دەیویست لەگەڵ ئێمە و یەکێتی حکومەت دروست بکات، یەکێتیش ئەوەی پێخۆش بوو. ئێمە پێداگیریمان کرد لەسەر ئەوەی دوو لایەنەکەی دیکەش (گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) بەشداریی بکەن، ئێمە گوتمان ئەو قۆناغە دەبێ ئارام بێ و لەسەرخۆ بێ و دواتر گۆڕانیش ئەوەیان گوت.

**ڕووداو: واتە ئەوە سەرەتا قسەی ئێوە بوو؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** سەرەتا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو گوتی دەبێ 4 ساڵی داهاتوو ئارام بێ و شەقام ئارام بێ، ئینجا کاک نەوشیروانیش گوتی.

**ڕووداو: ئەگەر 6 پۆستەکە یەکلایی بکرێنەوە کێشە دەمێنێ؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لەوانەیە کێشەیەکی ئەوتۆ نەمێنێ، هەرچەندە ئەوە زیاتر کێشەی نێوان پارتی و یەکێتییە. دەبێ حکومەتی داهاتوو بەڕاستی هاوبەشی بێت و چاکسازی بکات و بەناوخۆیەوە سەرقاڵ نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە بەهێزی ڕووبەڕووی بەغدا و دەوروبەری خۆی ببێتەوە. ئەگەرنا بێمتمانەیی و ئاڵۆزی ناهێڵن بپەرژێتە سەر کێشەکانی دەرەوە.

ڕووداو: ئێستا گەرێکی تری ئاڵۆزییەکان لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە، ئێوە ئەمە بە گەمەیەکی دیکەی سیاسی دەزانن یان ئەمجارە ناکۆکییەکە گەیشتووەتە سەر ئێسقان؟

د. محەممەد ئەحمەد: ئەمە گەمەیەکی دیکەی سیاسییە مالیکی دەیەوێ بۆ سێیەمین جار ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران و کارتەکانی بەرامبەر سوننە و کورد بەکاردێنێتەوە. من 5 ساڵ لەبەغدا بووم، دەسەڵاتدارانی بەغدا بەردەوام وەرەقەی بودجە رادەکێشن، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەمجارە تێیکەوتوون و سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کورد بیر لە ڕێگای دیکە بکاتەوە. تۆ کە هەڕەشە لە قوتی خەڵک بکەیت کوردیش ناچارە نەوتەکەی بە هەرزان بفرۆشێ، خۆت وای لێدەکەی ئەوە بکات. چونکە کورد دەیەوێ ڕێگایەکی دیکە پەیدا بکات و ئەوەندە بەدیار وەرەقە سووتاوەکەی بەغداوە دانەنیشێ. کورد لە فرۆشتنی نەوتدا ئەگەر هەڵەشی کردبێ، هەڵەیەکی ناچارییە و دەبێ بیکات. بەڵام لەوانەیە لایەنە نێگەتیڤییەکانی ئەوە بێت کە گرفتی زیاتر بۆ مادەی 140 و کێشەکانی دیکە دروست بکات. بەڵام بەغدا بە هەق و بەناهەق وەرەقەی بودجە دەردێنێ.



نەوزاد هێتوتی*

# جنێڤ 2 و مەترسییەکانی لەسەر رۆژئاوای کوردستان

ململانێ و شەڕی ناوخۆی سووریا کە لە ئاداری 2011 دەستیپێکرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە شەڕێکی ناوخۆییەوە گۆڕا بۆ ململانێیەکی سەختی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی نێوان دوو جەمسەری دژ بەیەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. واتە بە سەربازیبوونی شۆڕشەکە و پەرەسەندنی بازنەی شەڕی نێوان رژێمی بەشار ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن کە بە شێوەیەکی رەها خۆی لە عەرەبی سوننەدا دەبینێتەوە.

ئەم شەڕە ناوچەکەی بەسەر دوو بەرەدا دابەشکرد. میحوەری دەوڵەتە عەرەبیە سوننەکان- تورکیا و ئەمریکا لەلایەک و لە بەرامبەریشدا میحوەری سووریا-رووسیا و ئێران و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی دیکە. سەرەتای کاریگەری و قورسایی فاکتەری دەرەکی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی سووریا لەو کاتەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێکرا کە ململانێیەکی توند لە نێوان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ رووسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیپێکرد، بە تایبەتی سەبارەت بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندنی بڕیارێک دژی حکومەتی بەشار ئەسەد کە رووبەڕووی ڤیتۆی هەردوو دەوڵەتی رووسیا و چین بووەوە. پەرەسەندنێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو کە پرسی سووریا بەهۆیەوە بازنەی ناوخۆیی تێپەڕاند و کەوتە ژێر کاریگەری ئەجێندای هێزە دەرەکییەکان، بریتی بوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی بەشار ئەسەد لە 21ی ئابی 2013.

ئەم پەرەسەندنە نوێیە لە سووریا، رای گشتی جیهانی هێنایە دەنگ و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و رووسیای گەیاندە لوتکە، بە تایبەت لەو کاتەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئامادەکاری وەشاندنی گورزێکی سەربازییان دەکرد لەدژی رژێمی ئەسەد. ئەوەی جێی سەرنجە، رووسیا بۆ دەربازکردنی ئەسەد لەو قەیرانەی کە تێیکەوتووە، هەروەها بۆ رێگرتن لە وەشاندنی گورزی سەربازی، لە رێی رێککەوتننامەیەکی لەناکاو لەگەڵ ئەمریکا بۆ داماڵینی چەکی کۆکوژ، ئاراستەی رووداوەکانی بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕی و بە ئاقارێکی دیکەیدا برد کە ئەویش بریتی بوو لە رێککەوتن لەسەر یەکلاکردنەوەی ململانێیەکان بە رێگەیەکی دیبلۆماسی لەڕێی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کە خاوەن شەرعیەتێکی نێودەوڵەتییە و ئێستا پێیدەگوترێ جنێڤ 2.

لێرەوە دەکرێت بڵێین جنێڤ 2 بە پلەی یەکەم دەرئەنجامی رێککەوتننامەیەکی ئەمریکی و رووسیە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانی سووریا و ناوچەکە بە شێوەیەک کە لە بازنەی بەرژەوەندی هەردوولادا بێت و کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی سووریا بهێنێت.

لەم چوارچێوەیەشدا، بێگومان کۆمەڵێک پاڵنەر هەبوون بۆ رازیبوونی هەردوو وڵاتی زلهێز بەم چارەسەرە:

یەکەم، گۆڕانی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر قەیرانی سووریا و وازهێنان لە هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد. ئەمەش لەو روانگەیەوە کە ئەمریکا پێیوایە رووخانی ئەسەد رێگە بۆ هێزە ئیسلامییە رادیکاڵەکان خۆش دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی سووریا.

دووەم، سەرکەوتنی رژێمی ئەسەد لە ئاراستەکردنی شۆڕشی سووریا بەرەو شەڕێکی تایفی شیعی- سوننی و پەرتکردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە ئەمەش وایکرد لەسەر ئاستی دەرەکی و ئەمریکی شۆڕشی سووریا بە شەڕێکی ناوخۆیی نێوان دوو گرووپی تایفی سەیر بکرێت نەوەک شۆڕشێک دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر.

سێیەم، رازیبوونی سووریا بە رادەستکردنی چەکی کیمیایی فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر بوو بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئەمریکا و رووسیا بە ئاراستەی هەنگاونان بۆ چارەسەری قەیرانەکە. ئەمەش لەو روانگەیەوە کە ئیدارەی ئۆباما چەکداماڵینی سووریا بە سەرکەوتنێکی دیبلۆماسی بۆ ئیدارەکەی لە قەڵەمدا لە ناوچەکەدا. لە هەمان کاتدا پێیوابوو ئەم هەنگاوە دەبێتە رێگەخۆشکەر بۆ وڵاتانی دیکەی وەک ئێران کە هەمان هەنگاو بنێن.

پێنجەم، قوڵبوونەوەی قەیرانی سووریا و هەڵکشانی ئەگەری دابەشبوونی ئەم وڵاتە بووە هۆی زیاتر ترساندنی ئەمریکا و دەوڵەتانی هەرێمی و عەرەبی و هانیدان بۆئەوەی بیر لە چارەسەرێکی سیاسیی بکەنەوە بۆ رێگرتن لە دابەشبوونی سووریا. ئەگەری ئەم مەترسیەش زیاتر دەرکەوت کاتێک ئەسەد چەند ناوچەیەکی کوردستانی رادەستی PYD کرد ، ئەمەش وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر هەڵوێستی تورکیا بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆن.

کەواتە، لێرەدا دەکرێت بڵێین جنێڤ 2 دەرئەنجامی کومەڵێک پەرەسەندنی سیاسی و هەرێمییە بۆ رەواندنەوەی ئەو مەترسیانەی کە رووبەڕووی سووریا و ناوچەکە بوونەتەوە. گرنگترین بەرنامە و ئەجێنداکانی ئەم کۆنفرانسەش بریتییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی لەنێوان شیعە و سوننە، رێگرتن لە دابەشبوونی سووریا و دژایەتیکردنی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان. بۆیە ئەم کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە لەپێناوی کورد نابەسترێ و زۆر ئەستەمە کورد هیچی لێ دەستبکەوێ. بە پێچەوانەوە لە ئەگەری سەرکەوتنی جنێڤ 2، زۆر بە ئاسانی رووسیا و ئەسەد پشت لە PYD دەکەن کە تا ئێستا وەک کارتێکی گوشار بەکاریانهێناوە لەدژی هێزە ئیسلامییەکان و دەوڵەتانی هەرێمی. ئەم ئەگەرەش بە تەواوەتی لەو کاتەوە رونبووەتەوە کە رووسیا بە بەرپرسانی PYD ی راگەیاند بەهۆی گوشارەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هەرێمی و عەرەبی ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشداری کۆنفرانسەکە بکەن. لەولاشەوە بەشداربوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێ و لە توانایدا نییە هاوکێشە سیاسیەکان بەئاراستەی بەرژەوەندی کورد بگۆڕێت، بە تایبەتیش کە ئەم ئەنجوومەنە لەڕووی سەربازییەوە لەسەر ئەرزی واقیع، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر رۆژئاوای کوردستانەوە نییە.

*** قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی لیستەر لە بەریتانیا و شارەزا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد**



ناسر باباخانی*

# لە "گوتاری میدیایی"یەوە بەرەو "گوتاری رەخنەیی"

ئاماژە: بەرلەوەی باس لە خاڵە بەهێزەکانی بوونی بزووتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بە دەسەڵات بکەین، یان خاڵە نێگەتیڤەکانی بخەینەڕوو، هەر لە سەرەتاوە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە نامەوێ بە شێوەیەکی بایەخدارانە لەم یان لەو حیزب و جەرەیانی سیاسی بڕوانم. بەڵکو مەبەستم ئاوڕێکی خێرایە لە گوتاری میدیایی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەتی گوتاری میدیایی بزووتنەوەی گۆڕان. لە هەمان کاتیشدا دەمەوێ گفتوگۆیەک بێنمە گۆڕێ لەسەر رۆڵی رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی سەربەخۆ بۆ چارەسەری قەیرانێک بەناوی "گوتاری میدیایی" سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە وەک دوو جەمسەری ئەم پرسە، واتە شەڕی راگەیاندن و قوتار بوون لە هێژمۆنی ئەم گوتارە و رۆیشتن بەرەو سازدانی "گوتارێکی رەخنەیی" لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی. لەم پێناوەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە، واتە دەرباز بوون لە "گوتاری میدیایی" و رۆیشتن بەرەو "گوتاری رەخنەیی"، دامەزراوەیەک بەناوی سەندیکای کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان پێویستە.

بزووتنەوەی کوردی لە باشووری کوردستان پاش ساڵەهای ساڵ بڕینی هەوراز و لێژ، سەرکەوتن و نسکۆ، بە بڕیارێکی نێونەتەوەیی، لەساڵی 1991 بە کردەوە قەوارەیەکی نیوەسەربەخۆی بۆ دیاری دەکرێ، بەڵام بە داخەوە ئەم هەلە ناقۆزێتەوە و دەکەوێتە کایەیەکی مەترسیدارەوە: شەڕی براکوژی کە ئێستاش پێوەی دەناڵێنێ. ئەمە وایکرد کەلێنی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چەند قات گەورەتر بێتەوە و دواجار ئاکامی ئەم شەڕە بووە هۆی پشتگوێخستنی گەشەپێدانی وڵات لە تەواوی بوارەکاندا و "پەراوێز بە دژی دەق" قوت بێتەوە! کەشوهەوای نائاسایی زاڵ بەسەر کوردستاندا، وردە وردە بووە هۆی گوورانی تۆوی رەخنە و گلەیی و گازندەی خەڵک لە دەسەڵاتی خۆیان. رەنگە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو لەو رووەوە رەنگدانەوەیەکی سادقانەی ئەم تێڕوانینە بن. هەرچەندە کەمیش نەبوون ئەو نووسەر و رووناکبیرانەی کە لەڕێی کتێب و وتارەکانیانەوە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، بەڵام بەداخەوە بەردەنگی ئەم وتارانە تەنیا تاقمێکی تایبەت بوون و شەقام بە مانا گشتییەکەی دوور بوو لەم گوتارە رەخنەییەی ئەوان. کەوابوو میکانیزمێکی دیکە پێویست بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک هانبدات بۆ دەنگ هەڵبڕین و خۆپێشاندان. بەهەرحاڵ بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی، کردەوە سەیر و سەمەرەکانی رژێمی بەعس لە عێراق و هەندێ هۆکاری ناوخۆیی بوونە هۆی ئەوەی دروشمی "یەکگرتنەوەی ماڵی کورد" لە سەرانسەری کوردستاندا بتەنێتەوە، بەڵام غافڵ لەوە کە ئەم ماڵە دەمێکە لە چەند شوێنێکەوە قەڵشی تێکەوتووە و دواتر دەبێتە هۆی رووخانی لادیوارێکی!

فلاش باکێکی بەپەلە دەتوانێ بۆ تاوتوێکردنی رووداوەکانی رابردوو یارمەتیدەرمان بێ. هەر وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمکرد، ئەوە نووسەران و رووناکبیرانی باشووری کوردستان بوون کە لە هەمبەر "بارودۆخی هەنووکەیی" یاخیبوون و لەڕێی وتار و دیمانەکانیانەوە دەسەڵات و حکومەتیان دایە بەر تیری رەخنە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو گۆڕانکاری و چاکسازی. کەوابوو بەر لە تاقمی ئۆپۆزیسیۆن (وەک حیزب)، ئەوە رۆژنامەوانان، نووسەران و رووناکبیران بوون کە داوای گۆڕانکارییان کرد، گۆڕانکارییەک لەسەر بنەمای ریفۆرم و بەرژەوەندی نەتەوەیی نەک بانگەشەی رووخان و سازدانی گوتارێکی میدیایی سامناک لەسەر بنەمایەکی ناوچەگەرایانە کە بە داخەوە هەر دێ و مەوداکان دوورتر دەکاتەوە. تەنانەت ئێمەش وەک تاقمێ رۆژنامەنووسی سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتی رەخنەمان لەمەڕ دەسەڵاتی باشوور پەیڕەو کرد.

سیاسەتێک کە ناوناتۆرەی دنیای بۆ بە دیاری هێناین و زۆر کەس لێمان هاتنە سەر چۆک کە ئێمە نیشتیمانفرۆشین چونکە ئەم دەسەڵاتە ساوایەمان داوەتە بەر هێرش و خەریکی شەمزاندنی وڵاتین!

بەڵام قسەی ئێمە چی بوو؟ لەگەڵ دەرکردنی یەکەم ژمارەی دووحەوتەنامەی پەیامی کوردستان لە (10ی مارسی 2005) ئێمە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی سەربەخۆ، رەخنەمان لە دەسەڵات وەک ستراتیژی سەرەکی رەچاو کرد، سەبارەت بە سەرجەم رووداوەکانی باشوور دژکردەوەمان لە خۆمان نیشاندا و هەڵوێستەکانمان هاوجەهەت و هاوتەریبی رای شەقام بوو، تەنانەت تاقمێک کەس کە ئێستا لە ریزی ئۆپۆزیسیۆندان و ئەوان سەردەمان لەگەڵ دەسەڵات بوون، کەوتنە بەر رەخنەی ئێمە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند بڵاڤۆکە کوردییەکانی ئەوکات لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین، بەڵام ئەوە ئێمە بووین کە وەک یەکەم خوازیارانی گۆڕانکاری لەسەر بنەمای ریفۆرم رەخنەمان لە دەسەڵاتی کوردی لە باشوور دەگرت ئەوکاتەی هەندێ کەس پێیان "بڤە" بوو!

لە سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەوە بگرە تا رەخنە لە گیرانی د.کەمال سەید قادر، رەخنە لەمەڕ سەفەرە فەرهەنگییەکان بۆ سلێمانی و هەولێر، رەخنە لە رەوشی ئیدارەکردنی زانکۆکان، رەخنە لە گەندەڵیی هەندێ تاقم و لایەن، رەخنە لە دوو ئیدارەیی، لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوا، کێشە هەڵپەسێراوەکانی وەک کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، رەخنە لە ئاسایش و میدیا کوردییەکانی دەسەڵات و زۆر باس و خواسی دیکە کە لە پەیامی کوردستاندا رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی هەبوو. تەنانەت بۆ زانیاری خوێنەری بەڕێز ئاماژە بەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە ئەوە ئێمە بووین وەرگێڕانی سەرجەم کتێبەکەی کاک فارووق رەفیق - وتەبێژی ئەوسەردەمی بەر دەرکی سەرا - مان بە شێوەی پاوەرەقی لە تەواوی ژمارەکانی پەیامی کوردستاندا دانا، کتێبی ماڵێکی وێران و ویژدانێکی بێمار کە راستەوخۆ رەخنەی لە دەسەڵات دەگرت.

مەبەستم دووپاتکردنەوەی ئەم راستییە بوو کە ئێمە وەک رۆژنامەوان بەر لە سازبوونی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆن و ئەو کات کە خودی بەڕێز نەوشیروان مستەفا خۆی بەشێکی سەرەکی بوو لە دەسەڵات، خوازیاری چاکسازی بنەڕەتی بووین. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم رووی دەمی ئەم وتارە زیاتر لە گۆڕانە، لەبەرئەوەی زۆر لەوە پێشتر بە ئاراستەیەکی چاکسازانەدا رەخنەی خۆمان ئاراستەی دەسەڵات کردووە. کەوابوو پێمانوایە ئەم ویستەی ئەمڕۆی شەقام، کە خواست و مافێکی رەوای خەڵکە و بەهۆی نووسەران و رۆشنبیرانی باشووری کوردستان و رەنگە خەمخۆری و دڵسۆزی تاقمێکی سنوورداری رۆژنامەوانی رۆژهەڵاتی کوردستان خویا بووە، بێگومان نیازپاکییەکی بێخەوش و بێگەردی لە پشت بوو بۆ گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی چاکسازانە.

هەروەک باسمکرد "گوتاری رەخنەیی" رۆشنبیرانی باشوور ئەو دەرەتان و بوارەی نەبوو کە لەگەڵ "شەقام" پەیوەندییەکی راستەوخۆ ساز بکات، واتە مەودای ئەم گوتارە کورت و بەرتەسک بوو. بەڵام گۆڕان ئەو هەلەی قۆستەوە، بە جۆرێ کە بووە کەرەسەیەک بۆ گواستنەوەی ئەم گوتارە بۆ ناو شەقام، میکانیزمی ئەم کارەشی زۆر بە باشی و وریایانە دۆزییەوە: پرۆسەی هەڵبژاردن.

بێگومان هەموو لایەک بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە پارلەمانی کوردستاندا بە پێویست دەزانن، وەدەستخستنی 25 کورسی پارلەمان لە یەکەم ئەزموونی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، سەرکەوتنێکی باش بوو، ئەمە نیشانی دا کۆمەڵگا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاوەزمەند بەرەوڕوو بووە کە بە باشی گەمەی سیاسەت دەزانێ و هاوکێشە سیاسییەکانیش دەناسێ. دیارە سەرکەوتنی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەماندا گوزارەی لە بوونی پرۆسەیەکی دیموکراتیک لە هەرێمی کوردستانیشدا دەکرد. ئەم پرۆسەیە چ لە باری ناوخۆییەوە و چ لە باری رەنگدانەوەی نێونەتەوەییەوە، بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان پەیامێکی تایبەتی پێبوو!.

دوای ئەم سەرکەوتنە لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستاندا، بە باوەڕی من گۆڕان لەم ماوە زەمەنییەدا تووشی چەندین هەڵەی تاکتیکی بوو: گرتنەبەری سیاسەتی رەتکردنەوە و ئینکار واتە هەموو یان هیچ، شێوە هەڵسوکەوتی نوێنەرانی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستان، گوتارێکی تایبەت کە لە میدیاکانییەوە بانگەشەی بۆ دەکرد بە هیچ کلۆجێک بۆنی چاکسازی لێوە نەدەهات و...هتد. وێدەچوو گۆڕان خەریکە رێچکە و شوێنی یەکێتی و پارتی لە شێوازی سیاسەتکردندا بگرێتە بەر. ئەمانە وایانکرد بزووتنەوەی گۆڕان بە پێچەوانەی وتەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا تووشی شکست بێ. ئیتر لەو رۆژەوە بزووتنەوەی گۆڕان لەبری بەخۆداچوونەوە و ئانالیز و شرۆڤەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، هەڵە تاکتیکییەکانی دەبنە هەڵەی ستراتیژی. گۆڕان ئەم شکستەی بۆ قەبووڵ نەدەکرا و دەیویست بە هەر شێوەیەک بووە لەسەر ساحەی سیاسی کوردی ببێتە نامبەر وان (number one) وەک پارتی و یەکێتی، هەر بۆیە کار لە ریفۆرم دەترازێ و رووخان دەبێتە ستراتیژی گۆڕان! رووداوەکانی باکووری ئەفریقا دەبنە هۆی ئەوەی گۆڕان سەرلەنوێ تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیی دیکە ببێ. من لەوەپێش لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی "دڵێک لە بەرد و ماڵێک لە شووشە" بە وردی باسم لەوە کردووە کە ناکرێ بارودۆخی هەرێمی کوردستان و باکووری ئەفریقا بە یەک پێوەر و پەیمانە هەڵسەنگێنین و پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکا، بەڵام گۆڕان ئەم کەشە نێونەتەوەییە دەگوازێتەوە مەڵبەندی سلێمانی، دیارە گۆڕان لایەنگری تایبەت بە خۆی هەیە و لەڕێی ئەم میکانیزمەوە لاوانی تووڕەی سلێمانیشی لە ژێر چەتری دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات کۆکردەوە. ئەم میکانیزمە ئەوەندە بە هێزە کە ئەو دوو هێزە ئیسلامییەی تا رادەیەک کەوتبوونە پەراوێزەوە، سەرلەنوێ بهێنێتە ژێر باڵی خۆیەوە. هەربۆیە بەر دەرکی سەرا کە ببوو بە سەرای ئازادی، لە چەپی مارکسییەوە تا ئیسلامی سەلەفی لەخۆگرتبوو!

دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەونە گفتوگۆ و خواستی خۆپێشاندەران بە حەق و رەوا دەزانن. دەسەڵات بەڵێن دەدات داخوازییەکان لە قاڵبی پرۆژەگەلی کورتخایەن و درێژخایەندا جێبەجێ بکات، هەرچەند شەقام بە تەواوی قەول و بەڵێنی دەسەڵات ناسەلمێنێ، بەڵام تاڕادەیەک هێور دەبێتەوە. لەم نێوەدا دیسان بە باوەڕی من گۆڕان تووشی هەڵەیەکی ستراتیژی دیکە دەبێ و کارتێکی دیکەی دەسووتێ، گۆڕان هەر لەڕێی پارلەمانتارەکانییەوە دەیتوانی تۆپەکە بخاتە زەوی دەسەڵات و پابەندی بکات بە ئەنجامی بەڵێنەکانی و ببوایە بە پردی پەیوەندی نێوان شەقام و دەسەڵات، بەڵام گۆڕان بە عەهد و بەڵێنی دەسەڵات پێمل نابێ، چون بڕیارێکی پێشوەختی داوە تا بە هیچ لەونێک قەولەکانی حکومەت نەسەلمێنێ. تەنانەت تا ئەو رادەیە دەڕواتە پێش کە زەبر و گوشاری سەر کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بە سیناریۆی دەسەڵات لە قەڵەم دەدا! گۆڕان مەبەستی ئەوە بوو پاڵەپەستۆی سەرای ئازادی لە نزمی نەدا، چونکە کەمبوونەوەی ئەژمار و رادەی جەماوەریی بەر دەرکی سەرا، شکستێکی سامناک بوو بۆ گۆڕان. هەتا ئێرە هەرچەند هەندێ رەخنە لەسەر شێوە هەڵسوکەوتی گۆڕان لەگەڵ هەندێ دۆزی نەتەوەیی دێتە ئاراوە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەمە کایەی سیاسەتە و قەیدی نییە، ئەوەی جێگای داخە و بەدەرە لە یاسا و رێسای ئەم کایە سیاسییە، هەڵوێستی نوێنەرانی گۆڕان بوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقدا. هاوڕێیانی گۆڕان بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی بە جۆرێ وەسف دەکەن کە دەڵێی دوژمنی نەتەوەی کورد هەرێمی کوردستانی داگیرکردووە و تکا و رەجا لە سوپای عێراق دەکەن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە تا بەر بە میلیشیا - ئێوە بخوێننەوە پێشمەرگە - بگرن و برایانی عەرەبی شۆڤێنیش چەپڵەیان بۆ لێدەدەن! ئەوەی من زۆر بە جێی مەترسی دەزانم ــ کە لە هەمان کاتیشدا دەیتوانی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لێبکەوێتەوە - کەناڵەکانی راگەیاندنن. واتە "گوتاری میدیایی" لایەنە سیاسییەکان کە بە داخەوە بووەتە "شەڕە گەڕەک" و هەندێ جار وەها کردەوەی قێزەون و نامەسئولانە لە کەناڵەکانی راگەیاندن بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە دەبینی کە تەنانەت گومانت بۆ سازدەبێ لە کوردبوونیان! بۆ وێنە لە کاتی رووداوەکانی شاری سلێمانی دەسەڵات وێنەی پۆلیسە شەهیدەکانی بەرز دەکردەوە و ژن و منداڵە بێ نازەکانیانی نیشاندەدا و ئۆپۆزیسیۆنیش وێنەی خۆپێشاندەرە شەهیدەکان. ئەمەیە ئەوپەڕی بە کەرەستەکردنی ئینسان، ئەمەیە ئەوپەڕی سووکایەتی بە خوێنی بە ناحەق رژاوی لاوانی ئەم نیشتمانە لەتوکوتە. سەیر کە، دەسەڵات سوپاسنامە دەداتە بنەماڵەی پۆلیسە شەهیدەکە و ئۆپۆزیسیۆنیش میدالیای شانازی دەبەخشێتە کەسوکاری خۆپێشاندەرە شەهیدەکە! بۆیە گوتاری میدیایی کە گوتارێکی تاک رەهەند و مۆنۆلۆگە و لە خزمەت حیزبدایە، دەبێ بە هۆی رووناکبیرانەوە بگوازرێتەوە بەرەو "گوتاری رەخنەیی" کە فرە رەهەندە و باوەڕی بە دیالۆگ و دانوستاندنە.

رەنگە هەر بەم هۆیەوە بووبێ کە بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح لەبری قسەکردن لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پەنایان بردە بەر هۆڵێکی بەرتەسک و میزێکی بچووک!

ئەوەی راستی بێ، گوتاری دەسەڵات ئەوکات تا رادەیەکی بەرچاو نەوی کێشا و پێمل بوو داخوازییە رەواکانی شەقام جێبەجێ بکات، بەڵام بە داخەوە گوتاری میدیایی گۆڕان خەریک بوو سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی هاووڵاتیانی ناڕازی بێ. بڕوانە ئەم وتەزایانە: شەڕی ناوخۆ، قەتڵ و عامی خەڵک، کوشتاری خۆپێشاندەران، کۆمەڵکوژی، لامەرکەزی بۆ پارێزگای سلێمانی، لەبەر یەک رۆنانی هەولێر و سلێمانی، چەکدار و میلیشیا (لەبری پێشمەرگە)، سیناریۆی کەرکووک کە دەستکردی دەسەڵاتی کوردییە، سەرۆکی هەرێمی هەولێر (نەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، سەرۆکی ماوەبەسەرچوو و.. دووپاتە و چەندپاتە بوونەوەی ئەم وتەزایانە لەسەر میدیاکان بە باوەڕی من نە هیچ سوودێکی بۆ نەتەوەی کورد هەیە و نە دەبێتە هۆی چاکسازی، بەڵکو لایەنی بەرامبەر واتە دەسەڵاتی کوردی ناچار دەکات دژکردەوە نیشان بدات.

هەرچەندە ئێستا کە گۆڕان وەک دووەم هێزی سیاسی لە باشووری کوردستان دێتە ئەژمار، من پێموایە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە زووترین کات ئاوڕێکی جیدی نەداتەوە سەر سیاسەتی میدیایی خۆی، تووشی وەرینی لایەنگرانی دەبێ. ئەدەبیاتی زاڵ بەسەر میدیای گۆڕان ئەدەبیاتێکە بەرلەوەی مەبەستی چاکسازی بێ جۆرێکە لە هاندانێکی رووکەشیانە بۆ مەبەستی سیاسی و کشاندنەوەی تێکڕای خەڵک بۆ لای خۆی بە هەر شێوەیەک. گۆڕان دەبێ ئەوە بسەلمێنێ کە بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆ ئەو لەسەرووی بەرژەوەندی خۆیەتی، ئەمەش بەبێ پێداچوونەوە بە گوتاری میدیایی خۆی ناکرێ.. هەڵبەت دیارە ئەم شەڕە گەڕەکە تەنیا تایبەت نییە بە گۆڕان و هەر لەم رۆژانەدا شەڕی راگەیاندنی یەکێتی و پارتی لە شاری کەرکووک گەیشتووەتە ئاستێک کە هەردوو لایەن هەڕەشەی خستنەڕووی بەڵگە لە دژی یەکتر دەکەن! ئایا ئەم گوتارە میدیاییە گوتارێکی سامناک نییە بۆ سەر یەکڕیزیی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان؟

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دامەزراوەیەک وەک سەندیکای کەناڵەکانی راگەیاندن پێکبێت لەژێر چاودێری لێژنەیەکی باڵا و بە بەشداری نوێنەرانی سەرجەم لایەنەکانی خاوەنی میدیای بینراو و گەلاڵەیەکی تۆکمە بە مەبەستی بەرگری لە شەڕی راگەیاندن دابڕێژن. دیارە بە هیچ کلۆجێک مەبەستم سانسۆر و سنووردارکردنی تواناکانی کەناڵەکانی راگەیاندن نییە، بەڵکو دەبێ لەسەر بنەمای دامەزراندنی مەنشوورێکی میدیایی- ئەخلاقی سەرەتایەک بۆ چەشنێ لە لێکگەیشتن و دیالۆگ ساز بکرێ.

هەر لەم پێناوەدا وەک چۆن گومانم لەوە نییە کە ئەگەر ئەم لێژنەیە تەنیا نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان لەخۆبگرێ سەرکەوتوو نابێ، گومانیشم لەوە نییە کە ئەگەر لێژنەکە لە تاقمی نووسەر و رۆژنامەوان و رووناکبیرانی ناسراو و رەنگە سەربەخۆش وەک ئەندام کەڵک وەربگرێ، گوتارێکی تەندروستتر و دواجار گوتارێکی رەخنەیی لێبکەوێتەوە.

کەوابوو بۆ دەربازبوون لەم قەیرانەی ئێستا، توێژی رووناکبیر نابێ تەنیا قەناعەت بە هەندێ وتار و کۆڕ و کۆبوونەوەی تیۆریک بێنن، چونکە ئەمە هەمان هەڵەی چەندین ساڵ لەمەوبەرە کە جگە لە چەند وتارێکی رەخنەیی، ئاکامێکی ئەوتۆی بۆ خەڵک لێنەکەوتەوە. واتە بەپێچەوانەی پێناسەکەی رێمۆند ئارۆن کە رووناکبیر زیاتر وەک "چاودێرێکی دەروەست" دەناسێنێ، دەبێ رووناکبیر نەک تەنیا وەک چاودێر، بەڵکو لە بەرامبەر بارودۆخی هەنووکەیی هەڵوێست وەربگرێ و شوێندانەر بێ بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە و خۆی ببێتە بەشێک لە پرۆسەکە، بۆ وێنە پرۆسەی سەندیکای کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان. بێگومان دەبێ هیوادار بین کە مەودای لایەنەکان ئەوەندە دوور نەبێ دەنگیان نەگاتە یەکتر.

*** رۆژنامەنووس و مامۆستای پێشووی زانکۆ**

ڕووداو
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەوڵە بێهوودەکانی ئێران

لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لەساڵی 1995ەوە، ئیتر ئێران خۆی یەکلاکردەوە کە پشتیوانی لە یەکێتی دەکات و تا ئەمڕۆش هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە ئەو (یەکێتییە) لێک نەترازێت. لەدوای 17ی شوباتی 2011 دەسەڵاتی یەکێتی لە زۆنی سەوز کەوتە ژێر پرسیارەوە و ئێران کە بینی خەریکە دۆخەکە لەدەست دەردەچێت، هەوڵێکی گەورەی خستەگەڕ و بارودۆخەکەی هێور کردەوە.

دوای دوورکەوتنەوەی تاڵەبانیش لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، ئێران بە دەیان شاندی ڕەوانەی سلێمانی کردووە و شەو و ڕۆژ ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە غیابی تاڵەبانی نەگاتە ئەو ئاستەی یەکێتی نیشتمانی تووشی هەرەس بێت.

سەردانی شاندە یەک لەدوای یەکەکانی فەرماندەکانی پێشووی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سلێمانی کە هەموویان ڕۆژانێک لە چوارچێوەی (قەرارگای ڕەمەزان)دا ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی بەهێزیان لەگەڵ ساختاری حیزبە کوردییەکاندا هەبووە، لە پێناوی پاراستنی ئەو باڵانسە سیاسی و دابەشبوونی هێزەیە کە ئێران لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا، چ لەناو عێراق و چ لەناو کوردستاندا پێویستی پێیەتی. نەخاسمە کە کورد ئێستا لە ناوچەکەدا بوونەتە ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی و سەرباری هەموو ئەو بێسەروبەرییەی کە هەشیانە لە پارسەنگی هێزە هەرێمییەکانیشدا حیسابیان لەسەر دەکرێ. بۆیە ئەوە پتر وا لە ئێران دەکات کە هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆخی کوردستان و بەتایبەتیش هاوپەیمانەکەی، یەکێتی نیشتمانیدا بکات.

دوا سەردانی شاندی یەکێتی نیشتمانی بۆ تاران کە شاندی پارتیش وەک شایەد و چاودێر بانگ کرابوون، بۆ دروستکردنی مەرجەعیەتێکی سێ قۆڵی بوو بۆ بڕیاردان و پشتیوانیی پارتی لەو مەرجەعیەتە و بە ڕەسمی ناسینی بڕیارەکانی. پێشتر ئێران، دوای دوورکەوتنەوەی تاڵەبانی لە گۆڕەپانی سیاسی، پێداگیریی لەسەر پاراستنی بنەماڵەی تاڵەبانی لە دەسەڵاتدا دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پارتیش لەوەدا هاوکاری بێت و دەست بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە بگرن. دوای هەڵبژاردنەکان و ئەو نەغمە جیاوازانەی کە لەناو یەکێتیدا دەبیستران، پارتی وا لێکرد مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعدا بکات، چونکە پارتی لە خۆشیی خۆی نییە کە دەبێ مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، ئەگەر وا نەکات ئایندەی حوکمڕانییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە.

پێناچێ هەوڵەکانی ئێران بۆ یەکخستنەوەی ناوماڵی یەکێتی کە هاوکات شکڵ و سیمای ئایندەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دەنەخشێنێ، ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت. لە ژینگەیەکی سیاسی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرکردەکان ناسنامە و ڕووخساری بزووتنەوەکانن. نە بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و نە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکانیان ئەگەر ئەوان نەبن، تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزن. ئەوانن کە بیردەکەنەوە، سیاسەت دادەڕێژن، بڕیار دەدەن و هاوپەیمانی دەبەستن.

وەک چۆن ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی دوو سەرکردە بوو تا دوو حیزب، پەیوەندیی ئێرانیش لەگەڵ یەکێتی پتر لەوەی لەگەڵ حیزبێکی سیاسیدا بووبێت، لەگەڵ خودی تاڵەبانیدا بوو. وەک چۆن لەگەڵ کاکە حەمەی حاجی مەحموددا هەیانە و ئەگەر ڕۆژێک بێت کاکە حەمە نەمێنێ، ئێران نازانێ مەکتەب سیاسییەکەشیان لەکوێیە. بۆیە مەحاڵە ئێران بتوانێت لەناو ئەو یەکێتییەی ئێستادا بەدیلی تاڵەبانی دەستبکەوێت. بەدیلێک کە وەک ئەو بتوانێ یەکێتی بپارێزێت و گوێڕایەڵی سیاسەتەکانی ئێران بێت، چونکە ئێران متمانەی بە هیچ یەک لە سەرکردەکانی ئێستای یەکێتی نییە بەو شێوە ڕەهایەی کە بە تاڵەبانی هەبوو.

ئێران خۆشی لەوە دڵنیایە، بەڵام نایەوێ مەرگی یەکێتی مەرگێکی لەناکاو بێت و دەیەوێ بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو دەسەڵاتەکە بەجۆرێک لە یەکێتییەوە بۆ گۆڕان بگوازرێتەوە کە کاریگەری بەسەر پارسەنگی هێز لە کوردستاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە پارتی ئیتر خۆی لەگەڵ تورکیادا یەکلایی کردووەتەوە و هەوڵ دەدات هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەی ناو کوردستان پەلکێشی ئەو شاڕێیە سیاسییە بکات کە خۆی گرتوویەتیە بەر.



نوری بێخاڵی

# کابینەی سێ ڕێگرەکە

زیاتر لە 120 ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕەت بووە، تا ئێستا کەس نازانێ کەی کابینەی نوێ پێکدەهێنرێ. هەر هێزە و لەلای خۆیەوە ئۆباڵی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت دەخاتە ئەستۆی ئەوەی دیکە بەبێ ئەوەی تا ئێستا هیچ لایەنێک بوێریی ئەوەی هەبێت کە ڕوون و ڕاشکاوانە هۆکارەکانی دواکەوتنی پرۆسەکە بۆ ڕای گشتی باس بکات.

وەکوتر، هەر هێزە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر پێکهاتەی کابینەی نوێی حکومەت بە دڵی خۆی نەبێ، ئەوا بژاردە و هەڵوێست و قسەی دیکەی دەبێ. ئەو هەموو (دیکە)یانەش هێندەی لە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و دەسکەوتنی زۆرترین پۆست و ئیمتیاز دەچن، ئەوەندە هەوڵی خەمخۆرانە نین بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان.

یەکێتی دەڵێ ئەگەر بە دڵی من نەبێت، ئەوا قسەی خۆم دەبێت. بۆ کەسی چاودێر بەسەر ڕووداوەکانیشەوە، قسەکەی یەکێتی ڕوون و ئاشکرایە و تەنها بە هەندێ بەلاغەتی سیاسی ڕووپۆش کراوە کە ڕاستییەکەی مەبەستی ئەو حیزبە لە قسەی خۆی، وورووژاندنی بابەتی دەستوور و ختوکەدانیەتی. گۆڕان بەلای خۆیەوە دواکەوتنی پرۆسەکە بۆ ناشەفافیەتی کۆبوونەوە و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینە دەگەڕێنێتەوە، لە کاتێکدا خودی گۆڕان تاوەکو ئێستا ڕاستگۆ و ڕاشکاو و شەفاف نییە لەوەی کە ئەو بۆ خۆی چ پۆستێک و چەند پۆستی دەوێ و بەربژارەکانی کێن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانە؟

(پارتی)ش لەلایەک بۆ نەڕەنجاندنی هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی و تووڕەنەکردنی گۆڕان، دوا بڕیاری ڕاشکاوانەی خۆی نەداوە و هەڵوێستی ڕوونی خۆی ئاشکرا نەکردووە و وێناچێ مەبەستیشی بێت لە نێوان بێنە و بەردەی دوو حیزبەکەی دیکەدا، ئاوا بە ئاسانی خۆی یەکلایی بکاتەوە. لە کاتێکدا پارتی لە هەر هەموویان بەرپرسیارێتی زیاتری دواکەوتنی پرۆسەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و چیتر پێویست نییە هاووڵاتیان لە چاوەڕوانی (ئانا و پانا)ی نێوان یەکێتی و گۆڕاندا بهێڵێتەوە!

بە درێژایی بیست و ئەوەندە ساڵەی دەسەڵاتداریتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرفتی سەرەکی بەردەم باش بەڕێوەنەچوونی حوکمڕانی لە جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی و تا دەگاتە دامەزراوەیەکی بچووکی وڵات، دانانی جێگر بووە. ئەو شتەی کە لەناو شەقام و تەنانەت کایەی سیاسیشدا ناوی لێنراوە (ڕێگر!). چەمکێک کە ئێستا بووەتە کەلتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و هەنووکەش لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا بووەتە گرێکوێرەی سەرەکی.

یەکێتی داوای جێگری حکومەت دەکات، گۆڕانیش هەمان داوای هەیە، تورکمانەکان جێگرێکیان بۆ کاروباری تورکمانەکان دەوێ و ڕەنگە کلدۆئاشوورییەکانیش شتێکی لەم چەشنەیان لە خەیاڵدا بێت. بیرکردنەوە و بۆچوونی زاڵی هەنووکەییش ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەت (سێ ڕێگر)ی هەبن. ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ لەپەلوپۆخستنی کارەکانی کابینەی داهاتوو.

ئەو کێشمەکێشەی نێوان هێزە کوردییەکان و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، خەیاڵمان دەباتەوە بۆ هەڵبژاردنی پێشووی عێراق کە سەرەڕای سەرکەوتنی لیستی عێراقیە بە براوەی یەکەم، کەچی بەرژەوەندی و ململانێی سیاسی و بە ڕەزامەندی کوردیش لەگەڵی، لیستی دەوڵەتی یاسا و مالیکی کرانەوە حوکمڕان، ئەو حکومەتەی ئێستا دار و بەرد و ئاو و هەوای عێراق لێی بێزارە، بەوانەشەوە کە کاتی خۆی لەسەر حیسابی لیستی عێراقییە پشتیوانییان لێکرد. حکومەتێک ساڵانێکە ڕاست و چەپ و بۆ مەرامی ئایدیۆلۆژی و تایفی، (شەلم، کوێرم، نابوێرم) بەربووەتە گیانی پێکهاتەکانی عێراق.

ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرێ، هەوڵێکە بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی عێراق، بەڵام لە بەرگێکی دیکەدا. واتە ناچارکردنی گۆڕانە بۆ چوونە ژێر باری داخوازییەکانی یەکێتی. لە کاتێکدا لە دونیای دیموکراسیدا ئەزموونێک نادۆزیتەوە، براوەی سێیەم ببێتە ڕیش سپی هێزەکان و سەرپشکی بڕیاردەر لە مافی براوەی دووەم و سیخورمەش لە براوەی یەکەم بگرێت!

لەم گۆشەنیگایەوە، چیتر دواخستنی پێکهێنانی کابینەی نوێ، جگە لەوەی بێڕێزیکردنە بە گەمەی دیموکراسی و بێبەهاکردنی پرەنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، هاوکات گاڵتەکردنێکی ئاشکرایشە بە ئیرادە و دەنگی هاووڵاتیان.

گەورەترین بێڕێزیش بە چەمکی دیموکراسییەت و گاڵتەکردن بە ئیرادەی سیاسی ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەتێک هەبێ سێ جێگری هەبن کە لە بنەڕەتدا دەبنە (سێ ڕێگر!)ی ڕاستەقینەی فول ئایدیۆلۆژی. ئەو دەمەش دەبێ بڵێین، خۆزگەمان بە (کفن دز)، واتە سەردەمی ئەزموونی (فیفتی بە فیفتی)!



قەرەنی قادری

# تاران و کابینەی نوێ

هەڵبژاردنی گشتی لەبەر ئەوە دەکرێت و دەبێ بکرێت، تا دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی هێمنانە و لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتیان دەستاودەست بکرێت. هەڵبژاردن تەنیا دەنگدان نییە، بەڵکو ئەوە ئاکامی دەنگەکانە کە هەم کێشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبە سیاسییەکان دیاری دەکات، هەمیش پێوەرێکە بۆ ئەوەی قورسایی هەر حیزبێک لە دەسەڵاتدا دەستنیشان بکات. سندوقی دەنگدان، هەنبانەی قورسایی حیزبە سیاسییەکانە. هەڵبژاردنی پەرلەمانیی هەرێمی کوردستان کە لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو، ڕێک دەرخەری ئەم تایبەتمەندییانە بوو.

بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، نزیک بە 120 ڕۆژ لە هەڵبژاردن دەرباز بووە، تا ئێستا نە پەرلەمان سەرۆکی هەیە و نە کابینەی نوێی حکومەتیش پێکهاتووە. بەپێی یاسا، هەر دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەی دەنگەکان، کاتێکی یاسایی و دیاریکراو بە حیزبی براوەی یەکەم دەدرێت تا کابینەی نوێ پێکبێنێ.

کاتی دەستنیشانکراو بەشێکە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەکو لە بواری یاساییەوە کات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێت، لەبەر ئەوە دەبێ گشت هێزەکان پێڕەوی لێ بکەن. هەر لەسەر بنەمای ئەو یاسایە و دابی حوکمڕانی، چوار ساڵیش بۆ کابینەیەک دیاری کراوە، تا پلان و بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی تێدا جێبەجێ بکات.

سەرپێچی لەو (کات)ە یاساییانە، کۆسپن لە بەردەم سەروەریی یاسا و بەرپرسیارێتی سەرەکیش لەو بوارەدا، بۆ هێزی براوەی یەکەم دەگەڕێتەوە کە بەرپرسە لە پێکهێنانی کابینەی نوێ، تەنانەت کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئاکامەکانی هەڵبژاردن وەلا بنێت و ڕوو لە "ئیستحقاقی پێگە و مێژوو" بکات. جێی ئاماژەیە، تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتییش، کاتێک ئاماژە بەو "ئیستحقاق"ە دەکەن، بە تێکەڵاوێک لە هەڕەشەوە "داواکاری"یەکانیان دێننە گۆڕێ.

یەکێک لە پاشهاتە خراپەکانی "ڕێککەوتننامەی ستراتیژی" لە نێوان پارتی و یەکێتی لە هەلومەرجی دوای هەڵبژاردنی 21ی ئەیلول، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی تووشی قەیران کردووە. دۆخی نوێ، تێڕوانین و پێداچوونەوەی دەوێت، چونکە دۆخەکە گۆڕاوە و هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، ئەمەش لە پێکهێنانی کابینەدا کارتێکەر دەبێت.

بەڵام لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، ڕووداوەکان ئاماژە بە شتێکی دیکەش دەدەن کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، لە ناوخۆ چارەسەر ناکرێت و ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم دەکرێت، هەر بەوپێیە کۆماری ئیسلامی کراوەتە "هاوکێشە" و دەست دە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەردەدات.

سەردانی شاندی پارتی و یەکێتی بۆ تاران و چاوپێکەوتنیان دەگەڵ بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە، ئەو بۆچوونەش دێنێتە ئاراوە کە دوو هێزی سەرەکیی هەرێمی کوردستان پاش زیاتر لە 20 ساڵ دەسەڵاتداریتی لە وڵات، ئەو توانایەیان نییە خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن و دەرەوەی سنوورەکان پەلکێشی ناوەوە دەکەن. گەرچی لە ڕاگەیاندنەکان باس لەوە کرا کە ئەم سەردانە پەیوەندی بە کێشە "ناوخۆیی"یەکانی یەکێتییەوە هەیە، بەڵام "پێکهێنانی کابینەی نوێی هەرێمی کوردستانیش" لە تەوەری کۆبوونەوەکان بووە. سەرکۆنسوڵگەریی ئێران لە هەولێر ئەوە بە "یارمەتی"یەکی برایانە لە قەڵەم دەدات و لایەنگری لە "حکومەتی بنکەفراوان" دەکات!

ناکرێت بە لیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردندا بەشدار بیت، بەڵام بۆ پێکهێنانی حکومەت دەگەڵ بەشێکدا، داوای جێبەجێکردنی "ڕێککەوتننامەی ستراتیژی" بکەیت. گەرچی یەکێتی دوای هەڵبژاردن بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەگەڕێتەوە و هەر ئەوەش کێشەخوڵقێنە، بەڵام بەرپرسیارێتی دواخستنی کابینەی نوێ دەکەوێتە سەر شانی پارتی، چونکە دەبێ لە کاتێکی یاسایی دیاریکراودا، کابینەی حکومەت پێکبێنێ.

کاتێک باس لە یاسا و سەروەریی یاسا دەکرێت، ئەوە دەسەڵاتداران و حیزبە سیاسییەکانن کە دەبێ لە چەسپاندن و سەروەریی یاسا لە کۆمەڵگەدا پێشەنگ و دەستپێشخەر بن. پابەندنەبوون بە سەروەریی یاسا، کۆمەڵگە تووشی قەیران دەکات.

دەرهاویشتەکانی "ڕێککەوتننامەی ستراتیژی" لە نێوان (پ د ک) و (ی ن ک) و ئاکامی هەڵبژاردنی 2013/9/21، ئاڵۆزی بەدوای خۆیدا هێناوە و بووەتە هۆکاری دواخستنی کاری حکومەت و پەرلەمان. ئەمەش یەکێکە لە ئاکامەکانی ئەو دۆخە ئاڵۆزە لە وڵاتدا. هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵام بۆ پێکهێنانی حکومەت پەنا بۆ کۆماری ئیسلامی دەبرێت!



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# دەوڵەتی کوردی "خەون" یان "پرۆسە"

ئێمەی کورد لە باکوورەوە تا باشوور، هێشتا لەو قۆناغەداین کە دەوڵەتی کوردی وەک "خەونێکی ڕەوا" تەماشا دەکەین، بەڵام کاتێکیش تاڵەبانی لەتورکیا گوتی دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە، زۆر پێی قەڵس بووین، ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، یەک لەوانە تێنەگەیشتنی ئێمەیە لەزمانەکەی خۆمان، یان تێنەگەیشتنی ئێمەیە لەزمانی سیاسیەکانمان. یانیش بێ متمانەیی نێوانمانە.

تێنەگەیشتن لەزمان ئەوەیە جیاوازی نەکەیت لەنێوان "خەون" و "خەو"دا.

خەون ئەو ئایدیایەیە کە هەوڵی بۆ دەدەیت و شیاوی ئەوەیە پێی بگەیت، خەویش ئەو وەهمە تەمبەڵەیە کە هەموو ساتێک شیاوی پووچەڵبوونەوەیە.

تۆ دەڵێی خەوم بینی و دەشڵێی خەونەکانم ئەوە و ئەمەیە. دەڵێی لەخەو ڕاچڵەکیم و دەشڵێی بە یەکێک لەخەونەکانی ژیانم گەیشتم.

سەیربوو "خەونەکەی تاڵەبانی" هەموو لایەکی بێتاقەت کرد، جا یان تاڵەبانی وەک عادەتە سیاسییەکەی خۆی هەر بەتەنیا مەبەستی موجامەلەکردنی سیاسیەکانی تورکیا بوو، بەبێ موراعاتکردنی ڕای گشتیی کوردی. یان هەر لەبنەڕەتەوە باوەڕی بەدەوڵەتی کوردی نییە کە ئەمەیان شایانی باوەڕکردن نییە بۆ هەر سیاسییەکی کورد.

بۆیە دەبێت شرۆڤەیەکی ئەدەبی و سیاسی بۆ وتەکەی تاڵەبانی بکەین و بڵێین تاڵەبانی دەوڵەتی کوردی بەو شێوەیەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کلاسیکی کوردیدا هەیە وەک خەونێکی شاعیرانە کە زیاتر لەخەودەچێت، دەزانێت.

ئەگەر تاڵەبانی مەبەستی بووبێت دەوڵەتی کوردی بەخەوێکی پووچ بزانێت غەدرێکی گەورەی کردووە و هەموو مێژووی خۆشی سفر کردووە و پێشموایە لەسەر ئەو وتەیە شایانی دادگایی کردنە.

خۆ ئەگەر مەبەستی ئەوە بووبێت دەوڵەتی کوردی خەونە و خەونیش لە ئەدەبیاتدا مەشروعە و ڕۆژێکیش دێت بەو خەونە دەگەین، ئەوە دەکرێت وەک دیبلۆماسیەتێک لێکبدرێتەوە کە پێموایە لەو دیبلۆماسیەتە سەرکێشە سەرشکێنانەیە کە بێ هۆ زۆر جار تاڵەبانی کردوونی.

بەڵام من بۆخۆم شتێک لەو وتەیەی تاڵەبانی دەخوێنمەوە کە پێموایە بەتەواوی واقیعی و ڕاست و دروستە، جا تاڵەبانی مەبەستی بووبێت یان نا.

ئەویش ئەوەیە کە دەشێت وتەکەی تاڵەبانی وا شرۆڤە بکەین ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا تائێستا هەیە و ستراتیژەکەی "دەوڵەتێکی کوردی سەرتاسەری یەکپارچەیە" و لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان پێکدێت "خەونە"و خەونی شاعیرانیشە.

من پێموایە ئەو ستراتیژە واتە دەوڵەتی سەرتاسەریی کورد، ئەوەی پێیدەگوترێ دەوڵەتی کوردستانی گەورە و یەک ڕێبەری و یەک سەرۆکی نەک هەر خەونە، بەڵکو لەتاڵەبانی زیاتر دەڕۆم و پێموایە خەوەو خەوێکی بەتاڵیشە و لەباربەری خەونی ڕاستەقینەی کوردانیشە.

لەماوەکانی ڕابردووی کۆن و نزیکیشدا شاهێدی ئەوە بووین کە چۆن ئەو خەوە بەتاڵە هەوڵی هەبوو بۆ لەناوبردنی خەونە ڕاستەقینەکان.

بە بۆچوونی من، هەموو هەوڵێک بۆ هێنانەدی خەوی یەکدەوڵەتی و یەک ڕێبەری بۆ کوردستانی گەورە لەباربەری خەونی ڕاستەقینەی دەوڵەتی کوردی و پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کوردە لە هەریەک لەو پارچانەدا.

بەبۆچوونی من خەونی واقیعیی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، چوار خەونە و چوار پرۆسەیە کە دەرئەنجامەکەی چوار دەوڵەتە بۆ چوار پارچەکە و چوار ڕێبەرە نەک یەک ڕێبەر یان یەک سەرۆک.

بۆ ئەوەی باشتر لە فرەدەوڵەتیی بۆ کورد تێبگەین، دەکرێت نەتەوەی عەرەبی نزیک لەخۆمان بە نموونە وەربگرین.

هەموو پێمانوایە نەتەوەی عەرەب خاوەنی دەوڵەتن، بەڵام هەمووشمان دەزانین عەرەب خاوەنی یەک دەوڵەت نین، بەڵکو خاوەنی نزیکەی 22 دەوڵەتن. تەنانەت هەرگیزیش جیهانی عەرەب سەقامگیری و ئارامی بەخۆوە نەبینی تا ئەو 22 دەوڵەتەی لێ دروست نەبوو.

هەمیشەش لەناو عەرەبدا هەروەک ئێستای کورد وڕاوەی دەم خەوی ئەو یەکدەوڵەتییە هەبووەو یەکێکیش بووە لەهەڕەشەکانی سەر بوونی عەرەب، نەک فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونی.

بەڵام دواجار ئەو خەوە پووچەی عەرەب کۆتایی هات و عەرەب وازیان لەو خەوە هێنا، ڕاچڵەکین و ئێستا واقیعیانە لەبوونی فرەجەمسەرییانەی خۆیان دەڕوانن.

خەوی بە یەک دەوڵەتکردنی ئەو 22 دەوڵەتەی ئێستای عەرەب چەندێک لە واقیعەوە نزیک بوو، پێموایە خەوی یەکدەوڵەتیی بۆ هەموو کوردی دونیا و چوار پارچەکەش هەر ئەوەندە لە واقیعەوە نزیکە.

ڕێگەدان بەوەی هەر پارچەیەک لەپارچەکانی کوردستان خەونی تایبەت بەخۆی و دواتر پرۆسەی بەدەوڵەتبوونی تایبەت بەخۆی هەبێت، هەر ئەمە ئەو ڕێگا واقیعیەیە کە خەونەکانی بەدەوڵەتبوونی کوردستان لە جیهانی نوێدا دێنێتە دی.

کرۆکی تیۆرەی چوار دەوڵەتی کوردی لەلای من پەیوەستە بە خوێندنەوەی کورد بۆ فرەجەمسەرییەکانی خۆی و دیفاکتۆکانی خۆی لە هەر پارچەیەکدا.

هەر پارچەیەک خاوەنی سیاسەت و ڕێبەر و پرۆسەی تایبەت بەخۆیەتی و هیچ پێویست نییە ئێمە لە پارچەیەکەوە خۆمان بە تەواوکەری پارچەیەکی دیکە بزانین و ببین بە بەشێک لە سیاسەت و لەپرۆسەکانی و خۆمان بەچارەنووسیەوە ببەستینەوە.

بەمشێوەیەش دەشێت لە دوارۆژدا شاهێدی چوار دەوڵەتی کوردی لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بین.

ڕووداو
ژمارە (294) دووشەممە 2014/1/20



سەلاحەدین چەلیک

# تراژیدیای دادوەری لە تورکیا

لە شەڕی نێوان AKP و گرووپی گولەندا، وردە وردە هەموو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن. بۆ نموونە پێوەری دادوەری لە تورکیا ئاشکرا دەبێت. بەپێی زانیارییەکانی کاربەدەستێکی AKP بۆ دەزگاکانی میدیا "گرووپەکە بڕیاری دابوو هەریەک لە ئەکادیمیکاری تورک، فەرهاد کەنتەر، ڕۆژنامەنووس جەنگیز چاندار و ئەحمەد هاکان لەسەر کێشەی KCK و تەلەڤزیۆنی ئۆدا دەستگیر بکات. بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گوتبووی "بەو شێوەیەش نابێت" و بەهۆیەوە ئەو سێ ڕۆشنبیرە لە دەستگیرکردن ڕزگاریان بوو".

ئەو دانپێدانانانە گومانەکان پشتڕاست دەکاتەوە کە: زیندانییە سیاسییەکان، ئەوانەی زۆربەیان لەسەر دۆسیەی KCK گیراون، بەهۆی حەسوودی و تۆڵەسەندنەوە دەستبەسەرکراون.

دادوەر و داواکاری گشتی ئەفسەرانی دەسەڵات و جەماعەت بوون. ئەفسەرانی جەماعەت لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە، ڕکابەرەکانیان دەستبەسەر دەکردن. ئەوەش کۆنە ڕێبازێکی ئیتیحاد و تەرەقی (1908-1918)یە. لە سەردەمی کودەتای سەربازیشدا، ئەفسەرانی سوپا سزایان بۆ زیندانیانی کورد دەستنیشان دەکرد و بەهۆی دادوەرەکانەوە بڕیاری فەرمییان دەردەکرد.

دیارە ڕووداوەکان ئەم بەندەوارییە دروست دەکەن کە دەبێ هەندێک هەنگاو بنرێن لەبارەی زیندانیانی کورد. بەڵام هەلومەرجەکە دەرفەت نادات، چونکە AKP لەسەر مەسەلەی بڕیاری دادگاکان هاوکاری جەماعەتە. بەڵام چونکە دەسەڵاتدارە بەرپرسیارێتی فەرمی لە ئەستۆدایە. تاوەکو زیندانییەکان ئازاد نەکرێن، ناتوانێت خۆی لەم هاوپەیمانییە ناپاک و نەژادپەرستانەیە بشوات.

### ئەوەی پیرۆزە دەوڵەتە ئەوی دیکە هیچ

شەڕی دەسەڵات لە مێژووی تورکیادا و تاوەکو ئێستاش لەنێوان گرووپە کەمالیست/ سکولارەکاندا هەیە. ئەوە یەکەمجارە گرووپە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. واتە دەوڵەت بە تەواوی لەژێر دەستی ئەواندایە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە تورکە موسڵمانەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەڕەشەی ئاشکراکردنی گرتە ڤیدیۆی سێکسیی یەکتری دەکەن. دیارە لەخۆیانەوە نەیانگوتووە: دەسەڵات هەنگوینە، مرۆڤەکان لە دین و ئیمان دەکات. لە کۆتاییشدا ئەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا: دەوڵەت و دامودەزگا کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتێکی سێبەر (شاراوە) لە تەنیشت خۆیان قبوڵ ناکەن.

بەرژەوەندی دەوڵەت ئاین و دیموکراسی ناناسێت. پارتە شەڕخوازەکانیش ئەگەرچی کراسی ئیسلامیشیان لەبەرکردبێت، بەڵام سەری خۆیان بۆ پیرۆزی دەوڵەت دادەنوێنن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا کەمالیست یان ئیسلامییەکان لەبنەڕەتەوە چییان لە تورکیا گۆڕیوە؟

### ئەویش لەگەڵ تاوانەکانی ڕۆیشت

کۆنە جەنەراڵی سوپا، تیۆمان کۆمان یەکێک بووە لە توندترین کۆنتەرگەریلاکان و نەیاری سەرسەختی گەلی کوردیش بووە.

تیۆمان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری (TİB)، واتە سەرۆکایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو. (TİB) ڕێکخراوێکی دەزگای شەڕی تایبەت (OHD) بوو کە ساڵی 1983 دامەزرابوو و ئەندامانی لە ئەفسەرانی سوپا پێکدەهاتن.

ئەوان لە وڵاتانی ئەورووپا ڕێکخراوی کۆنتەرگەریلای تورکیایان دامەزراندبوو. کردەوەکانی ئەم دەزگایە دەکرێ گەیشتبێتە کۆمەڵکوژی پاریسیش لە 9ی کانوونی دووەمی 2013.

تیۆمان کۆمان هەروەها لە پشت دامەزراندنی دەزگای دژەتیرۆری سەربازی (JİTEM) بووە لە ساڵانی 1986-1987. لەنێوان ساڵانی 1988-1992 ڕاوێژکاری دەزگای سیخوڕیی تورکیا (MİT) بووە. ژیانی تیۆمان کۆمان کودەتا، توندوتیژی و کۆمەڵکوژی بووە.

لەسەر ڕووداوی سوسورلوک (کۆتایی 1996 و دواتر)، کۆمیسیۆنی پەرلەمانی تورکیا داوای لێکردبوو ئیفادە بدات. بەڵام ئەو تەحەددای پەرلەمانتارانی کرد و ڕەتیکردەوە، تاوەکو لە گوڵانی 2012 لەسەر کەیسی "28ی شوبات" دەستبەسەرکرا. لە 28ی شوباتی 1997 کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیی دژی کۆمان هەندێک بڕیاری دەرکردبوو کە گۆڕانکاری گەورەیان لە تورکیا دروستکرد لەسەر ژیانی سیاسی، کارکردن، دادوەری و کۆمەڵایەتی. بۆیە 28ی شوبات وەکو کودەتایەکی سەربازی پۆست- مۆدێرن ناودەبرێت. حکومەتی AKP لە ساڵی 2012دا کەیسی 28ی شوباتی کردەوە و زۆر جەنەراڵی سوپا دەستبەسەرکران و دادگایی کران.

تیۆمان کۆمان بە بەهانەی نەخۆشی لە مانگی ئەیلولی ڕابردوودا ئازادکرا و بەبێ دادگایی کۆچی دوایی کرد (1936-14/12/2013).

نازانم دونیایەکی دیکەی خاوەن دادوەری هەیە؟ خۆزگە هەبێت بۆ ئەوەی تیۆمان و کەسانی هاوشێوەی سزای تاوان و کوشتنەکانیان بدەن.

### کوردستان دایکە؟

لە شاری ئامەد وشەی کوردستان لە دەمی ئەردۆغانەوە دەرچوو. ئەوە زۆر کەسی سەرسام کرد. ڕووداوەکە لەوێ نەوەستا و بووە بابەتی توێژینەوە و شرۆڤەکاری دەزگاکانی میدیا، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، دژایەتیکردن، هەڕەشەکردن و دانوستاندن لەنێوان پەرلەمانتاراندا. تەنانەت هەندێک دەستیانکرد بە پێوان و دەستنیشانکردنی سنوورەکانی کوردستان.

من دووڕوویی AKP و بێدەسەڵاتی ئێمە لەو بابەتەدا دەبینم. چونکە پەرلەمانتار و وەزیرەکانی AKP لە نووسراوی فەرمییاندا دەستەواژەی کوردستان بەکارناهێنن.

بۆ نموونە: تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا ناڵێ هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەڵێ "باکووری عێراق" تەنانەت لە کاتی سەردانیدا بۆ کوردستانیش (لاپەرە 11ی ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە 227).

من دەڵێم بێ دەسەڵاتی ئێمە، چونکە ئایا دەکرێ مرۆڤ بێ وڵات بێت؟ ئایا مرۆڤەکان لە خوڵ دروست نەکراون؟ ئایا ئەو خاکەی مرۆڤ لێی دروستکراوە نیشتیمانی دایک نییە؟ ئایا هەر مرۆڤێک شانازی بە وڵاتی خۆیەوە ناکات، ئەوجا خۆش بێت یان نا؟ ئایا وڵات و خۆشەویستی وڵات پێویستی بە پەسەندکردنە لەلایەن خەڵکی بیانی؟ ئێمەی کورد بەرهەمی کوردستانین، نەک کوردستان بەرهەمی ئێمەیە. ئێمە دەبێ خۆشمان بوێت و کاربکەین بۆ ڕزگارکردنی جوانی و بەرهەمی ئەو نیشتیمانە لە کۆیلەیەتی و دەستدرێژیی بیانیان بیپارێزین. تەنها ئەوکاتەش دەتوانین سەرفراز بین.



هێمن عەبدوڵڵا

# ئاگاداربە لیژنەکە فشەیە!

لە کوردستان هەر گۆنگەڵێک حکومەت پێی کۆنترۆڵ نەکرا و لەوە دەرچوو کە بێدەنگی لێبکرێت، لیژنەیەکی بۆ پێکدەهێنرێت. ئەگەر دنیا خەراپ بێت و خەڵک لەسەری نەیەتە سەرشەقام، حکومەت مێش میوانی نییە، بەڵام هەرشتێک دوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی و سێ ماڵپەڕ لەسەری کردیانە هەڵڵا، وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارێتیی کوردستان ئەوەیە کە لیژنەیەک بۆ "لێکۆڵینەوە" لە "ڕووداوەکە" پێکدەهێنێت.

لێرە وشەی "لێکۆڵینەوە" مانای جیاوازی هەیە. دەکرێ بە مانای "کاتکوشتن" یان "دیزەبەدەرخۆنەکردن" یانیش "دامرکاندنەوەی تووڕەیی خەڵک" بێت. بۆیە کاتێک خەڵک گوێی لێدەبێت کە لیژنەیەک بۆ "لێکۆڵینەوە" لەسەر فڵان "ڕووداو" پێکهێندراوە، بزەیەک دەبێتە میوانی لێوەکانی و دەڵێ "کەواتە فشەیە!"

لە هەموو دنیادا لیژنە لەحاڵەتێکدا پێکدێت کە کەیسێکی ناوازە هەبێت و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات بیری لە چارەسەر بۆ ئەو کەیسە نەکردبێتەوە. دەنا کەیسی کوشتنی کەسێک، ئاشکرابوونی گەندەڵی لە دامودەزگایەکی دەوڵەتدا، پێکنەهێنانی حکومەت لە وادەی خۆیدا یان دانەنیشتنی پەرلەمان دوای سەد ڕۆژ لە هەڵبژاردن و هیچ کەیسێکی دیکەی هاوشێوە، پێویستی بە پێکهێنانی لیژنە نییە.

مادام پۆلیس و دادگا لە وڵاتدا هەن، بۆچی پێویست دەکات لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنی کەسێک پێکبێت؟ مادام دەزگای چاودێریی دارایی و ئەستۆپاکی هەن و دادگاش بۆی هەیە کاری خۆی بکات، چ پێویست دەکات لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەندەڵیی دامودەزگاکان پێکبێت؟ کاتێک سەرۆکی وڵات هەیە و پەرلەمان هەڵبژێردراوە، بۆچی دەبێ لیژنە بۆ پێکنەهاتنی حکومەت پێکبێت؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە یەک ڕستەیە، ئەویش ئەوەیە کە "سیستممان نییە".

ئێستا ساڵی 2014یە. ئەو نەوەیەی لەکاتی کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 لەدایکبووە، لەسەر فەیسبووک دەکەپڵێنێ، جلی مارکە نەبێ لەبەرناکات و لە دوو ڕستەش کە دەیڵێت یەکێک و نیوی ئینگلیزیی تێدایە. ئیدارەی کوردی تەمەنی ئەو نەوەیەی هەیە، کەچی هێندە بێ سیستمە کە تەنانەت بۆ پژمینی پشیلەیەکیش لیژنە پێکدەهێنێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# گەمەکانی نەوت لە بەغدا

ئەم هەفتەیە ئەنجوومەنی وەزیران لە بەغدا بودجەی 2014یان، سەرەڕای چوونەدەرەوەی ئەندامانی کوردی نێو حکومەت و نائامادەیی سوننە تێپەڕاند. هەرچەندە هێشتا دەبێ پەرلەمان دەنگ لەسەر ئەو بودجەیە بدات کە 10 ڕۆژە لە پشوودایە، پێشنیازەکان وەکو زللەیەک بوون لە ڕوومەتی کورد.

لە پرۆژەی بودجەدا هاتووە ئەگەر کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی بۆریە نەوتی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندییەوە هەناردە نەکات، ئەوا بەشە بودجەی خۆی پێناگات. پرۆژەی بودجە هەروەها هیچ باسی دانی کرێی ئەو کۆمپانیایانە ناکات کە لە کوردستان کاردەکەن، تەنانەت ئەگەر کوردستانیش ڕۆژانە ئەو 400 هەزار بەرمیل نەوتە بخاتە نێو تۆڕی گواستنەوەی نیشتیمانی، یان هیچ شتێک لەبارەی بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی کوردستان بەهۆی کردەوەکانی ڕژێمەکانی ڕابردوو (وەک لە ماددەی 112ی دەستووردا هاتووە) ناکات. بودجەکە لەوەشدا شکستی هێناوە کە پێنج دۆلار لە هەر بەرمیلێکی بەرهەمهێنراو بگەڕێنێتەوە بۆ پارێزگاکان، وەک لە یاسای دەسەڵاتی پارێزگاکاندا ئاماژەی پێکراوە، لەبری ئەوە یەک دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دانراوە.

ئەمە لە کۆنتێکستی بەردەوام بەرەو سەربەخۆییچوونی پیشەسازی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت، وەک لە گۆشەکانی پێشووتر و ڕاپۆرتەکانی ڕووداودا ئاماژەم پێکردووە. تەنانەت پارێزگاکانی وەکو نەینەوا، واست و بەسرەش بەم دواییە زیاتر و زیاتر پەیڕەوی لە "ستایلی کوردی" دەکەن لە سەربەخۆیی سیاسەتی سەرچاوە سروشتییەکان و بەتەنیا خۆیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کۆدەبنەوە بۆ قسەکردن لەبارەی دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نوێیەکان.

ماددەی 111ی دەستووری عێراق دەڵێت نەوت و غازی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ هەموو عێراقییەکان، کوردستان و سەرکردەکانی هەموو پارێزگاکان هەمیشە ئەوەیان قبوڵ بووە کە دەبێ داهاتی نەوت بەشی هەموو وڵاتی لێبدرێ، بێ گوێدان بەوەی نەوت لە کوێ دەردەهێنرێت. بۆ کورد، ئەوە بەواتای 17%ی داهاتەکە دێت.

### ڕەفتارەکانی حکومەتەکەی مالیکی دەربڕی باشترین ڕێگایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق

بێگومان بیرمەند و کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی ئەمریکا ڕووداوەکانی ئەم دواییە بە هەوڵێکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران دەزانن بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی.

نووسەرێک دەڵێت "ئەگەر کوردستان نەوتی خۆی هەناردە بکات، ئەوا هەموو پارێزگاکان دەیانەوێ هەمان شت بکەن".

ڕێک وایە- ئەمە واتای فیدراڵیزم و نا مەرکەزییەتە کە زیاتر لە 78%ی عێراقییەکان لە ریفراندۆمی دەستووردا لە ساڵی 2005 دەنگیان بۆ داوە.

پشکی 17%ی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق یەکسانە بە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل لە ساڵێکدا، توانایەک کە دەبێ کورد لە مانگێکدا هەیبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەی بەغدا، ئەی چی ئەگەر کورد توانی بەرهەمەکەیان بەرزبکەنەوە بۆ 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا تا کۆتایی 2014؟ خەمڵاندنەکان بەوجۆرەن کە تا ساڵی 2016 بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دەگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ئەمە زۆر لەوە زیاترە کە لە بەشە بودجەی بەغداوە دەستیاندەکەوێت، تەنانەت ئەگەر بەغداش ڕاستگۆ نەبێت لە هەژمارکردنی خەرجییەکانی خۆی و ناردنی کەمتر لە 17% بۆ هەولێر کە لە ڕابردوودا وای کردووە. ڕەنگە کورد دڵگەرم بن و بڵێن "بودجەی خۆتان بۆ خۆتان، دەوڵەتەکەشتان با بۆخۆتان بێت- ئێمە دەڕۆین و ئەو "ناوچە جێناکۆکانە"ش لەگەڵ خۆمان دەبەین کە پێشتر کۆنترۆڵمان کردوون".

حکومەتی ئەمڕۆی تورکیا وێدەچێ ئەم جۆرە شتانە ڕێک قبوڵ بکات، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نەوت و غازە هەرزانەی لەو نێوەدا دەستیدەکەوێت.

ڕەفتاری حکومەتەکەی مالیکی لە ڕاستیدا دەربڕی باشترین ڕێگایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق. هەرچەندە باوەڕم وایە کە مالیکی زیاتر خەریکی مامەڵەیە نەک هەوڵێکی جددی بۆ شێوەگرتنی بودجەی 2014، هەڕەشەی ئەمساڵ بەرچاوترین گورزە لە دژی کورد. هەڕەشەکانی پێشووی بەغدا بۆ خستنە لیستی ڕەشی ئەو کۆمپانیایانەی گرێبەست لەگەڵ کوردستان واژۆ دەکەن، یان هەڕەشەی دانە دادگایان، هەموویان پووچەڵ بوون.

دواجار کە بەدواداچوونم بۆ کرد، ئێکسۆن مۆبیل گرێبەستێکی لەگەڵ کوردستان واژۆ کرد و هێشتا پشکێکیشی لە کێڵگەکانی باشوور هەر ماوە، لەکاتێکدا پارێزەرانی گەنێڵ ئینێرجی، DNO و گوڵف کیستۆن بێ ئیش دانیشتوون و هیچ مەسەلەیەکی یاساییان نییە لەگەڵ بەغدا تا بەدوایدا بچن. لە ڕاستیدا دەبوایە بەرپرسانی حکومەتەکەی مالیکی تکایان لە ئێکسۆن مۆبیل کردبا لە باشووری عێراق بمێنێتەوە و هەموو پشکەکانی لە کێڵگەکانی ئەوێ نەفرۆشێ، وەک ئێکسۆن هیچ شتێکی دیکەی نەدەویست بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی بەغدا ئەنجامی بدات.

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی فەلوجە و ڕومادی، ئەم جۆرە وەڵامە لە کوردەوە لەم کاتەدا هەواڵێکی خراپتر دەبێت بۆ بەغدا وەک بۆ هەولێر.

لەبەرئەوەیە کە پێموانییە دۆخەکە بەوجۆرەی لێبێت. مالیکی و وەزیرەکانی خەریکی ئۆینن.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# 2014 ساڵی ژینگە لەعێراق

بەپێی بڕیارێکی ساڵی پاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، ئەمساڵ ساڵی ژینگەیە لە عێراقدا و بەم بۆنەیەشەوە وەزارەتی ژینگەی عێراق ئەم چالاکیانەی لای خوارەوەی دەبێت:

1- خەڵاتی باشترین توێژینەوەی ژینگەیی بۆ خوێندکارانی دوا قۆناغەکانی زانکۆ و خوێندنی باڵا.

2- خەڵاتی باشترین توێژینەوەی خاوەن ڕەهەندی ژینگەیی بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی.

3- سازکردنی پێشبڕکێی باشترین بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی لەلایەن هونەرمەندان و ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسانەوە لەڕێی ڕێکخستنی فیستیڤاڵێکی تایبەت بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکانیان.

4- ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی زانستیی نێودەوڵەتی لە مانگی نیسانی 2014 و بانگهێشتکردنی ژمارەیەک لە توێژەران و ئەکادیمیانی ناوخۆو دەرەوە.

5- ڕێکخستنی پێشبڕکێیەک بۆ باشترین پرۆژەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە خزمەت بە پاراستنی ژینگە و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵگە بکات و وەزارەتیش تێچووی جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەئەستۆ دەگرێت.

6- پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی باشترین چالاکیی هونەری و ئەدەبیی تایبەت بە منداڵان.

7- پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی باشترین پرۆژەی نیشتەجێکردن بەپێی پێوەر و ستاندارده ژینگەییەکان.

8- ڕێکخستنی پێشانگەیەک بۆ ئەو بەرهەم و ئامێرو پێداویستییانەی کە هاوڕێی ژینگەن.

9- ڕێکخستنی چوار پێشبڕکێ بۆ بۆ باشترین شاری گونجاو لەگەڵ پێوەر و ستاندارده ژینگەییەکان.

10- ڕێکخستنی پێشبڕکێی باشترین زانکۆ و باشترین قوتابخانە بەپێی پێوەر و ستاندارده ژینگەییەکان.

11- پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی باشترین چالاکیی پیشەسازیی و خزمەتگوزاری و کشتوکاڵی.

12- پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی باشترین دیزاینی دروشمی ساڵی ژینگە.

13- پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی باشترین بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لەبواری هەڵمەتی نەمام چاندن و جوانکردن.

ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لەئەنجامی زۆربوونی کێشە ژینگەییەکانە لەم وڵاتەدا، وەک ئەوەی لەجیهاندا پێش دەیان ساڵ ڕوویدا لەگەڵ دەرکەوتنی شوێنەواری جەنگەکان و خراپ بەرەو پێشچوونی پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین مەکینە و دروستکردنی زۆر کارگەی نایاسایی و زیادبوونی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە و گوێنەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئایندە و زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە و کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی و کشانی ئاسۆیی شارەکان و زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگەو هۆکارەکانی گواستنەوە و تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخنەدان بەشوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و.. هتد. هەموو ئەمانە ئەوسا پاڵی بەزۆر توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە نا کە هەڵوێستەیەک بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی ناڕەزایی و هاواری ترسناکی و ئاگادارکردنەوە لەزۆر لاوە بڵندبوو، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تادێت دەستەو کۆمەڵە و گرووپ و لیژنەو وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لەوڵاتان دێنە ئاراوە، بەجۆرێک کە ڕۆژ نییە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگە و مەترسیەکانی پیسبوون نەکرێت.

عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەسایەی دەستکردن بەپەرەپێدانی فراوان، واچاوەڕوان دەکرێت لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی ژینگەی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی قەرەباڵغ و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بەهۆکارەکانی گواستنەوە، زیادەڕەوی لەبەکارهێنانی سامانی سروشتی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و ژینگەی ڕۆشنبیری.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگەو چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەک ئەرکی تاک و کۆمەڵگەشە لەهەمان کاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لەجاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن یان کەم بکرێنەوە.

پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستووەتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنوورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی دیکەش لەجیهاندا.

ئێمەش کە بەشێکین لەم دنیایە و لەسەر یەک خاک دەژین و یەک چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆماندەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی تواناو لەسنووری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێک بنێت لەڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

منیش هاوکات لەگەڵ ساڵی ژینگەدا لە عێراق، بەنیازم بابەتەکانی ئەمساڵم لە هەفتەنامەی (ڕووداو)دا بۆ باسی ژینگە و کێشەکانی تەرخان بکەم.

www.prdek.com

***نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخانی ڕژێم.**

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

هانی:

## پێم شەرم نییە بچمە خوازبێنی کوڕێک

11



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net


